## کورتە مێژوویەکی

# وەرزش و ئۆڵەمپیك

## کورتە مێژوویەکی

# وەرزش و ئۆڵەمپیك

مەهدی بەدری

## دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

**کورتە مێژوویەکی وەرزش و ئۆڵەمپیک**

- نووسینی: مەهدی بەدری
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- پیتچنین: لەیلا حوسێنی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- ژمارەی سپاردن: ٩١٩
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٠٩
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٤٠٢)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com




## پێشکەشە بە:

گیانی پاکی هاوڕێیانی خۆشەویستم "فەرەیدون بەهرامی و محەمەد رەزایی" بەداخەوە جوانەمەرگ بوون و بواری خزمەت کردنی زۆرتر بە وەرزش و لاوانی شارەکەیان پێ نەدرا .

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ ٩

ئۆڵەمپیک ........ ١١

کورتە مێژوویەکی ئۆلەمپیکی نوێ ........ ٢٣

یارییەکانی ئۆلەمپیکی زستانی ........ ٣٩

ئەنجوومەنی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک ........ ٤١

ئەنجوومەنی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیکی ئەفریقیا ........ ٤١

کۆمیتەکانی ئۆلەمپیکی ئەوروپا ........ ٤٢

ئەنجوومەنی ئۆلەمپیکی ئاسیا ........ ٤٤

ڕێکخراوی وەرزشی پان ئەمریکان ........ ٤٥

کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆلەمپیکی ئۆقیانووسییە ........ ٤٦

فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان ........ ٤٦

چۆنییەتی هەڵبژاردنی تیپەکان و یاریزانان بۆ بەشداری لە ئۆڵەمپیک ........ ٥٠

دەستووری ئۆڵەمپیک (١٩٩٧) ........ ٥٠

مەرجەکانی بەشداری لە یارییەکانی ئۆلەمپیک ........ ٥١

پارائۆڵەمپیک ........ ٥٩

یاری جوانمێرانە ........ ٦٣

وەرزش و راگەینە گشتییەکان ........ ٦٩

دەوڵەت و وەرزش ........ ٧١

سەربەخۆیی کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک ........ ٧٣





سەرچاوەکانی داهات ........ ٧٧

داهاتی وەرزشەوانان ........ ٧٩

سەرچاوەکانی داهاتی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیک ........ ٨٣

فیدراسیۆنە نەتەوەییەکان ........ ٩٠

جامی جیهانی فووتبۆڵ ........ ٩١

کورتە مێژوویەکی جامی جیهانی فووتبۆڵ ........ ٩٣

پێشبڕکێی کیشوەرەکان ........ ١٠٦

یارییەکانی وەرزشی ئەفریقی ........ ١٠٦

پێشبڕکێی ئاسیایی ........ ١٠٧

یارییەکانی پان ئەمەریکان ........ ١١٠

پێشبڕکێی جیهانی خوێندکارانی زانکۆ ........ ١١١

جامی نەتەوەکانی ئەوروپا ........ ١١٣

جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا ........ ١١٨

جامی نەتەوەکانی ئاسیا ........ ١٢٢

جامی یانەکانی ئەوروپا ........ ١٢٧

باشترین یاریزانانی فووتبۆڵی جیهان ........ ١٣١

وەرزشی ژنان ........ ١٣٣

دۆپینگ ........ ١٣٩

ئەلبوومی مێژوو ........ ١٤٣

سەرچاوەکان ........ ١٥٢

## پێشەکی:

وەرزش بەشێکی سەرەکی ژیانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا پێکدێنێ و شوێنەواری لە ژیان و بەشەکانی دیکەی ژیان زۆر زەق و بەرچاوە. لە سەدەی بیست وەرزش وەکو دیاردەیەکی نوێ خۆی دەنوێنێ و ئەو وڵاتانەی گرینگییان پێداوە و ئیمکاناتیان بۆ تەرخانکردووە کەمتر تووشی گرفتی کومەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگای خۆیان بوون. لەبەر ئەوەی وەرزش جیا لەوەی بەشێك لە ژیانی مرۆڤ بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکا، لە بواری ماددی و مەعنەوییەوە شوێنەواری تایبەتی دادەنێ و لەم سەردەمەدا وەکو دیاردەیەکی نوێ لە نێو سیاسەت و ئابووریدا خۆی دەرخستووە. بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان بە پەرەپێدانی وەرزش لە نێو لاوانی وڵاتەکەیان و تەرخانکردنی ئیمکاناتی تایبەتی توانیویانە هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری ئابوورییەوە بەشێکی زۆر لە گرفتەکانی نێوخۆیی وڵات چارەسەر کەن. بە وێنە وڵاتی بەرازیل بە وڵاتی فووتبۆڵ ناسراوە و بە پێی دوایین سەرچاوە زیاتر لە (٧٠٠) یاریزانی فووتبۆڵی ئەم وڵاتە لە یانەکانی ئەورووپا، ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمریکا یاری دەکەن و لەو ڕێگایەوە ساڵانە بە میلیارد دولار دێتە وڵاتی بەرازیل و لەو وڵاتەدا سەرمایەگوزاری دەکرێ.

بەداخەوە وەرزش لە کوردستاندا بەوشێوەیە کە پێویستە گرینگی پێ نادرێ. لەم سەردەمەدا زیاتر لە (٧٠) فیدراسیۆنی جیهانی وەرزشیی بەڕێوەبەری زیاتر لە (١٥٠) یاری وەرزشی لە ئاستی جیهان دایە و بە سەدان یاری وەرزشی کە لە ئاستی جیهانیدا بەڕێوە دەچێ سەرپەرشتی دەکا. بەڵام لە کوردستاندا، ڕێژەی ئەو وەرزشانەی کە ئیمکاناتی زۆر سەرەتاییان بۆ تەرخانکراوە ژمارەیان لە ژمارەی قامکەکانی هەردوو دەست تێناپەڕێ. تەنانەت بەشێکی زۆر لە یارییە وەرزشییەکان لە کوردستاندا ناویان نەبیستراوە. بەداخەوە فێربوون و ڕاگەیاندنی وەرزشی لە کوردستاندا زۆر لاوازە و کتێبخانەی کوردی لەو بارەدا زۆر فەقیر و کەم ڕەنگە. دەزگا ڕاگەینە گشتییەکان لە تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کەمتر کات و لاپەڕەکانیان



بۆ وەرزش تەرخاندەکەن و ئەگەریش ئەو کارە بکەن زۆر بە شێوەیەکی لاوەکی و بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕێك لە ڕۆژنامەکە بووە. ئەوە لە کاتێکدایە ئەرکی ئەو دەزگا ڕاگەینە گشتییانە زۆر گرینگە و ئەوانن دەبێ لە بواری فێربوونییەوە وەرزش و یارییەکان لە نێو کومەڵگای کوردستاندا، بە جەماوەر و لاوان بناسێنن و تازەپێگەیشتووان هان بدەن تا ڕوو لە وەرزش بکەن. بە دوای ئەوەی وەرزش لە ڕێگای دەزگا ڕاگەینە گشتییەکان ناسێندرا، ئەوکات ئەرکی یانەکان و بەڕێوەبەرانی وەرزشیی تا بە تەرخانکردنی ئیمکاناتی تایبەتی ئەو یارییانە لە کوردستاندا بکەنەوە.

مێژووی وەرزش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ مێژووی ژیانی مرۆڤ هاتووە و ئینسان هەر لە کۆنەوە تێکوشاوە تا بە یاری جۆراوجۆر خۆی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سروشت و حەیواناتی دڕندە پێبگەینێ. ئەو یارییە کۆن و جۆراوجۆرانە بە درێژایی مێژوو وەکو یارییەکی وەرزشی دەرهاتوون و لەم سەردەمەشدا بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە نێو گەلانی جیهاندا بەڕێوە دەچن.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، بە پێویستم زانی هەرچەند بە کورتیش بێ مێژوویەکی سەرهەڵدانی وەرزش و ئۆڵەمپیك کە کۆنترین یاری و پێشبڕکێی وەرزشییە بنووسمەوە تا هەم خزمەتێکم بە کتێبخانەی وەرزشی کوردی کردبێ و هەم ببێتە هاندەرێك بۆ پسپۆڕان و شارەزایانی وەرزش، بەڵکو لەو بوارەدا هەنگاو هەڵگرن و ئەزموون و شارەزایی خۆیان پێشکەشی لاوان و نەوەکانی داهاتوو کەن.

نووسەر

## ئۆڵەمپیك:

مرۆڤ هەر لە کۆنەوە تێکۆشاوە بە حەرەکەت و جووڵەی جۆراوجۆر و خۆماندوو کردن، لەشی بەهێز و چالاك بکا، تا لە بەرامبەر سروشت و گیانلەبەری دڕندە و داگیرکەراندا، توانایی بەربەرەکانی هەبێ. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە، بە هۆی نەبوونی ئیمکانات و کەرەستەی پێویست بۆ ژیان، مرۆڤ لە بەر ناچاری پەنای بردووەتە بەر هێز و توانایی خۆی تا بتوانێ بە سەر کەند و کۆسپەکانی ژیاندا زاڵبێ و درێژە بە ژیانی خۆی بدا. ئەو شێوە ژیانە تەنانەت شوێنەواری لە سەر کاتەکانی پشوو و حەسانەوە دانابوو، هەر بۆیە لەو کاتانەدا بۆ رابواردن و خۆپێگەیاندنی خۆیان وەکو یارییەکی تایبەتی بەڕێوەیان بردووە. وردە وردە ئەو جۆرە یارییانە تێکەڵاوی ژیانیان بووە و وەکو فەرهەنگ و دابونەریتی ئەو گەلانە دەرهاتووە، هەر بۆیە لە رۆژانی تایبەتی و لە چوارچێوەی رێورەسمەکانیاندا بەڕێوەیان بردووە.

بە پێی دابونەریت و فەرهەنگی ئەوکات، شێوە و جۆری یارییەکان جیاوازییان هەبووە. لە هەر ناوچەیەك شێوە یارییەك بەڕێوە چووە کە لە گەڵ سروشت و فەرهەنگی ئەو گەلە یەکی گرتووە. زۆران، هەڵاتن، هاویشتنی ڕمب، هاویشتنی بەرد، هەڵگرتنی قورسایی و ئەسپ سواری لەو جۆرە یارییانە بوون بۆ یەکەم جار مرۆڤ بەڕێوەی بردووە. هەرچی کات بەرەو پێش دەروا رێورەسمەکان و بەڕێوەبردنی یارییەکان گەورەتر و رێك و پێکتر دەبن. لە کۆنترین یارییەکانی وەرزشیی مێژووی ئینسان دەتوانین ئاماژە بە یارییەکانی یۆنانی کۆن بکەین، ئەو یارییانە دواتر بوون بە بناغەی دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆڵەمپیك. ئەو یارییانە نیزیکەی (١٣٠٠) ساڵ بەر لە زایین لە داوێنی زنجیرە چیاکانی ((ئۆڵەمپ)) بەڕێوەچووە، کە لە نێوان (تسالی و مەقدوونییە) هەڵکەوتووە و دواتر بە ناوی یارییەکانی ئۆڵەمپیك ناوبانگی دەرکرد.



یۆنانییەکان پێیان وابوو چیاکانی ئۆلەمپ شوێنی مانەوەی خوداکانیانن، هەر بۆیە ئەو شوێنەیان بەلاوە زۆر پیرۆز بووە، تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی جێژن و رێورەسمی مەزهەبی و ئاییینییەکانیان هەڵیان بژاردووە. وردە وردە ئەم رێورەسمە لەگەڵ بەڕێوەبردنی حەرەکاتی وەرزشی و هونەری تێکەڵ دبێ. ئەو یارییانە بە هەڵکردنی ئاوری پەرستگەی ئەو ناوچەیەکە لەلایەن لاوانی بەشداری یارییەکان بە مەشخڵی تایبەتی هەڵدەکرا، دەستی پێ دەکرد و تەواوی دەوڵەت و ویلایەتەکان و شارەکانی دەوروبەر بەشدارییان دەکرد و بە پێی رێکەوتن لە کاتی بەڕێوەبردنی یارییەکاندا، ئەو ناوچەیە لە ئاشتی و ئاسایش دەژیان. سەرکەوتووانی یارییەکانی ئۆڵەمپیکی کۆن تاجێکی دروستکراو لە گەڵای داری زەیتوونیان پێشکەشدەکرا و وەك پاڵەوانی شاری خۆیان دەناسران. ئەم یارییانە تەنیا تایبەت بە پیاوان بوون. ژنان تەنانەت مافی دیتنی یارییەکانیشیان نەبوو، هێندێك لە فەرماندەکانی یۆنان پێیان وابوو، بەشداری ژنان لەو یارییانە دەبێتە هۆی لاوازبوونی سەربازەکانیان. تا ساڵی (٦٠٠)ی پێش زایین یارییەکان لە ماوەی پێنج رۆژدا، بەڕێوە دەچوو کە پێکهاتبوون لە: ئەسپ سواری، بۆکس، بازدان، هاویشتنی رمب و دیسك و زۆران. بۆ ئەم مەبەستەش یاریگایەکی چوار هەزارکەسی دروستکرابوو.

سەرکەوتووبوونی یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە یۆنانی کۆن، دەگەڕێتەوە بۆ ئۆگری زۆری یۆنانییەکان بە بەربەرەکانی، هەروەها جوانی قەڵافەت و بارهێنانی فیکر و دەروونیان. لە سەردەمی ئەسکەندەری مەقدوونیدا، لە پەراوێزی یارییەکان هێندێك مەسائیلی بازرگانی و هۆگری یاریزانان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ماددی لە بواری مەعنەوییەوە زەبرێکی زۆری لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك وەشاند و لە گرینکی ئاییینی یارییەکانی کەم کردەوە. تا ساڵی (٣٩٣)ی زاییني یارییەکان بەڕێوە چوون و لەو ساڵەوە بە هۆی "تێئۆدۆسیوس" ئیمپراتۆری مەسیحی راگیراو لە ساڵی (٤٢٦)ی زایینیشدا، "تێئۆدۆسیوسی دووهەم " بریاریدا تەواوی بیناکانی ئۆڵەمپیك وێران کەن و دواتریش بوومەلەرزە و سێڵاو بە تەواوی ئاسەواری شوێنی بەڕێوەبردنی یارییەکانی

خسته ژێر گڵ. به دوای وێرانکردنی یاریگاو بیناکانی ئۆڵەمپیك زەبرێکی قورس لە وەرزش و یارییەکانی ئۆڵەمپیك کەوت. بە چەشنێك ئەم یارییانە بۆ ماوەی زیاتر لە چواردە سەدە بەڕێوە نەچوون و هیچ چەشنە یارییەکی دیکەی وەرزشیی لەو ماوەیەدا لە هیچ شوێنێکی جیهان بەڕێوە نەچووە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، "ئارکێولوژیتەکان "(شوێنەوارناسەکان) ئاسەواری وێرانەکانیی ئۆڵەمپیکیان لە قووڵایی (٤\٥) مەتری ژێر خاك لە "ترۆی و ئۆلەمپیا "دۆزییەوە. ئەم ئاسەوارە ئێستا وەك سەرنجڕاکێشترین شوێنەکانی وڵاتی یۆنان هەر ماون و ساڵانە بە دەیان هەزار توریست سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن و لە نێزیکەوە دەیبینن . بە دۆزینەوەی ئەم ئاسەوارە، وردە وردە بیری دەست پێ کردنەوەی یارییەکانی ئۆڵەمپیك زیندوو بووە. لەو پێوەندییەدا، کەسێکی فەڕەنسایی بە ناوی "بارون پییێردۆکوبرتن"لە پێشەوەی ئەو کەسانەدا بووە دەیانویست یارییەکانی ئۆڵەمپیك سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو بەڕێوەبردنی ئەم پێشبڕکێیە دەتوانێ قەرەبووی شکستەکانی ساڵی (١٨٧١)ی فەڕەنسا لە شەڕی پروس



بکاتەوە، هەروەها بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی وەرزشیی لە قوتابخانەکانی ئینگلیز زۆرتر ئەوی هاندا. وەرزش لەو قوتابخانانەدا، وەك بەشێکی سەرەکی و ژێرخانی فێربوونی جێی کردبووە و قوتابییان لە قۆناغەکانی فێربووندا لە ئاستێکی بەرزی وەرزشیدا گەشەیان دەکرد. هۆگری زۆری کۆبرتن بە فەلسەفەی کۆنی یۆنان و شێوەی ژیانی یۆنانییەکان یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی زیندووکردنەوەی یارییەکانی ئۆڵەمپیك



بوو. پەیکەرانی یۆنانی و کاری مێعماری و هونەری ئەو وڵاتە دیسان سرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. زمانی یۆنانی و لاتینی بۆ جارێکی دیکە لە پێرستی وانەکانی دەرسی قۆتابخانەکاندا دانراوە.

ساڵی (١٨٩٤)ی زایینی، هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی باس لە سەر ئوسوولی وەرزشی ئاماتۆر، کۆبرتن پێشنیاری کرد ئیمکاناتی بەڕێوەبردنی یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە جەریانی کاری ئەو کۆبوونەوەیە بڕیاری لە سەر بدرێ. (٧٩) نوێنەری (١٥) وڵاتی بەشدار لەو کۆبوونەوەیە بەدوای بیستنی شیعر و مۆزیکی یۆنانی بەتایبەتی سروودی"ئاپولو"کە بە شێوەیەکی سرنجڕاکێش لە لایەن کۆبرتن ئامادە کرابوو، بەتێکرای دەنگ بڕیاری دەست پێ کردنەوەی یارییەکانی ئۆڵەمپیکیان دا. بەم شێوەیە قۆناغی نوێی ئۆڵەمپیك لە ساڵی (١٨٩٦)ی زایینی لە شاری (ئاتێن) پایتەختی یۆنان بەڕێوە چوو.



## سروودی ئۆڵەمپیك:

ئەم سرووده له ساڵی (١٩٥٨) لـه لایـەن کۆمیتـەی نێونەتـەوەیی ئۆڵـەمپیك هەڵبژێردرا. مۆزیکی سروود ساڵی (١٨٩٦) "ئیـسپیر و سـامارا" دروسـتی کـرد و "کاستیس پالاماس" خوێندوویەتی.

**دەقی وەرگێردراوی سروودی ئۆڵەمپیك بە کوردی**

ئەی رۆحی نەمرو ئەبەدی
ئەی بەدی هێنەری راستی و چاکە و جوانی
رووناکیی خوا بنوێنە و بیبارێنە بە سەرمانا
بە سەر ئەم خاکەو لە ژێر ئاسماندا
کە بۆ یەکەم جار شاهیدیی بۆ ناوبانگی تۆن،
رۆح و گیان ببەخشە بەو یارییە بەشکۆیانە
لە سەر سەری پاڵەوانەکانی
پاڵەوانانی هەوڵ و پێشبڕکێ
تاجەگوڵینەیەکی هەمیشە گەش دابنێ
لە نێو سینگماندا دڵی پۆڵایین ساز بکە
لە ژێر گەشانەوەی رووناکیی درەوشاوەتدا
دەشت و کێوەکان و دەریاکان
بە دیمەنی چەشنی گوڵ دەدرۆشێتەوە
پەرستگەیەکی وا بە شکۆ دروستدەکەن
کە هەموو نەتەوەکان بۆ پەرستنی تەوژمی بۆ دێنن
ئاخ! ئەی رۆحی نەمر و ئەبەدی





کۆبرتن بەدوای ئامادەکردنی راگەیندراوی ئۆڵەمپیك و بڕیارەکانی ڕێوڕەسمی کرانەوە و کۆتایی هاتنی یارییەکان، هەروەها سوێندی یاریزانان، نەمادی پێنج ئەلقەی ئۆڵەمپیك کە نیشانەی یەکیەتیی قارەکانە (کیشوەرەکان) ئامادەی کرد. ناوبراو وەك سەرۆکی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك کاروباری ئیداری و ماڵی ئەم ڕێکخراوەیەی تا ساڵی (١٩٢٥)ی زایینی راپەراند و ساڵی (١٩٣٧) لە شاری (ژێنێڤ) کۆتایی بە تەمەنی هات. یەکەمین خولی نوێی ئۆڵەمپیك ساڵی (١٨٩٦) بە بەشداریی (٢٤٥) یاریزان لە (١٤) وڵاتی جیهان لە ڕێکەوتی (٤/٦) تا (١٨٩٦/٤/١٥) لە شاری ئاتێن بەڕێوە چوو. هەموو شتێکی ئەم خولە بۆ تاقیکاری بوو، تا لە خولەکانی داهاتوودا بە کەڵك وەرگرتن لەو ئەزموونە یارییەکانی ڕێك و پێکتر بەڕێوەبەرن. بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك لە سەرتاسەری جیهان بە ئەڵقەکان، ئاور و مەشخەڵی ئۆڵەمپیك، ئالآی ئۆڵەمپیك، دروشمی ئۆڵەمپیك، سروود و ملوانکەکانی ئۆڵەمپیك دەناسرێ. ئەڵقەکانی ئۆڵەمپیك هەروەك پێشتر باسکرا، نیشانەی یەکیەتیی پێنج قارەی جیهان و کۆبوونەوەی یاریزانانی جیهان لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە کەش و هەوایەکی جوانمێرانە و برایانەیە. هەمان ئامانج (بارون پییێردۆکوبرتن) بۆی دیاری کردبوو. رەنگی ئەڵقەکان شین، زەرد، رەش، سەوز و سوور لە ئالآی هەر یەك لە وڵاتانی جیهان لانی کەم یەکێك لەم رەنگانە بەدی دەکرێ. ئەم ئالآیە لە پاریس ئامادە کراوە و یەکەم جار ساڵی (١٩١٤) نیشاندرا و لە ئۆڵەمپیکی (١٩٢٠) لە یاریگای (ئانتۆرپ) هەڵکرا. دروشمی خێراتر، بەرزتر و بەهێزتر بە هۆی قەشەیەکی دۆمینیکان بە ناوی (هێنری دیدۆن) کە ماموستا و دۆستی کوبرتن بوو، بۆ سەر ئالآی ئۆڵەمپیك دیاریکرا.

لە کاتی بەڕێوە چوونی یەکەمین کۆنگرەی ئۆڵەمپیك لە (سۆربۆن) ی پاریس (١٨٩٤)، بارۆن پییردۆکوبرتن لەگەڵ پێشنیاری بەڕێوەبردنی یارییەکانی ئۆڵەمپیکی نوێ، پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیکی کرد، تا وەك ڕێکخراوێك پشتیوانی بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك بکا. ئەم کۆمیتەیە ساڵی (١٨٩٤)



دامەزراو کۆبرتن وەك یەکەم سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە دیاریکراو تا ساڵی (١٩٢٥) ئەم بەرپرسایەتییەی لە ئەستۆ بوو. بنکەی ئەم ڕێکخراوەیە لە کاتی دامەزرانیدا تا ساڵی (١٩١٥) لە شاری (پاریس) بووە، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ شاری (لۆزان) ی سویس. شوێنی ئەم بنکەیە لە شاری لۆزان لە پێشدا لە (مۆنت بنوون) بووە، دوای حەوت ساڵ دەفتەری ئەم کۆمیتەیە لە مونت بنوون گوێزراوەتەوە (مۆن ریپوس) و ساڵی (١٩٦٨)یش گوێزراوەتەوە بۆ (شاتوودوویدی). ئەم شوێنە لە لایەن شارەوانی شاری لۆزان پێشنیار کرابوو. ساڵی (١٩٨٦) کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (ioc) ماڵی ئۆڵەمپیکی کردەوە و ساڵی (١٩٩٣)یش موزەی ئۆڵەمپیك لە شاری لۆزان کرایەوە.



**ڕێورەسمی کرانەوەی یەکەم خولی یارییەکانی ئۆڵەمپیکی نوێ(١٨٩٦)**

## ئەندامانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (ioc):

کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (ioc) ئەندامانی خۆی لە نێوان کەسانێك هەڵدەبژێرێ لێهاتوو بن، رەگەزنامەی ولاتێکیان هەبێ یا ولاتەکەیان کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیکی هەبێ و لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك بە فەرمی ناسرابێ. سەرۆکی (ioc) دەتوانێ بە کۆبوونەوەکانی ئەم کۆمیتەیە پێشنیاری وەرگرتنی ئەندامی نوێ لە ساڵدا بکا. ئەندامانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك نوێنەری ئەم کۆمیتەیە لە ولاتەکانی خۆیاندا، دەبن و بە دوای تێپەڕکردنی (٨٠) ساڵ لە تەمەنیان، خانەنشین دەبن. دیارە ئەو ئەندامانەی پێش ساڵی (١٩٧٧) هەڵبژێردراون تا کاتی مردنیان بە ئەندام دەمێننەوە. ساڵی (١٩٨٨) کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (١١٨) ئەندامی فەرمی و (٣٥) ئەندامی ئیفتیخاری هەبوو.

## کۆبوونەوەی ioc:

کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك لانیکەم جارێ لە ساڵدا بەڕێوە دەچێ. کۆبوونەوەی تایبەتیش لەوانەیە لەسەر داوای سەرۆکی (ioc) یا داوای یەك لە سێی ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە بەڕێوە دەچێ. دیارە ئەم داوایە دەبێ بە نووسراوە بێ. ئەم کۆبوونەوانە گەورەترین ئۆرگانی بڕیاردەری (ioc) دەبن و دەتوانن بەرنامەی ئۆلومپیك دەسکاری بکەن.

## هەیئەتی بەڕێوەبەری:

ئەم هەیئەتە پێکهاتووە لە سەرۆکی (ioc)، چوار جێگری سەرۆك و شەش ئەندامی دیکە کە لە لایەن کۆبوونەوەی گشتی (ioc) بە شێوەی هەڵبژاردنی نهێنی و بە زۆرینەی دەنگەکان هەڵدەبژێردرێن. جێگرەکانی سەرۆك و شەش ئەندامی دیکە بۆ خولێکی چوار ساڵە ئەو ئەرکەیان پێ دەسپێردرێ. بە دوای کۆتایی هاتنی ئەم چوار ساڵە، جێگرەکانی سەرۆك تا یەك ساڵ ناتوانن وەکو هەیئەتی بەڕێوەبەری



هەڵبژێردرێن و شەش ئەندامی دیکەش بە دوای کۆتایی هاتنی خولی چوار ساڵەیان، بۆ خولی دیکە تەنیا دەتوانن بۆ جێگری سەرۆك هەڵبژێردرێن.

ئەرکی ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەری پاراستنی بەرنامەی ئۆڵەمپیك، کۆنترۆڵی کاروباری ئیداری و پایەکانی رێکخراو، دیاریکردنی میزانییەی (ioc)یەو بەو مەبەستە لە ساڵدا چوار تا پێنج کۆبوونەوەیان دەبێ. هەیئەتی بەڕێوەبەری وەك دەوڵەت و کۆبوونەوەکانی گشتی (ioc) وەك پارلمانی ولات عەمەڵ دەکا. بەم شێوەیە هەیئەتی بەڕێوەبەری پێشنیار دەکاو ئەم پێشنیارە بۆ بەڕێوەبردنی دەبێ دەنگی کۆبوونەوەی گشتی (ioc) لە گەڵ بێت .

## سەرۆك:

سەرۆکی (ioc) بە دەنگی نهێنی و بۆ ماوەی هەشت ساڵ هەڵدەبژێردرێ و دەکرێ بۆ خولێکی چوار ساڵی دیکە هەڵبژێردرێتەوە.

## کۆنگرە:

بە پێی بەرنامەی (مەنشوور) ئۆڵەمپیك (١٩٩٧) کۆنگرەی ئۆڵەمپیك بەم شێوەیە دەگیرێ:

١- (ioc) دەتوانێ رێکخەری کۆنگرە بێ، بەم شێوەیە هەر چوار ساڵ جارێك بە رێکوپێکی بۆ بڕیاردان سەبارەت بە (ioc) و دیاریکردنی سەرۆك. کۆنگرە لە کات و شوێنی دیاری کراو لە لایەن (ioc) یەوە بەڕێوە دەچێ و سەرۆك بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکانی کۆنگرە دەبێ.

٢- کۆنگرە ئەندامانی (ioc) و ئەندامانی ئیفتیخاری، هەیئەتی نوێنەرایەتی فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکانی وەرزشی پێکدێ و کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك و ئەو رێکخراوانەی لە لایەن (ioc)یەوە بە فەرمی ناسراون و یاریزانان و بانگهێشتکراوانی هێندێك لە رێکخراوەکانی دیکە بەم کۆمەڵە زیاد دەکرێن.

٣- هەیئەتی بەڕێوەبەری کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (ioc) ڕێکخەری بەرنامەی کۆنگرەیە و بە دوای پرس و را لەگەڵ فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکانی وەرزشیی و کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە دەبا. لە کاتی دامەزرانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (ioc) تا ئێستا دوازدە کۆنگرە لە سەر بابەتی جۆرا و جۆر پێك هاتوون.

کۆنگرەی یەکەم: ١٨٩٤( پاریس) بۆ دەست پێ کردنەوەی یارییەکانی ئۆڵەمپیك.

کۆنگرەی دووهەم: ١٨٩٧( لۆهاوێر) فێرکردن و پەروەردە کردن، لەش ساغی و وەرزش.

کۆنگرەی سێهەم: ١٩٠٥ (برۆکسل) پەروەردە کردنی لەش و وەرزش.

کۆنگرەی چوارەم: ١٩٠٦(پاریس) هونەر، ئەدەبییات و وەرزش.

کۆنگرەی پێنجەم:١٩١٣ (لۆزان) فیزیولوژی و دەروونناسی وەرزشی.

کۆنگرەی شەشەم:١٩١٤ (پاریس) دەستووری (منشور) ئۆڵەمپیك.

کۆنگرەی حەوتەم:١٩٢١ (لۆزان) دەستووری (منشور) ئۆڵەمپیك.

کۆنگرەی هەشتەم:١٩٢٥(پاراگوای) فێرکردن و پەروەردە کردن، دەستووری (منشور) ئۆلومپیك.

کۆنگرەی نۆیەم:١٩٣٠(برلین) دەستووری (منشور) ئۆڵەمپیك.

کۆنگرەی دەیەم: ١٩٧٣(وارنا) وەرزش بۆ ئاشتی جیهانی، بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك و داهاتووی.

کۆنگرەی یازدەیەم:١٩٨١(بادن_بادن) یەکگرتن لە ڕێگای وەرزش بۆ وەرزش:

١ - داهاتووی یارییەکانی ئۆڵەمپیك

٢ - هاوکارییە نێونەتەوەییەکان

٣ - داهاتووی بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك



کۆنگرەی دوازدەیەم:١٩٩٤ (پاریس)

١ - بەشداری بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك لە دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێ.

٢ - وەرزش و یاریزان لە کۆمەلی هاوچەرخ.

٣ - وەرزش لە ناوچە کۆمەلاّیەتییەکان.

٤ - وەرزش و دەزگا راگەینە گشتییەکان.

## کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك(nocs):

کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك(nocs)، لە هەرکام لە وڵاتانی جیهان دادەمەزرێ. هەرکام لەو کۆمیتانە بە دوای دامەزرانیدا، لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (ioc) بە فەرمی دەناسرێ. ئەوان خاوەنی پێرەوی نێوخۆیی خۆیانن، ئەم پێرەوە دەبێ لە گەڵ بەرنامەی ئۆڵەمپیك بگۆنجێ. تا ساڵی (٢٠٠٠) ، دووسەد کۆمیتەی نەتەویی ئۆڵەمپیك (nocs) لەلایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك بە فەرمی ناسراون. هەرکام لە کۆمیتەکانی نەتەویی، بەر پرسی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك لەوڵاتەکانی خۆیانن و یاریزانان و بەڕێوەبەرانی وەرزش بە مەبەستی بەشداری لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك دیاریدەکەن.



**شاتۆدۆویدی**

## کورتە مێژوویەکی ئۆڵەمپیکی نوێ:

**١٨٩٦(ئاتێن):**

یەکەمین خولی ئۆڵەمپیکی نوێ لە شاری ئاتێن پایتەختی یۆنان بەڕێوە چوو. (٢٤٥) یاریزان لە (١٤) وڵاتی جیهان بەشدارییان کردبوو. یارییەکان ڕۆژی ٤/٦ تا ١٨٩٦/٤/١٥ درێژەی خایاند. یۆنانییەکان زۆر خۆشحاڵ بوون یارییەکانی ئۆڵەمپیك دەستی پێ کردووەتەوە، ڕۆژی کۆتایی یارییەکان لە بەردەم (٧٠) هەزار کەس لە نێو یاریگای (مەرمەرین)ی ئاتێن، شوانێکی یۆنانی ملوانکەی زێڕی هەڵاتنی ماراتۆنی (٤٢١٩٥متر) بردەوە تا شایی یۆنانییەکان زۆرتر بێت.



یەکەم خولی ئۆڵەمپیك ساڵی ١٨٩٦



**١٩٠٠(پاریس):**

دووهەمین خولی یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە کاتێکدا بەڕێوە چوو، هاوکات بوو لە گەڵ پێشانگایەکی نێونەتەوەیی لە پاریس، (١٠٧٨) یاریزان لە (١٩) وڵاتی جیهان لەم یارییانەدا بەشداربوون. بەڕێوەبەری یارییەکان زۆر ڕێك و پێك نەبوو. یارییەکان ٥/١٤ تا ڕۆژی ١٩٠٠/٥/٢٨ درێژەی خایاندووە. فەڕەنساییەکان بە (٨٨٠) یاریزانی پیاو و( ٤) یاریزانی ژن زۆرترین ڕێژەی بەشداربوونی لە یارییەکان هەبوو.

**١٩٠٤(سەن لویی):**

سێهەمین خول لە سەن لویی ئەمریکا بەڕێوە چوو. ئەوروپاییەکان لە بەر دووری ڕێگا نەیانتوانی بە شێوەیەکی بەرچاو لەو خولەدا بەشداربیکەن. هەر بۆیە بوار درایە یاریزانانی ئەمریکا تا زۆرترین ملوانکەی زێر وەدەستبێنن. (٦٨٩) یاریزان لە سێزدە وڵاتی جیهان بەشداری ئەم خولە بوون و یارییەکان لە ڕێکەوتی ٧/١ تا ١٩٠٤/٧/٢٩ درێژەی خایاندووە.

**١٩٠٨(لەندەن):**

چوارەمین خولی ئۆڵەمپیك بە بەشداری (٢٠٣٥) یاریزان لە ( ٢٢) وڵاتی جیهان بەشدارییان کردبوو. ڕووداوێکی دڵتەزێنی ئەم یارییانە لە ڕاکردن ماراتۆن ڕوویدا، یاریزانێکی ئیتالیایی بەناوی (دۆراندۆ پیتیری) کاتێك گەیشتە نێو یاریگاو لە چەند مەتری هێڵی کۆتایی لە هۆش دەچێ و گیانی خۆی لە دەستدەدا. یارییەکان ڕۆژی ٧/١٣ دەستی پێ کردووە و ڕۆژی ١٩٠٨/٧/٢٩ کۆتایی پێهاتووە.

**١٩١٢(ستۆكهۆڵم):**

لە خولی پێنجەمدا مێوانداری سویدییەكان زۆر باش و ڕێكوپێك بوو، (٢٤٣٧) یاریزان لە (٢٨) ولاّتی جیهان بەشدارییان كردبوو. لەم خولەدا یاریزانانی فەنلاند زۆر بەهێز بەشدارییان كرد و لە راكردن درێژماوەدا زۆربەی ملوانكەكانیان وەدەستهێنا. یارییەكان ڕۆژی ٥/٥ تا ١٩١٢/٥/٢٢ درێژەی خایاند.

**١٩١٦(بەرلین):**

بە هۆی جەنگی یەكەمی جیهانی ئەم خولەی یارییەكانی ئۆڵەمپیك بەڕێوە نەچوو.

**١٩٢٠(ئانتۆرپ):**

لەم خولەشدا هەر وەك خولی پێشوو، فەنلاند لە سەرەوەی هەموو یاریزانانی (نورمی و كلماینین) بوون. ئەم دوو یاریزانە زۆربەی ملوانكەكانی زێڕیان وەدەستهێنا. كچێكی تەمەن چواردە ساڵەی ئەمریكایی بە ناوی (ئالێن ریگین) ملوانكەی زێڕی شیرجەی لە سەر تەختەی فەنەری وەدەستهێنا. ریكۆردەكانی ئەم یارییانە زۆر باش و لە سەرێ بوون. لەم خولەدا (٢٦٠٧ ) یاریزان لە(٢٩) ولاّتی جیهان بەشدارییان كردبوو، ڕۆژی ٤/٢٠ یارییەكان دەستی پێ كرد و ڕۆژی ١٩٢٠/٥/١٢ كۆتایی بە یارییەكان هات.

**١٩٢٤(پاریس):**

بۆ جاری دووهەم شاری پاریس مێوانداری یارییەكان بوو. (٢٩٧٢) یاریزان لە (٤٤) ولاّتی جیهان بەشدارییان كردبوو. دیسان هەر وەك خولەكانی پێشوو، فەنلاندییەكان لە هەلاّتندا بواریان بە یاریزانانی ولاّتانی دیكە نەدا خۆیان دەربخەن و زۆربەی ملوانكەكانی زێڕیان بردەوە. ئەم ئۆڵەمپیكە بە ناوی ئۆڵەمپیكی (نورمی) ناوی دەركرد. ناوبراو لە سێ یاری تاكەكەسیدا پلەی یەكەم و سێ ملوانكەی زێڕی



كردە مل. نورمی لە پاش نێوەڕۆیەكدا لە هەلاّتنەكانی (١٥٠٠) و (٥٠٠٠) مەتر پلەی یەكەمی وەدەستهێناوە. یارییەكان ڕۆژی ٣/٥ تا ١٩٢٤/٣/٢٧ درێژەی خایاند.

**١٩٢٨(ئامستردام):**

لەم یاریانەدا (٢٨٨٤) یاریزان لە (٤٦) ولاّتی جیهان بەشدارییان كردبوو. یاریزانانی ئەمریكا لە هەلاّتندا، بە وەدەستهێنانی (١٢) ملوانكە گەورەترین سەركەوتنیان وەدەستهێنا. لە مەلەی سەربەستدا (جانی ویسمولێر) چەندین ملوانكەی وەدەستهێنا و لەو نازناوەی خۆی كەڵكی وەرگرت و دواتر وەكو ئەكتەرێك تێكەڵ بە كاری سینەما بوو، ئەم ئەكتەرە دواتر بە ناوی (تارزان) ناوبانگی دەركرد. تیمی هۆكی هێند بوو بە پاڵەوانی ئۆڵەمپیك، (٢٩) گۆڵی تۆمار كرد بەبێ ئەوەی تاكە گوڵێكی لێ بكرێ. لە فووتبۆڵ، ئۆرۆگوای پلەی یەكەمی وەدەستهێنا. ئەم یارییانە ڕۆژی ٧/٢٨ دەستی پێ كرد و ڕۆژی ١٩٢٨/٨/١٢ كۆتایی هات.

**١٩٣٢(لوس ئەنجلێس):**

لەم یارییانەدا، بەڕێوەبەرییەكی بەهێز و ڕێكوپێك تەرخانكرابوو. تەنیا گرفتی یاریزانان بڕینی ڕێگای دوور و درێژی ئەوروپا بۆ ئەمریكا بوو. هەر بۆیە رادەی بەشدارانی ولاّتانی ئەوروپایی لەم یارییانەدا زۆر كەم بوو. (ئێدی تولان) یاریزانی ڕەش پێستی راكردن ئەمریكا لە هەلاّتنەكانی (١٠٠) و (٢٠٠) مەتر ریكۆردی ئۆڵەمپیكی بەزاند و پلەی یەكەمی وەدەستهێنا. (نورمی) فەنلاندی وەكو یاریزانێكی پیشەیی ناسراو لەم یارییانەدا بواری بەشداری كردنی پێ نەدرا. لە سەریەك (١٣٣٣) یاریزان لە (٣٧) ولاّتی جیهان بەشداری یارییەكان بوون. یارییەكان ڕۆژی ٧/٣٠ تا ١٩٣٢/٨/١٤ درێژەی خایاندووە.

## ١٩٣٦(بەرلین):

ئەڵمانییەکان میوانداری گەورەترین یاری وەرزشیی جیهانیان دەکرد، بەو هیوایە بتوانن لە وەرزشدا، هەر وەکو سیاسەت خۆیان بە سەر جیهان بسەپێنن و هێزی هێتلەر و حیزبی نازی بە فەلسەفەی نەژادپەرەستانەی خۆیان بە جیهان بناسێنن.

ئەم یارییانە، یاری (جێسی ئۆنس) ی ڕەش پێست بوو. ناوبراو لە هەڵاتنەکانی خێراو بازدان پلەی یەکەمی وەدەستهێنا. ریکۆردەکانی ئۆنس تا (٢٤) ساڵ وەکو خۆی مایەوە. (کیتی سون) لە ژاپۆن ڕاکردن ماراتۆنی بردەوە. هێند هەر وەك خولی پێشوو پاڵەوانی هۆکی وەدەستهێنا. لەم یاریانەدا، هێتلەر ڕێبەری نازییەکان لە کاتی پێشکەشکردنی خەڵاتی سەرکەوتوان ئامادە نەبوو لەگەڵ یاریزانانی ڕەش پێست دەست بدا. بە گشتی (٣٩٣٦) یاریزان لە (٤٩) وڵاتی جیهان بەشداری یارییەکان بوون. ڕۆژی ٨/١ یارییەکان دەستی پێ کردو ١٩٣٦/٨/١٦ کۆتایی بە یارییەکان هات.

## ١٩٤٠و١٩٤٤:

ئەم دوو خولەی ئۆڵەمپیك بە هۆی شەڕی دووەهەمی جیهانییەوە بەڕێوە نەچوون.



**دیمەنێك لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی ١٩٣٢ی لوس ئەنجلێس**



## ١٩٤٨ (لەندەن):

وڵاتانی جیهان بە تایبەتی ئەوروپاییەکان هێشتا ئاسەواری شەڕی دووەهەمی جیهانییان پێوە دیار بوو، سەرەڕای ئەمە شاری لەندەن پایتەختی وڵاتی ئینگلیز میوانداری یارییەکانی کرد. (٤٠٩٢) یاریزان لە (٥٩) وڵاتی جیهان بەشداری یارییەکان بوون. یاریزانانی ئەڵمان و ژاپۆن لە بەر ئەوەی ئەو دوو وڵاتە دەست پێکەری شەڕی دووەهەمی جیهانی بوون مەجالی بەشدارییان پێ نەدرا. یەکیەتی سۆڤیەت هێشتا بە ئەندامی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك وەرنەگیرابوو، هەر بۆیە ئەم وڵاتەش نەیتوانی لە یارییەکاندا بەشداری بکا.

بە گشتی ئاستی یارییەکان زۆر لە خوارێ بوو. (ئێمیل زاتوپێك) یاریزانی ڕاکردن چێکوسلوواکی، (باب متیاس)ی ئەمریکی کە تەنیا (١٧) ساڵی بوو، سەرکەوتنی بەر چاویان وەدەستهێنا. هەروەها ئافرەتێك بە ناوی (فانی پلانکرز)کە خاوەنی دوو منداڵ بوو، چوار ملوانکەی زێڕی وەدەستهێنا. ئەم یارییانە ڕۆژی ٧/٢٩ دەستی پێ کرد و ڕۆژی ١٩٤٨/٨/١٤ کۆتایی پێهاتووە.

## ١٩٥٢(هلیسینکی):

لە بەردەم حەفتا هەزار کەس، لە نێو یاریگای (پاول نورمی)ی ٥٥ ساڵە وەرزشەوانی پێشوو و پاڵەوانی خولەکانی ڕابردووی ئۆڵەمپیك مەشخەڵی یارییەکانی هەڵکرد. یاریزانانی ڕەش پێستی جامائیکایی لە هەڵاتندا زۆرترین سەرکەوتنیان وەدەستهێنا. (زاتۆپێك) لە هەڵاتنەکانی ٥ هەزارمەتر، ١٠ هەزارمتر و ماراتۆن (٤٢١٩٥متر) بووە پاڵەوان و سێ ملوانکەی زێڕی بردەوە. ناوبراو هاوسەرەکەشی لە هاویشتنی ڕمبدا پلەی یەکەمی وەدەستهێنا. یاریزانانی یەکیەتیی سۆڤیەت، بۆ یەکەم جار بەشداری ئۆڵەمپیکیان کرد. یاریزانێکی ژمناستیکی یەکیەتیی سۆڤیەت بە ناوی (چۆکارین) چوار ملوانکەی زێڕ و دوو ملوانکەی زیوی وەدەستهێنا. لەم

یارییانەدا لەگەڵ پێشوازییەکی زۆری فەنلاندییەکان بەرەوروو بوو، ئەم خەڵکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئاشتی خوازی خۆیان بە گەلانی جیهان نیشاندا.

لەسەر یەك (٥٤٢٩) یاریزان لە (٦٩) ولاتی جیهان بەشداری یارییەکان بوون و رۆژی ٧/١٩ تا ١٩٥٢/٨/٣ی درێژەی خایاندووە.

### ١٩٥٦(مێلبۆرن):

بۆ یەکەم جار بوو یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە ولاتێکی ئەمریکایی یا ئەوروپایی بە رێوە نەدەچوو. شاری (مێلبۆرن)ی ئۆسترالیا مێوانداری یارییەکان بوو، (٣١٧٨) یاریزان لە( ٦٧) ولاتی جیهان لەم شارەدا، کۆببوونەوە. کچانی ئۆسترالیایی لە هەلاتندا زۆر بەهێز و بە توانا بەشداربوون و چەندین ملوانکەی زێریان وەدەستهێنا، بۆ وێنە (بێتی کاتبێرت) لە هەلاتنەکانی (١٠٠، ٢٠٠) مەتر و تیمی سێ ملوانکەی زێریان وەدەستهێنا. مەجارستان بۆ جاری سێهەم پالەوانی بۆکسی ئۆڵەمپیکی وەدەستهێنا. (ئالێن مەیمێن) لە فەرەنسا پلەی یەکەمی ماراتۆنی وەدەستهێنا و (زاتوپێك)ی بە تەمەن و بەناوبانگ لە دواین بەشداری خۆی لە ئۆڵەمپیك پلەی شەشمی وەدەستهێنا. (بابی مورۆ) لە هەلاتندا سێ ملوانکەی زێڕی وەدەستهێنا. ئەم یارییانە رۆژی ١١/٢٢ دەستپێکرد و رۆژی ١٩٥٦/١٢/٨ کۆتاییان پێهات.

### ١٩٦٠(رۆما):

شاری رۆمای ئیتالیا مێوانداری لە (٥٣١٣) یاریزانی (٨٣) ولاتی جیهان کرد. لەم یارییانەدا (بێکلا ئابێب) یاریزانی رەش پێستی ئێتیوپی بەبێ کەڵك وەرگرتن لە پێلاو لە راکردن ماراتۆن پلەی یەکەمی وەدەستهێنا. هێند بە دوای (٣٢) ساڵ پاڵەوانییەتی لە یارییەکانی هۆکی سەر فریز(١-٠) بە پاکستان دۆڕا و نەیتوانی پاڵەوانیەتی خۆی دووپاتبکاتەوە. (کاسیوس کلەی) کە دواتر بە "محمد علی" ناوی دەرکرد، لە بۆکسدا ملوانکەی زێری وەدەستهێنا. کچێکی رەش پێست بە ناوی



(ویلیا رودلف) لە راکردن خێرادا چەندین ملوانکەی وەدەستهێنا و لە بازدانی بە ئەسپیشدا پلەی یەکەمی وەدەستهێنا. ئەم یارییانە رۆژی ٨/٢٥ دەستپێکرد و رۆژی ١٩٦٠/٩/١١ کۆتایی پێهات.

### ١٩٦٤(تۆکیۆ):

بۆ یەکەم جار ولاتێکی ئاسیایی مێوانداری یارییەکانی ئۆڵەمپیکی پێدرا. (٥١٣٣) یاریزان لە (٩٣) ولاتی جیهان بەشداری یارییەکان بوون. ژاپۆنییەکان دەوروبەری (٢٠٠) میلیۆن لیرەی ئیسترلینگیان سەرفی یارییەکان کردبوو. (هیرو هیتو) ئیمپراتۆری ژاپۆن یارییەکانی کردەوە. (ئابێب) لە تۆکیۆ ئەم جارەیان بە پێلاو پلەی یەکەمی ماراتۆنی وەدەستهێنا. ژاپۆنییەکان لە ژمناستیك، والیبال، زۆران و کێش هەڵگری (ئاسن) زۆربەی ملوانکەکانی بردەوە. یاریزانانی کۆریای باکوورو ئەندۆنێزی لە بەشداریکردن لەم یارییانەدا بێبەش کران. یارییەکان رۆژی ١٠/١٠ دەستی پێ کرد و رۆژی ١٩٦٤/١٠/٢٤ کۆتایی پێهات.

### ١٩٦٨(مەکسیکۆسیتی):

شاری مەکسیکۆسیتی پایتەختی ولاتی مەکسیك مێوانداری یارییەکان بوو. ئەم شارە لە بەرزایی (٢٢٠٠) مەتری ئاستی ئاو هەڵکەوتووە، هەر بۆیە زۆربەی یاریزانان هەناسەیان سوار دەبوو و نەیاندەتوانی وەکو جاران ئاستی وەرزشی خۆیان نیشانبدەن. بە پێچەوانە یاریزانانی ئەفریقی بەتایبەتی یاریزانانی کینیا و ئێتیوپی لەو بوارەدا هیچ گرفتێکیان نەبوو. (ئۆرتێر) بۆ چوارەمین جار بوو لە ئۆڵەمپیك بەشداری دەکرد و لە هاویشتنی دیسك بۆ چوارەمین جار ملوانکەی زێڕی وەدەستهێنا. یاریزانە رەش پێستەکانی ئەمریکی بە دەست کێش و گۆڕەوی رەش چوونە سەر سەکۆی پاڵەوانی و بە هۆی بوونی (ئاپارتاید) (نیژاد پەرەستی) لە ئەمریکا رێز و حورمەتیان بۆ سروودی نیشتمانی ئەو ولاتە دانەنا. (وراچا سلاواسکا) لە چێکۆسلۆواکی لە یارییەکانی ژمناستیکی ژناندا چوار ملوانکەی زێری وەدەستهێنا. ئەم یارییانە رۆژی ١٠/١٢ تا ١٩٦٨/١٠/٢٧ درێژەی خایاند.

## ١٩٧٢(میونخ):

ئەڵمانییەکان مێواندارى (٧١٢١) یاریزانى (١٢١) ولاتى جیهانیان دەکرد. بۆ یەکەم جار بوونى کۆمپیوتەر لەم یارییانەدا، زۆر زەق و بەرچاو بوو، هەر بۆیە ئاستى ئیدارەکردنى یارییەکان زۆر لە سەرێ بوو. لەم خولەدا رووداوێکى دڵتەزێن روویدا، ئەویش هێرشى فەلەستینییەکان بۆ شوێنى پشوودانى یاریزانانى ئیسرائیل بوو. رۆژى سێشەممە ٥ى سپتێمبەر بە هێرشێك کە کرایە سەر ئیسرائیلییەکان دوو کەسیان کوژران و ئەوانیتریش لەلایەن فەلەستینییەکانەوە بە بارمتەگیران و نیوەرۆى هەمان رۆژ لە فرۆکەخانەدا هەموویان کوژران. هەر بۆیە ئەم ئۆڵەمپیکە بە ئۆڵەمپیکى خوێناوى ناوى دەرکرد.

یاریزانانى یەکیەتى سۆڤیەت بە وەدەستهێنانى( ٥٠) ملوانکەى زێڕ، (٢٧) زیو و (٢٢) برۆنز پلەى یەکەمى گشتى یارییەکانى وەدەستهێنا. (مارك ئیسپیتز) مەلەوانى ئەمریکى حەوت ملوانکەى زێڕى وەدەستهێنا.



دیمەنێك لە یارییەکانى ئۆڵەمپیکى ١٩٧٢ى میونخ



## (مۆنتریال):

بە تەواوى پێشبینییەکان و داواکارییەکانى کۆمیتەى نێونەتەوەیى ئۆڵەمپیك سەبارەت بە تیکەڵاو نەکردنى وەرزش و سیاسەت، بۆ تەواوى خەڵکى جیهان دەرکەوتووە لە هەر جێگایەك ژیان هەیە سیاسەتیش هەیە. (٦٩٠) یاریزانى ( ٢٩) ولاتى ئەفریقى لە بەر پێوەندى هێندێك لە ولاتانى بەشدار لەگەڵ ولاتى ئەفریقیاى باشوور، یارییەکانیان بەجێهێشت. لە بەر ئەوە ئاستى یارییەکان دابەزى. لە سەر یەك (٦٠٤٣) یاریزان لە (٩٢) ولاتى جیهان بەشدارى یارییەکان بوون. کچێکى تەمەن چواردە ساڵەى رومانیایى بە ناوى (نادیا کۆمانچى) ( ٦) ملوانکەى زێڕى وەدەستهێنا و یەکەم کەس بووە لە یارییەکانى ژمناستیك خاڵى (١٠)ى وەرگرتووە. ٧/١٧ یارییەکان دەستى پێ کرد و ١٩٧٦/٨/١ کۆتایى بە یارییەکان هات.



رێورەسمى کرانەوەى یارییەکانى ئۆڵەمپیکى ١٩٧٦ى مونترێیال

## ١٩٨٠(مۆسکۆ):

ئەم یاریيانە هەروەك خولی پێشوو رەنگ و رووی سیاسی وەخۆوە گرت. یارییەکان لە شاری مۆسکۆ پایتەختی یەکیەتی سۆڤیەت بەرێوەچوون. وڵاتانی رۆژئاوا (بەرەی سەرمایەداری) لە سەرەوەی هەموویان ئەمریکا و ئەڵمانیای فیدراڵ، ژاپۆن و کەنەدا لە بەر هێرشی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان ئەم یاریيانەیان تەحریم کرد و لە بەشداریکردن لە یارییەکان خۆیان پاراست، هەر بۆیە ئاستی یارییەکانی بە شێوەیەکی بەر چاو دابەزاند.

یەکیەتی سۆڤیەت بە وەدەستهێنانی (٨٠) ملوانکەی زێر، (٦٩) زیو و( ٤٦) برۆنز پلەی یەکەمی یارییەکانی وەدەستهێنا. لەم یاریيانەدا (٥٢٨٣) یاریزان لە (٨٠) وڵاتی جیهان بەشدارییان کردبوو. یارییەکان رۆژی ٧/١٩ دەستی پێ کرد و رۆژی ١٩٨٠/٨/٣ کۆتایی بە یارییەکان هات.




**یاریگای ئۆڵەمپیکی شاری مۆسکۆ لە رۆژی کرانەوەی یارییەکان**



## ١٩٨٤(لوس ئەنجلێس):

شاری لوس ئەنجلێسی ئەمریکا مێوانداری یارییەکانی ئۆڵەمپیکی کردبوو، دیسان سیاسەت ئاستی یارییەکانی دابەزاند. ئەم جارەیان بەرەی رۆژهەڵات (بەرەی سوسیالیزم) یارییەکانیان تەحریم کرد. تا تۆڵەی خۆیان لە وڵاتانی رۆژئاوایی کردبێتەوە. (٦٨٠٢) یاریزان لە (١٤٠) وڵاتی جیهان بەشدارییان کردبوو. ئەمریکا لەم یاریيانەدا زۆرترین ملوانکەی وەدەستهێنا و پلەی یەکەمی یارییەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. رۆژی ٧/٢٨ یارییەکان دەستیپێکردو ١٩٨٤/٨/١٢ کۆتایی بە یارییەکان هات.

## ١٩٨٨(سیئۆل):

بۆ دووهەم جار بوو وڵاتێکی ئاسیایی مێوانداری یارییەکانی دەکرد. سیئۆل پایتەختی وڵاتی کوریای باشوور مێوانداری لە (٨٤٧٣) یاریزان لە ( ١٥٩) وڵاتی جیهان دەکرد. بە پێچەوانەی دوو خولی پێشوو، ئەم یاریيانە لە ئاستێکی بەرز بەرێوە چوو. (دیمیتری بلوزرچێف) یاریزانی ژمناستیکی یەکیەتی سۆڤیەت چەندین ملوانکەی زێری وەدەستهێنا. (بێن جانسۆن) یاریزانی رەش پێستی راکردن ( ١٠٠) مەتر بە دوای ئەوەی دەرکەوت مادەی وزە بەخشی بەکارهێناوە ملوانکەی زێڕی لێ وەرگیرایەوە و درایە (کارل لۆئیس)ی ئەمریکی. (نەعیم سلێمان ئۆغلۆ) کە پێشتر بە ناوی (نەعیم سلێمانوف) بۆ وڵاتی بولغارستان یاری دەکرد، بە دوای پەنابردن بۆ دەوڵەتی تورکیا و وەرگرتنی رەگەزنامەی تورکیا بە ناوی نوێ و بۆ تورکیا پلەی یەکەمی کێش هەڵگری وەدەستهێنا. ئەم یاریيانە رۆژی ٩/١٧ دەستی پێ کردو رۆژی ١٩٨٨/١٠/٢ کۆتایی پێهات.

## ١٩٩٢(بەرشلۆنا):

شاری "بەرشلۆنا"ی ئیسپانیا مێوانداری یارییەکانی کرد، (٩٣٦٨) یاریزان لە (١٦٩) وڵاتی جیهان بەشداری یارییەکان بوون. رۆژی ٧/٢٥ یارییەکان دەستیپێکردو ١٩٩٢/٨/٩ کۆتاییان پێهات.

یارییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بەڕێوە چوون. "نەعیم سلێمان ئۆغلو" دیسان پلەی یەکەمی کێش هەڵگری وەدەستهێنا و (بێن جانسۆن) ی کانادایی، کە لە ئۆڵەمپیکی پێشوو بە هۆی دۆپینگ ملوانکە زێرەکەی لێوەر گیرابووە دوای دوو ساڵ دوورخران لە هەموو جۆرە یارییەك لەم ئۆڵەمپیکەدا بەشداریکرد و نەیتوانی سەرکەوتنێك وەدەستبێنێ.



دیمەنێك لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی ١٩٩٢ی بەرشلۆنا



## ١٩٩٦(ئاتلانتا):

بە دوای شاری بەرشلۆنا، شاری (ئاتلانتا)ی ئەمریکا بەڕێوەبەری یارییەکانی ئۆڵەمپیك بوو. (١٩٧) وڵاتی جیهان بە (١٠٣٣٢) یاریزان لەم خولەدا بەشدارییان کردبوو. رۆژی ٧/١٩ یارییەکان دەستیپێکردو ١٩٩٦/٨/٤ کۆتایی بە یارییەکان هات. کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بە دوای لە بەریەك هەڵوەشانەوەی وڵاتەکەیان، زۆر بە باشی و بە هێز لەم یارییانەدا بەشدارییان کرد. (نەعیم سلێمان ئۆغلو) دیسان ملوانکەی زێری کێش هەڵگری وەدەستهێنا. (ئەلێکساندر کارولین) زۆرانەوانی شان و ملی (رومانی) رووسی بۆ جاری دووهەم بووە پاڵەوانی کێشی (١٣٠) کیلۆ گرام.




دیمەنێك لە یارییەکانی جۆدۆ لە ئۆڵەمپیکی ١٩٩٦ی ئاتلانتا

### ٢٠٠٠(سيدنی):

شاری "سيدنی"ی ئۆستراليا مێوانداری لە زۆرترين ڕێژەی بەشداری ياريزانانی ئۆڵەمپيکی دەکرد. (١١١١٦) ياريزان لە (٢٠٠) وڵاتی جيهان. يارييەکان ڕۆژی ٩/١٥ تا١/١٠/٢٠٠٠ درێژەی خاياند.

کامێرون بە شێوەيەکی چاوەڕواننەکراو پلەی يەکەمی فووتبوڵی وەدەستهێنا. (نەعيم سلێمان ئۆغلو) نەيتوانی هيچ چەشنە نازناوێك وەدەستبێنێ. "ڕێزازادە" کێش هەڵگری ١٠٥+ کيلۆ گرامی ئێران بووە پاڵەوانی ئەم کێشە و ڕێکوردی يارييەکانی ئۆڵەمپيکی بەزاند و کۆتايی بە دەسەڵاتی رووسەکان لەم کێشەدا هێنا.



کرانەوەی يارييەکانی ئۆڵەمپيکی ٢٠٠٠ی سيدنی



### ٢٠٠٤(ئاتێن):

ڕۆژی هەينی ١٣ی ئووت، بيست و هەشتەمين خولی يارييەکانی ئۆڵەمپيك لە شاری (ئاتێن) پايتەختی يۆنان دەستيپێکردو تا ڕۆژی ٢٩ی ئووت درێژەی خاياند. يارييەکان لە( ٢٨) ياری وەرزشی جۆراو جۆر لە ئاستی پياوان و ژناندا بەڕێوە چوون. (١٠٥٠٠) ياريزان لە (٢٠٢) وڵاتی جيهان لەم يارييانەدا، بەشدارييان کردبوو و لە ئاکامدا ئەمريکا بە وەدەستهينانی (٣٥) ملوانکەی زێر، (٣٩) زيو و(٣٩) برۆنز پلەی يەکەمی گشتی يارييەکانی وەدستهێنا. گرينگترين ياری وەرزشی پاڵەوانييەتی ئەرژەنتين لە فووتبوڵ بوو. چاوەڕواننەکراوترين ئاکاميش، پلەی چوارەمی عێراقی شەر لێدراو لە فووتبوڵ بوو. ميزانييەی ئاسايشی يارييەکان ١/٢ ميليارد يۆرۆ بووە و ميزانييەی دەوڵەتيش بۆ يارييەکان ٦٤/٤ ميليارد يۆرۆ بووە.




ديمەنێك لە ڕێورەسمی کرانەوەی يارييەکانی ئۆڵەمپيکی ٢٠٠٤ی ئاتێن

### ٢٠٠٨(پێکەن): ؟

## یارییەکانی ئۆڵەمپیکی زستانی:

لە ساڵی (١٩٢٤) بەملاوە، خولێکی یاری نوێ لە وەرزشەکانی زستانی (ئیسکی، ئێسکت، باب ئوسلی، لۆژ سواری و دووگانە) هەر وەك یارییەکانی هاوینی هەر چوار ساڵ جارێك لە وەرزی زستان بەڕێوە دەچێ و ڕادەی وڵاتانی بەشدار لەم یارییانەدا، ساڵ بە ساڵ زۆرتر دەبێ تا ئێستا نۆزدە خول لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی زستانی بەڕێوە چووە، کە چۆنییەتی دەستپێکردن و شوێنی یارییەکان بەم شێوە بووە.

| ساڵ | ڕۆژ و مانگی یارییەکان | شار | وڵاتانی بەشدار | ڕادەی یاریزان |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٢٤ | ١/٢٥ تا ٢/٥ | شامونی | ١٦ وڵات | ٢٥٨ یاریزان |
| ١٩٢٨ | ٢/١١ تا ٢/١٩ | سێنت موریس | ٢٥ وڵات | ٤٦٤ یاریزان |
| ١٩٣٢ | ٢/٤ تا ٣/١٣ | لیك پلاسیە | ١٧ وڵات | ٢٥٢ یاریزان |
| ١٩٣٦ | ٢/٦ تا ٢/١٦ | گارمیش پارتنکرخن | ٢٨ وڵات | ٦٦٨ یاریزان |
| ١٩٤٠ | بە هۆی شەڕی دووهەمی | جیهانییەوە بەڕێوە | نەچوون | |
| ١٩٤٤ | بە هۆی شەڕی دووهەمی | جیهانییەوە بەڕێوە | نەچوون | |
| ١٩٤٨ | ١/٣٠ تا ٢/٩ | سێنت موریس | ٢٨ وڵات | ٦٦٩ یاریزان |
| ١٩٥٢ | ٢/١٤ تا ٢/٢٥ | ئۆسلۆ | ٣٠ وڵات | ٦٩٤ یاریزان |
| ١٩٥٦ | ١/٢٦ تا ٢/٥ | کورتینا ئامپێزۆ | ٣٢وڵات | ٨٢٠ یاریزان |
| ١٩٦٠ | ٢/١٨ تا ٢/٢٨ | ئێسکۆنولی | ٣٠ وڵات | ٦٦٥ یاریزان |
| ١٩٦٤ | ١/٢٩ تا ٢/٩ | ئینسبۆرگ | ٣٦ وڵات | ١٠٩١ یاریزان |
| ١٩٦٨ | ٢/٦ تا ٢/١٨ | گرونوبیل | ٣٧ وڵات | ١١٥٨ یاریزان |
| ١٩٧٢ | ٢/٣ تا ٢/١٣ | ساپۆرۆ | ٣٥ وڵات | ١٠٠٦ یاریزان |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٦ | ٢/١٥ تا /٢٤ | ئینسبورگ | ٣٧ وڵات | ١١٢٣ یاریزان |
| ١٩٨٠ | ٢/١٣ تا ٢/٢٤ | لیك پلاسیە | ٣٧ وڵات | ١٠٧٤ یاریزان |
| ١٩٨٤ | ٢/٨ تا ٢/١٩ | سارایڤۆ | ٤٩ وڵات | ١٢٧٤ یاریزان |
| ١٩٨٨ | ٢/١٣ تا ٢/٢٨ | کالگاری | ٥٧ وڵات | ١٤٢٣ یاریزان |
| ١٩٩٢ | ٢/٨ تا ٢/٢٣ | ئالبێرتویل | ٦٤ وڵات | ١٨٠١ یاریزان |
| ١٩٩٤ | ٢/١٢ تا ٢/٢٧ | لیل هامێر | ٦٧ وڵات | ١٧٣٩ یاریزان |
| ١٩٩٨ | ٢/٧ تا ٢/٢٢ | ناگانۆ | ٧٢ وڵات | ٢١٧٧ یاریزان |
| ٢٠٠٢ | ٢/٨ تا ٢/٢٢ | ساڵت لیك سیتی | ٨٠ وڵات | ٢٥٠٠ یاریزان |
| ٢٠٠٦ | ؟ | تورینۆ | ؟ | ؟ |
| ٢٠١٠ | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |



**دیمەنێك لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی زستانی ٢٠٠٢ی ساڵت لیك سیتی**

## ئەنجوومەنی کۆمیتەکانیی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک:

ئەنجومەنیی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆلەمپی (anocs) سەر بە تەواوی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیکە. دەفتەری ناوەندی ئەم ئەنجوومەنە لە شاری "پاریس "ە و هەر دوو ساڵ جارێك كۆبوونەوەی گشتی دەبێ.

## ئەنجوومەنەکانی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیکی قارەکان (کیشوەرەکان):

ئەنجومەنەکانی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیکی کیشوەرەکان، پێکهاتووە لە پێنج ئەنجومەن، کە بریتین لە: ئەنجومەنی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئەفریقا(anoca)، کۆمیتەکانی ئۆڵەمپیکی ئەوروپا (eoc)، شوورای ئۆڵەمپیکی ئاسیا (oca)، ڕێکخراوی وەرزشیی پان ئەمریکان (paso)، کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیکی ئۆقیانوسییە (anoc).

## ئەنجوومەنی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک ئەفریقیا(anoca):

وڵاتانی ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە بریتین لە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەفریقای باشوور | ٦ | جیبوتی |
| ٢ | ئەلجەزایر | ٧ | میسر |
| ٣ | ئەنگۆلا | ٨ | گابۆن |
| ٤ | بنین | ٩ | ئێتیوپی |
| ٥ | بوتسوانا | ١٠ | گامبیا |
| ١١ | بۆرکینافاسو | ٣٢ | غەنا |
| ١٢ | بروندی | ٣٣ | گینە |
| ١٣ | کامیرۆن | ٣٤ | گینە بیسائۆ |
| ١٤ | کیپ ورد | ٣٥ | گینە ئاکۆئاتوریال |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥ | کۆماری ناوەندی ئەفریقیا | ٣٦ | کێنیا |
| ١٦ | کیمۆر | ٣٧ | لیسۆتۆ |
| ١٧ | کۆنگۆ | ٣٨ | لیبریا |
| ١٨ | کۆماری دیموکراتیکی کۆنگۆ | ٣٩ | لیبی |
| ١٩ | ساحێلی عاج | ٤٠ | ماداگاسکار |
| ٢٠ | مالاوی | ٤١ | سێنیگال |
| ٢١ | مالی | ٤٢ | سیشێل |
| ٢٢ | موریتانی | ٤٣ | سیرالیئۆن |
| ٢٣ | موریتیوس | ٤٤ | سومالی |
| ٢٤ | مەغریب | ٤٥ | سودان |
| ٢٥ | موزامبیك | ٤٦ | سوزایلەند |
| ٢٦ | نامیبیا | ٤٧ | چاد |
| ٢٧ | نیجێر | ٤٨ | تۆگۆ |
| ٢٨ | نیجێریە | ٤٩ | تونێس |
| ٢٩ | ئۆگاندا | ٥٠ | زامبیا |
| ٣٠ | رواندا | ٥١ | زیمبابوە |
| ٣١ | سائۆتۆمە و پێرێنسیپ | ٥٢ | تانزانیا |

ژان کلود گانگا(jean-claude) سەرۆکی ئەم ئەنجومەنەیە.

## کۆمیتەکانی ئۆڵەمپیکی ئەوروپا(eoc):

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئالبانی | ٢١ | بۆلغارێستان |
| ٢ | ئەڵمان | ٢٢ | قێبرێس |
| ٣ | ئەندورا | ٢٣ | کرۆواسی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | ئەرمەنستان | ٢٤ | دانمارك |
| ٥ | ئۆتریش(نەمسا) | ٢٥ | ئیسپانیا |
| ٦ | ئازەربایجان | ٢٦ | ئیستونی |
| ٧ | روسیەی سپی | ٢٧ | فێنلاند |
| ٨ | بێلجیکا | ٢٨ | فەڕەنسا |
| ٩ | بوسنی و هێرزەگووین | ٢٩ | گوجێستان |
| ١٠ | ئینگلیز | ٣٠ | هۆلەند |
| ١١ | یۆنان | ٣١ | لەهێستان |
| ١٢ | هەنگاریا | ٣٢ | پۆرتۆغاڵ |
| ١٣ | ئێرلەند | ٣٣ | رومانی |
| ١٤ | ئیسرائیل | ٣٤ | روسیە |
| ١٥ | ئیتالیا | ٣٥ | سان مارینو |
| ١٦ | لێتونی | ٣٦ | ئیسلەند |
| ١٧ | مەقدونییە | ٣٧ | ئیسلۆواکی |
| ١٨ | لیختێن ئێشتاین | ٣٨ | سوید |
| ١٩ | لیتوانی | ٣٩ | سویسرا |
| ٢٠ | لوکۆزامبۆرگ | ٤٠ | کۆماری چیك |
| ٤١ | ماڵت | ٤٥ | تورکیا |
| ٤٢ | مولداوی | ٤٦ | یوگسلاڤیا |
| ٤٣ | موناکۆ | | |
| ٤٤ | نەرویژ | | |

دوکتۆر ژەگ رۆگ (dr. jacques ragge) سەرۆکی ئەم کۆمیتانەیە.



**ئەنجوومەنی ئۆڵەمپیکی ئاسیا(oca):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەفغانستان | ١٦ | چین |
| ٢ | بەحرێن | ١٧ | کۆریای باکوور |
| ٣ | بەنگلادیش | ١٨ | هونگ کونگ |
| ٤ | بوتان | ١٩ | هێند |
| ٥ | برونئی | ٢٠ | ئەندۆنیزی |
| ٦ | کامبوج | ٢١ | ئێران |
| ٧ | عێراق | ٢٢ | پاکستان |
| ٨ | ژاپۆن | ٢٣ | فەلەستین |
| ٩ | ئۆردۆن | ٢٤ | فیلیپین |
| ١٠ | قەزاقستان | ٢٥ | قەتەر |
| ١١ | کۆریای باشوور | ٢٦ | عەرەبستان |
| ١٢ | کوێت | ٢٧ | سەنگاپوور |
| ١٣ | قرقیزستان | ٢٨ | سریلانکا |
| ١٤ | لائوس | ٢٩ | سوریە |
| ١٥ | لوبنان | ٣٠ | چین تایپە |
| ٣١ | ماکائۆ | ٣٨ | تاجیکستان |
| ٣٢ | مالیزی | ٣٩ | تایلەند |
| ٣٣ | مالدیو | ٤٠ | تورکەمەنستان |
| ٣٤ | مەغولستان | ٤١ | ئیمارات |
| ٣٥ | میانمار | ٤٢ | ئۆزبەکستان |
| ٣٦ | نیپاڵ | ٤٣ | ڤێتنام |
| ٣٧ | عومان | ٤٤ | یەمەن |

سەرۆکی ئەم شورایە (شیخ فەهەد ئال سەباح)ە (cheik ahmad al-fahad al)

## ڕێکخراوی وەرزشیی پان ئەمیریکان (paso):

ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە بریتین لە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئانتیگاو باربودا | ١٢ | بلیز |
| ٢ | ندرلەند ئانتیلز | ١٣ | بێرمودا |
| ٣ | ئەرژەنتین | ١٤ | بولیڤیا |
| ٤ | ئاروبا | ١٥ | بەرازیل |
| ٥ | باهاماس | ١٦ | دورگەکانی کیمێن |
| ٦ | باربادوس | ١٧ | کەنەدا |
| ٧ | شیلی | ١٨ | مەکسیك |
| ٨ | کۆلۆمبیا | ١٩ | نیکاراگوای |
| ٩ | کاستاریکا | ٢٠ | پەناما |
| ١٠ | کوبا | ٢١ | پاراگوای |
| ١١ | کۆماری دومینیکەن | ٢٢ | پێرۆ |
| ٢٣ | دومینیکا | ٣٣ | پورتوریکو |
| ٢٤ | ئێلسالوادۆر | ٣٤ | کیتزونویس |
| ٢٥ | ئێکوادۆر | ٣٥ | سێنت لوئیس |
| ٢٦ | ئەمریکا | ٣٦ | وینسێنت و گرنادینس |
| ٢٧ | گرانادا | ٣٧ | سورینام |
| ٢٨ | گواتمالا | ٣٨ | ترینیداد و توباگو |
| ٢٩ | گویان | ٣٩ | ئۆرۆگوای |
| ٣٠ | هائیتی | ٤٠ | ونوزوئیلا |
| ٣١ | هێندوراس | ٤١ | دوورگەکانی ویرجین |
| ٣٢ | جامائیکا | ٤٢ | دوورگەکانی بریتیش و ویرجین |

سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە(ماریۆ واسکوئێزرانا) یە(Mario Vasquez rana)



## کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیکی ئۆقیانووسییە(ifs):

ولاَتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە بریتین لە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئۆستراليا | ٨ | تارو |
| ٢ | دورگەکانی کۆك | ٩ | نیوزیلەند |
| ٣ | میکرونزیا | ١٠ | گینەی نوێ |
| ٤ | فبجی | ١١ | دورگەکانی سولومون |
| ٥ | گۆوام | ١٢ | ئەمێریکەن سامائۆ |
| ٦ | سامائو | ١٣ | تونگا |
| ٧ | وتاتۆ | | |

سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە (کێوێن گاسپێر)ە (kevan gosper)

## فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان (ifs):

فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان، ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی سەربەخۆن کە بەرپرسی یەك یا چەند یاری وەرزشی لە ئاستی جیهانیدا. فیدراسیۆنە نەتەوەییەکانیش لە بواری بەڕێوەبەریدا بەوانەوە گرێدراون. فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك وەك گرینگترین ڕێکخراوی بەڕێوەبەری لە یارییە وەرزشییەکاندا ناسراون. هەر فیدراسیۆنێکی نێونەتەوەیی بەرپرسی بەڕێوەبردنی یارییەکانی وەرزشی لە چوارچێوەی بەرنامەی ئۆڵەمپیك لە سەرتاسەری جیهاندایە.

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان ئامادەکردنی پرەنسیپەکانی یاری و چاوەدێری کردن بە سەر بەڕێوەبردنی دروستی ئەو پرەنسیپانەیە. هەروەها پێکهێنانی هەلومەرجی بەرەوپێشچوونی یاری وەرزشی لە ئاستی جیهانیدا لە ئەستۆی ئەم ڕێکخراوەیە. تا ساڵی (٢٠٠٤) زیاتر لە (٦٥) فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی دامەزراون و هەر کامەیان بەرپرسی بەڕێوەبردنی یەك یا چەند یاری وەرزشی لە ئاستی جیهانی دان.

کۆنترین فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ژمناستیکە، ئەم فیدراسیۆنە ساڵی (١٨٨١) دامەزراوە، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی فووتبوڵ ساڵی (١٩٠٣) دامەزراوە، هەروەها فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی هەڵاتن و گۆڕەپان ساڵی (١٩١٣) دامەزراوە.

بە گشتی ئەم فیدراسیۆنە نێونەتەوەییانە یارییەکانیان لە ئۆڵەمپیك بەڕێوە دەچن:

**فیدراسیۆنەکانی یارییەکانی زستانیی ئۆڵەمپیك:**

| | |
|---|---|
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی باب ئۆسلی و تۆبۆگانینگ | (F. I. B. T) |
| فیدراسیۆنی جیهانی ئێسکی (خلیسکینێ) مارپێچ | (W. C. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی هۆکی سەر سەهۆڵ | (I. I. H. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی لێخۆڕینی لۆژ | (F. I. L) |
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی پێنجگانەی پێشکەوتوو و دووگانە (هاوینی و زستانی) | (U. I. P. M. B) |
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی ئێسکێت | (I. S. U) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئێسکی | (F. I. S) |

**فیدراسیۆنەکانی یارییەکانی هاوینی ئۆڵەمپیك:**

| | |
|---|---|
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی هەڵاتن و گۆڕەپانی ئاماتۆر | (I. A. A. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی تیر و کەوان | (F. I. T. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی بەدمینتۆن | (I. B. F) |
| ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی بەیسبوڵ | (I. B. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی بەسکێتبوڵ | (F. I. B. A) |
| ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی بۆکس ئاماتۆر | (A. I. B. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی لێخورینی بەلەم | (F. I. C) |



| | |
|---|---|
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی لێخورینی پاسکلێ | (U. C. I) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی یاری شمشێر | (F. I. E) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئەسپ سواری | (F. E. I) |
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی فیدراسیۆنەکانی فووتبۆڵ | (F. I. F. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ژمناستیك | (F. I. G) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی هەندبۆڵ | (I. H. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی هۆکی (سەر فریز) | (F. I. H) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی جودۆ | (I. J. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی لێخورینی بەلەم بە پار و لێدان | (F. I. S. A) |
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی پێنجگانەی پێشکەوتوو و دووگانە (هاوینی و زستانی)، | (U. I. P. M. B) |
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی تیرهاوێژی | (U. I. T) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی سافت بۆڵ | (I. S. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مەلەی ئاماتۆر | (F. I. N. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی پینگ پۆنگ | (I. T. T. F) |
| فیدراسیۆنی جیهانی تێکواندۆ | (W. T. F)ˇ |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی تێنس | (I. T. F) |
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی یارییەکانی سێگانە | (I. T. U) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ڤۆلیبۆڵ | (F. I. V. B) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کێش هەڵگری | (I. W. F) |
| ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی زۆران | (F. I. L. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی لێخورینی بەلەمی بادی | (I. S. A. F) |

**فیدراسیۆنی نێونەتەوەییەکانی دیکە کە یارییەکانیان لە ئۆڵەمپیك بەڕێوە ناچێ:**

| | |
|---|---|
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی هەوا نەوەردی | (F. A. I) |

| | |
|---|---|
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی ئەنجوومەنیی شاخەوانی | (U. IA. A ،alpinsm) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی لێخورینی ئۆتۆمبیل | (F. I. A) |
| کۆنفیدراسیۆنی جیهانی یاری بیلیارد | (W. C. B. S) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی لەش جوانی | (I. F. B. B) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی بولینگ | (F. I. Q) |
| کۆنفیدراسیۆنی جیهانی بولینگ | (C. M. S. B) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی یاری سەماکردن | (I. D. S. F) |
| فیدراسیۆنی جیهانی کاراتە | (F. M. K) |
| شوورای جیهانی گۆلفی ئاماتۆر | (W. A. G. C) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کۆرفاڵ | (I. K. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی رزگارکردنی خنکاوەکان | (I. L. S) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی لێخورینی ماتۆرسیکلێت | (F. I. M) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی دۆزینەوەی شوێن | (I. O. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئەنجومەنی نێت بۆڵ | (I. F. N. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی تێنسی ئیسپانیۆلی | (F. I. P. V) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی گۆلف | (F. I. P) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی راکێت بۆڵ | (I. R. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئێسکێتی چەرخدار | (F. I. R. S) |
| هەیئەتی نێونەتەوەیی راگبی فووتبۆڵ | (I. R. F. B) |
| یەکیەتیی نێونەتەوەیی لێخورینی بەلەمی خێرا | (U. I. M) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی یاری ئاکروباتیك | (I. F. S. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئێسکی سەر ئاو | (I. W. S. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیسکواش | (W. S. F) |
| کۆنفیدراسیۆنی جیهانی غەواسی | (C. M. A. S) |



| | |
|---|---|
| ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی شەپۆل سواری | (I. S. A) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی سۆمۆ | (I. S. F) |
| فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ترامپۆلین | (F. I. T) |

## چۆنییەتی هەڵبژاردنی تیپەکان و یاریزانان بۆ یارییەکانی ئۆڵەمپیك:

لەبەر ئەوەی یاریزانانی بەشدار لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك خول بە خول لە زیادبوونەوەدا بووە، کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (IOC) رێژەیەکی دیاریکراوی بۆ بەشداری لەم یارییانەدا لەبەر چاو گرتووە. بە پێی ئەم بڕیارە دەهەزار یارزان، پێنج هەزار هاوڕێ (بەڕێوەبەران، سەرپەرشتی تیپەکان، راهێنەرەکان، پزیشك و... هتد) دەتوانن بەشداری ئۆڵەمپیك بکەن. هەر بۆیە کۆمیتەی بەڕێوەبەری یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە وڵاتی مێواندار، دەبێ گوندێکی ئۆڵەمپیکی دروستبکا کە بتوانێ زیاتر لە پازدەهەزار کەس لە خۆی جێبکاتەوە.

## دەستووری ئۆڵەمپیك (١٩٩٧):

یاسای ٤٥ی دەستووری ئۆڵەمپیك (١٩٩٧) بۆ بەشداری یاریزانە بەهێز و لێهاتووەکان بەم شێوەیەدەڵێ: بۆ بەشداری لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك، یاریزانان دەبێ پرۆگرامی ئۆڵەمپیك، هەروەها یاساکانی فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان کە لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەویی ئۆڵەمپیك پەسند کراون پەیڕەوی بکاو، هەروەها دەبێ لە لایەن کۆمیتەی نەتەوەی ئۆڵەمپیکی وڵاتەکەی وەرگیرابێ و ئەم خاڵانەش لە بەرچاو بگرێ:

- بڕوای بە یاری جوانمێرانە و دوور لە توندوتیژی و رۆحیی یاریزان هەبێ.
- لەو دەرمان و شێوەیانەی کە لە لایەن یاساو پروگرامی IOC، فیدراسیۆنەکانی نێونەتەوەیی یا کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك، قەدەغەکراوە بەکارنەهێنێ.
- پابەند بێ بە تەواوی یاساو بڕیارەکانی پزیشکیی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك.

## مەرجەکانی بەشداری لە یارییەکانی ئۆڵەمپیک:

بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە رادەی بەشدارانی یارییەکانی ئۆڵەمپیک نابێ لە دەهەزار کەس تێپەرێ، هەر فیدراسیۆنێکی نێونەتەوەیی سەهمێکی دیاریکراوی هەیە و دەبێ بەرنامەیەکی هەبێ تا لە کاتی بەرێوەچوونی یارییەکانی جیهانی و نێونەتەوەیی یاریزانانی بەشدار بۆ ئۆڵەمپیک هەڵبژێردرێن. ئەم بەرنامەیە بە شێوەی خوارەوەیە، دیارە لەوانەیە بۆ خولەکانی داهاتوودا ئاڵوگۆرێ تێدا بکرێ.

### گرووپی یەکەم:

**بەسکێتبۆڵ:**

پیاوان، ١٢ تیپ (هەر تیپێك ١٢ یاریزان)، لە خولەکانی پاڵەوانی جیهان و قارەیی (کیشوەری).

ژنان، ١٢ تیپ (هەر تیپێك ١٢ یاریزان)، لە خولەکانی پاڵەوانی جیهان و قارەیی (کیشوەری).

**فووتبۆڵ:**

پیاوان، ١٦ تیپ (هەر تیپێك ١٨ یاریزان)، هەڵبژاردنی قارەیی (کیشوەری).

ژنان ، ٨ تیپ (هەر تیپێك ١٦ یاریزان)، پاڵەوانی جیهان.

**هەندبۆڵ:**

پیاوان، ١٢ تیپ (هەر تیپێك ١٥ یاریزان)، پاڵەوانی جیهان و هەڵبژاردنی قارەیی (کیشوەری).

ژنان، ١٠ تیپ (هەر تیپێك ١٥ یاریزان)، پاڵەوانی جیهان و هەڵبژاردنی قارەیی (کیشوەری).



**هۆکی:**

پیاوان ، ١٢ تیپ (هەر تیپێك ١٦ یاریزان)، پاڵەوانی قارەیی (کیشوەری)

ژنان، ١٠ تیپ (هەر تیپێك ١٦ یاریزان)، یارییە سەرەتاییەکانی ئۆڵەمپیك

**واتێرپلو:**

پیاوان، ١٢ تیپ (هەر تیپێك ١٣ یارزان)، پاڵەوانی جیهان، جامی جیهانی، قارەیی (کیشوەری).

ژنان، ٨ تیپ ( هەر تیپێك ١١ یاریزان)، پاڵەوانی جیهان، جامی جیهانی، قارەیی (کیشوەری).

**سافت بۆڵ :**

ژنان، ٨ تیپ (هەر تیپێك ١٥ یاریزان)، پاڵەوانی جیهان و هەڵبژاردنی ناوچەیی.

**بەیس بۆڵ:**

پیاوان، ٨ تیپ (هەر تیپێك ٢٠ یاریزان)، هەڵبژاردنی قارەیی (کیشوەری).

**ڤۆلیبۆڵ:**

پیاوان، ١٢ تیپ (هەر تیپێك ١٢ یاریزان)، جامی جیهانی، هەڵبژاردنی قارەیی(کیشوەری).

ژنان، ١٢ تیپ (هەر تیپێك ١٢ یاریزان)، یارییەکانی هەڵبژاردنی ئۆڵەمپیك.

**ڤۆلیبۆلی تنیشت دەریا:**

پیاوان، ٢٤ جووت یاریزان، ریزبەندی جیهانیی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی، هەڵبژاردنی قارەیی.

ژنان، ٢٤ جووت یاریزان و هەڵبژاردنی ئۆڵەمپیك لە ئاستی ژنان و پیاواندا.

## گرووپی دووهەم:

**هەڵاتن و مەیدان:**

* هەر کۆمیتەیەکی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک، دەتوانێ لە هەر ماددەیەک، سێ یاریزان کە ئیستانداردی Aی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی وەرگرتووە بەشدار بکا.

* هەر کۆمیتەیەکی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک، دەتوانێ یەک یاریزان کە ئیستانداردی Bی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی وەرگرتووە بەشدار بکا.

* هەر کۆمیتەیەکی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک کە یاریزانی لە ئاستی ئیستانداردەکانی AوB نییە، دەتوانێ بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئیستانداردەکانی نێونەتەوەیی یاریزانێکی ژن و یاریزانێکی پیاو لە یارییەکانی هەڵاتن و مەیدان بەشدار بکا.

**مەلەکردن:**

* کۆمیتەیەکی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک کاتێک دەتوانێ دوو مەلەوان لە هەر ماددەیەک بەشداری بکا کە ئێستانداردی Aی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مەلەی (FINA) وەدەستهێنابێ.

* کۆمیتەیەکی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک دەتوانێ لە هەر ماددەیەک مەلەوانێک بەشداری بکا، بە مەرجێک ئێستانداردی Bی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مەلەی وەدەستهێنابێ.

* ئەگەر کۆمیتەیەکی نەتەوەیی مەلەوانێک بە ئیستانداردی B نەبوو، دەتوانێ بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئیستانداردەکان، مەلەوانێکی ژن و مەلەوانێکی پیاو لە یارییەکاندا بەشدار بکا.

**شیرجە:**

هەر وەک مەلەکردن، ئەو پەرەکەی ٤ یاریزانی شیرجەی پیاو و ٤ یاریزانی ژن بەشداری بکەن.



## گرووپی سێهەم:

یارییەکانی خوارەوە هەرکامەیان رادەی یاریزانەکانیان دیاریکراوە و لە چوارچێوەی ئەم سەهمیە دایە.

**پارولێدان (ROWING):**

پیاوان، ١٢٣ بەلەم، ٣٦٢ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و هەڵبژاردنی قارەیی (کیشوەری).

ژنان، ٧٤ بەلەم، ١٩٤ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و هەڵبژاردنی قارەیی (کیشوەری) بەگشتی ١٩٧ بەلەم و ٥٥٠ یاریزان.

**بەدمینتون:**

پیاوان، ٨٦ یاریزان، لە رێگای پێرستی ریزبەندی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی بەدمینتون

ژنان، ٨٦ یاریزان ، نوێنەری قارەکان بۆ پیاوان و ژنان بەگشتی ١٧٢ یاریزان.

**بۆکس:**

پیاوان، ٣١٢ یاریزان ، سەهمیەی قارەیی (کیشوەری).

**بەلەم لێخورین بە کانو:**

ئەلیف: لە نێو ئاوی ئارام

پیاوان، ١١٤ بەلەم، ١٩٦ ، پاڵەوانی گەورەساڵانی جیهان

ژنان، ٣٧ بەلەم، ٧٩ یاریزان، پالەوانی گەورەساڵانی جیهان

بە گشتی ، ١٥١ بەلەم، ٢٧٥ یاریزان

**بێ: ئیسلالوم:**

پیاوان، ٤٧ بەلەم، ٥٧ یاریزان، پاڵەوانی گەورەساڵانی جیهان

ژنان، ١٨ بەلەم، ١٨ یاریزان، پالەوانی گەورەساڵانی جیهان

بە گشتی ٦٥ بەلەم، ٧٥ یاریزان

**پایسکلّ سواری:**

ئەلیف: جادە

پیاوان، ١٥٥ یاریزان، پاڵەوانی جیهان، پاڵەوانی قارەیی (کیشوەری)، پاڵەوانی وڵاتانی بچووك ژنان ، ٥٧ یاریزان، پاڵەوانی وڵاتانی بچووك

بەگشتی ٢١٢ یاریزان

**بیّ: پیست:**

پیاوان، ١٥٤ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و پاڵەوانی قارەیی (کیشوەری).

ژنان، ٣٤ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و پاڵەوانی قارەیی (کیشوەری).

بە گشتی ١٨٨ یاریزان.

**ج: کوێستان:**

پیاوان، ٥٠ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و پاڵەوانی قارەیی (کیشوەری).

ژنان، ٣٠ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و پاڵەوانی قارەیی (کیشوەری).

بە گشتی ٨٠ یاریزان.

**ئەسپ سواری:**

ژنان و پیاوان ، ٢٢٥ یاریزان، گرووپبەندییەکانی جیهانی و قارەیی (کیشوەری).

**یاری شمشێر:**

ژنان و پیاوان، ٢٠٠ یاریزان، ریزبەندی جیهانی و پاڵەوانی قارەیی (کیشوەری).

**ژیمناستیك:**

ژنان و پیاوان، ٣٠٤ یاریزان، پاڵەوانی جیهان.



**کێش هەڵگری:**

ژنان و پیاوان، ٢٥٠ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و قارەیی (کیشوەری).

**جۆدۆ:**

پیاوان، ٢٢٨ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و ریزبەندی قارەیی (کیشوەری).

ژنان، ١٥٧ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و ریزبەندی قارەیی (کیشوەری).

بە گشتی ٣٨٥ یاریزان.

**زۆران:**

ژنان و پیاوان، ٣٢٠ یاریزان، پاڵەوانی جیهان، هەڵبژاردنی ئۆڵەمپیك و قارەیی (کیشوەری).

**یارییەکانی پێنجگانەی نویّ:**

پیاوان، ١٦ یاریزان، پاڵەوانی جیهان، قارەیی (کیشوەری) و هەڵبژاردن.

ژنان، ١٦ یاریزان، پاڵەوانی جیهان، قارەیی (کیشوەری) و هەڵبژاردن.

بە گشتی ٣٢ یاریزان.

**مەلەی هاوتراز:**

پیاوان و ژنان، ٨ تیپ هەر تیپێك ٩ یاریزان، یاریەکانی هەڵبژاردنی ئۆڵەمپیك و نوێنەری دوو کەسی، ٣٢ یاریزان، قارەکان (کیشوەرەکان) بۆ ژنان و پیاوان

بە گشتی ١٠٤ یاریزان.

**تێکواندۆ:**

پیاوان، ٥٢ یاریزان، پاڵەوانی جیهان وپاڵەوانی ناوچەیی

ژنان، ٤٨ یاریزان، پاڵەوانی جیهان و پاڵەوانی ناوچەیی

بە گشتی ١٠٠ یاریزان

**تێنس:**

پیاوان، ٨٦ یاریزان، پێرێستی ریزبەندی جیهان و بانگهێشتن

ژنان، ٨٦ یاریزان، پێرێستی ریزبەندی جیهان و بانگهێشتن

بە گشتی ١٧٢ یاریزان

**تیرهاوێژی:**

پیاوان و ژنان، ٤١٠ یاریزان، جیهانی، قارەیی (کیشوەری)، خولەکانی جیهانی و بانگهێشتن.

**پینگ پونگ:**

پیاوان، ٨٦یاریزان، پێرێستی ریزبەندی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی و هەڵبژاردنی

ژنان، ٨٦ یاریزان، قارەیی (کیشوەری) بۆ پیاوان و ژنان

بە گشتی ١٧٢ یاریزان.

**تیرو کەوان:**

پیاوان و ژنان، ٦٤ یاریزان، پاڵەوانی جیهان، هەڵبژاردنی قارەیی (کیشوەری) و بانگهێشتن بۆ پیاوان و ژنان

بە گشتی ١٢٨ یاریزان.

**یارییەکانی سێگانە:**

پیاوان، ٥٠ یاریزان، ریزبەندی جیهانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی، هەڵبژاردنی ناوچەیی.

ژنان، ٥٠ یاریزان ، هەروەك پیاوان

بە گشتی ١٠٠ یاریزان.

**لێخورینی بەلەم:**

٢٨٢ بەلەم، ٤٠٠ یاریزان ، پیاوان و ژنان، هەڵبژاردنی جۆراوجۆری جیهانی



تا ساڵی ١٩٩٨، رادەی کۆمیتەکانی نەتەوەی ئۆڵەمپیك ١٩٧ وڵات بوون. شتێکی ئاساییە کە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتیان بە کەمتر لە ١٥ یاریزان لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك بەشداری بکەن. زۆربەی ئەم کۆمیتە نەتەوەییانەی ئۆڵەمپیك لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و دواکەوتووی ئابووری پێکهاتوون، کە یاریزانەکانیان بواری گەیشتن بە ئیستانداردەکانی جیهانی بۆ بەشداری لە یارییەکان ئۆڵەمپیکیان پێ نەدراوە. هەر بۆیە بە دوای نارەزایەتی دەربرینی ئانوك (ئەنجوومەنی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك) ئێستا یەکێك لە سیاسەتەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (IOC) ئەوەیە کە تەواوی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك مافی بەشداری لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکیان تا رادەی شەش یاریزان پێ بدرێ. ئەم سەهمییە پێوەندی بەوە نییە کە لە یارییەکانی جیهانی و . . . هتد پلە یەك وەدەستبێنن. زۆربەی ئەم کۆمیتە نەتەوەییانەی ئۆڵەمپیك یاریزانەکانیان لە یارییەکانی هەڵاتن و مەیدان ئۆڵەمپیك بەشداریدەکەن. بەشداری یاریزانەکانی ئەم وڵاتانە لە یارییەکانی دیکە بەستراوەتەوە بە بانگهێشتنی کۆمیتەی بەرێوەبەری یارییەکان.



## پارائۆڵەمپیك:

فەلسەفەی گشتی بۆ بزووتنەوەی پارائۆڵەمپیك، ئەوەیە كە یاریزانە لێهاتووەكان سەرەڕای كەم ئەندامی شوێنێكی لەشیان، دەبێ هەل و ئەزموونی وەك ئەو یاریزانە لێهاتووەی كە، كەمئەندام نین پێ بدرێ.

یەكەمین یارییەكانی پارائۆڵەمپیك بە هەوڵ و كوششی (سێر لۆدویگ گاتمەن) (sir Ludwig guttman) پزیشكی ئەعساب و دەروونی ئینگلیزی بەڕێوە چوو.




ناوبراو هاوكات لەگەڵ یارییەكانی ئۆڵەمپیكی ١٩٤٨، یاریەكی نێونەتەوەیی بە كورسی چەرخدار لە نەخۆشخانەی ئێستوك مەندویل ( لە ئالیس بری) شاری لەندن بەڕێوە برد.

یەكەمین چالاكی ڕێكخراو بۆ پێوەندیدانی ئۆڵەمپیك و پارائۆڵەمپیك لە ساڵی ١٩٦٠ بەڕێوە چوو. لەو ساڵەدا یەكەمین یارییەكانی پارائۆڵەمپیك لە شاری ڕۆم تەنیا چەند حەوتوو، دوای كۆتایی هاتنی یارییەكانی ئۆڵەمپیكی ١٩٦٠ی ڕۆم بەڕێوە چوو. لەو خولەدا یاریزانان بە كورسی چەرخدار یارییان دەكرد. دواتر یارییەكان گەشەیان كرد و كەسانێك لە یارییەكان بەشدارییان دەكرد كە ئەندامێكی لەشیان لەدەست دابوو یا كەسانێك كە نوقسانی زێنی، چاوزەعیفی و تەنانەت كورتە باڵاكانیش بەشدارییان دەكرد.

پارائۆڵەمپیك لە لایەن كۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك بە فەرمی ناسراوە و بە هۆی كۆمیتەی نێونەتەوەیی پارائۆڵەمپیك (IPC) كە لە لایەن IOC ) بە فەرمی وەرگیراوە و ئیدارە و پشتیوانی دەكرێ. ڕێكخراوی نێونەتەوەیی سەر بە كۆمیتەی



نێونەتەوەیی پارائۆڵەمپیك (IPC)، نوێنەری پێنج گرووپی كەمئەندام وەئەستۆ دەگرێ و لە ڕێگای نوێنەرەكانی فەننی وەرزشەكان، ڕێنوێنییەكانی فەننی بۆ مەرجەكانی دەستەبەندی پارائۆڵەمپیك پێشنیار دەكا.

بنكەی كۆمیتەی نێونەتەوەیی پارائۆڵەمپیك (IPC) ئێستا لە شاری "بۆن " لە وڵاتی ئەڵمانە، ڕێكخراوێكی نێونەتەوەییە كە بە مەبەستی ئیدارە و بەرەوپێشبردنی یاریزانانی لێهاتووی كەمئەندامی جیهان، بەڕێوەبردنی یارییەكانی پارائۆڵەمپیك دامەزراوە. زمانی فەرمی كۆمیتەی نێونەتەوەیی پارائۆڵەمپیك (IPC) ئینگلیزییە.



(IPC) لەلایەن (IOC)یەوە بە فەرمی ناسراوە و بەشێكی لە لایەن (IOC)یەوە پشتیوانی ماددی دەكرێ. پێنج فیدراسییۆنی نێونەتەوەیی سەر بە (IOC)، نوێنەری ١٣٠ وڵات و ١٠ ملیۆن یاریزانی لە سەرتاسەری جیهان وەئەستۆیە. ئاتلانتا، مێوانداری یارییەكان و جێژنەكانی پارائۆڵەمپیكی ١٩٩٦ بوو، ئەم یاریانە بەدوای ساڵڕۆژی سەدساڵەی یارییەكانی ئۆڵەمپیكی نوێ بەڕێوە چوون. گەورەترین

یارییەکانی پارائۆڵەمپیك تا ئێستا (٢٠٠٠)، لە ئاتلانتا بەڕێوە چووە کە زیاتر لە ٣٥٠٠ یاریزان و کادیری ئیداری لە ١٠٤ وڵاتی جیهان بەشدار بوون. ١٧ ملوانکەی تەواو، ٢ یاری نمایشی، ئاکامی ئەم یارییانە بوون. لەم یارییانەدا ١٥٠٠ بەرپرس، ١١٣٤٤ کەس خۆبەخش و ٢٠٨٨ کەس لە ئەندامانی دەزگا ڕاگەینەکان بۆ کار و باری بەڕێوەبەری، ئەمنییەتی و... هتد بەشداربوون. ئەو یارییانە کە لە ئاتلانتا بە هۆی یارزانە کەمئەندامەکان بەڕێوە چوون بریتی بوون لە: تیر و کەوان، هەڵاتن و مەیدان، بوسیا(Bocci)، لێخۆڕینی پایسکلێ، ئەسپ سواری، یاری شمشێر، گۆڵبۆڵ (بۆنابینایان)، جۆدۆ، لان بولز، کێش هەڵگری، ساکێر (فووتبۆڵی کەمئەندامان)، تیرهاوێژی، مەلەکردن، پینگ پونگ، تێنس، ڤۆلیبۆڵ، لێخۆڕینی بەلەم (بەس بۆ نمایش بوو).

یەکەمین یارییەکانی زستانی پارائۆڵەمپیك لە دەرەوەی ئەوروپا ساڵی ١٩٨٨ لە (ناگانو) بەڕێوە چوو. دروشمی ئەوان (دۆستی و دڵەراوکێ) لە کاتی یارییەکان بوو. ٣٤ کێبەرکێ لە پێنج یاری وەرزشی لێخۆڕینی سورتمە، هۆکی بە سورتمە، ئیسکی ئالپاین(کوێستان)، ئیسکی درێژماوە و دووگانە (Biathlon) پێکهاتبوون. بەشداران بەنیسبەت چۆنییەتی و ڕادەی کەمئەندام بوونیان بە چەندین دەستەو گرووپی جۆراوجۆر دابەشکراون، ٥٧١ یاریزان (٤٤٨ یاریزانی پیاو، ١٢٣ یاریزانی ژن) و ٥٧١ کارگێڕ کە لەسەر یەك ١١٤٦ کەس لە ٣٢ وڵاتی جیهان لە یارییەکان بەشدارییان کردبوو. لە هێندێك وڵات، کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك بەرپرسایەتی وەرزشی کەمئەندامانی وەئەستۆ گرتووە، بەتایبەتی بەشداری ئەوان لە یارییەکانی پارائۆڵەمپیك لە ئەستۆی کۆمیتەی ناوبراو دایە.

لە هێندێك لە وڵاتانی دیکە، ڕێکخراوی تایبەتی ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ دایە. بەدوای دروشمی (سەرکەوتن بەسەر ڕۆحی ئینسان) یارییەکانی پارائۆلومپیك بە شانازییەوە ڕێبازێکی دروستکردووە تا یاریزانە لێهاتووی کەمئەندام بە خەڵکی جیهان بناسێنێ.



دەرکەوتووە یارییەکانی پاڵەوانی، کەرەستەیەکی شوێندانەرە بۆ پێکهێنانی یەکسانی، بەشداری، دەست پێراگەیشتن و زانیاری بۆ دەرخستنی هێزی کەسانی کەمئەندام هەیە. وەرزشی پاڵەوانی ئەو بۆچوونە کۆنەی ڕەد دەکاتەوە کە سەبارەت بە ئینسانی کەمئەندام بووە و بەپێچەوانەی لە چوارچێوەی وەرزشدا دەرکەوتووە.

یارییەکانی پارائۆڵەمپیك لە ئۆڵەمپیك جیا ناکرێنەوە، بەڵکو ڕێکخراوێکە لە لایەن IOC بە فەرمی ناسراوە. پارائۆڵەمپیك بەراستی جێگای بەربەرەکانی نێوان یاریزانانی کەمئەندام و لێهاتوو هەروەها بەهێزی جیهانە، کە بەشداربووان هەروەك یاریزانانی ئۆلومپیك بۆ وەدەستهێنانی ملوانکەی زێڕ تێدەکوشن.



**دیمەنێك لە یارییەکانی پارائۆڵەمپیکی زستانی**

## یاری جوانمێرانه (پاك و خاوێن):

لە ڕێورەسمی کرانەوەی یارییەکانی ئۆڵەمپیك، یاریزانێك بە نوێنەرایەتی یاریزانەکان، هەروەها ناوبژیوانێك بە نوێنەرایەتی ناوبژیوانان و بەرپرسانی یارییەکان سوێند دەخۆن. بەپێی ئەم سوێندانە یاریزانان و ناوبژیوانان دەبێ لە بەرامبەر یاساکانی یارییەکانی ئۆڵەمپیك کە (ڕۆحی ڕاستەقینەی یاریزانییە) بەرپرسیارن. کەوابوو سوێندی یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە دوو بەش پێکهاتووە. پێرەوی لە یاساکان و ئەویتر کرداری یاریزانانی لە چاچێوەی ڕۆحی وەرزشییە. وشەی یاری جوانمێرانە لە هەردوو بەشدا پێکهاتووە، هێندێك جار ئاماژە بە یاساکان و هێندێ جاریش ئاماژە بە ڕۆحی وەرزشەوانییە.

مەبەست لە یاری جوانمێرانە ئەوەیە کە یاریزانان لە چوارچێوەی یاسا و ئەخلاقی وەرزشی کە لە ڕۆحی یاریزانیدا هاتووە، نەچنەدەر و بۆ سەرکەوتن لە بەرامبەر رکەبەرەکانیان پەنا نەبەنە بەر پێشلکردنی یاساکان و بەکارهێنانی دەرمانی وزەبەخش و فیلێ و...هتد. ئەو یاریزانە یا تیپەی یاری جوانمێرانەی پاراستووە کە ڕێز و حورمەتی بۆ بەرامبەرەکەی دانابێ و ڕەنگ و نیژاد بە لایەوە گرینگ نەبێ و تەنیا لە چوارچێوەی یاساکان لە هێز و لێهاتوویی خۆی کەڵك وەریگرێ. ئەو یاریزانانەی کە بە پێچەوانەی یاری جوانمێرانە دەجوولێنەوە، واتە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن زیان بە ڕەقیبەکانیان دەگەینن یا یاساکان پێشلدەکەن و لە دەرمانی وزە بەخش کەڵك وەردەگرن، لە لایەن بەرپرسانی (IOC) یەوە بەتوندی سزا دەدرێن و بە پێچەوانە ئەوانەی کە لە چوارچێوەی یاساکان و ئەخلاقی وەرزشیدا یاری دەکەن خەلاتی یاری جوانمێرانەیان پێ دەدرێ.



## ئەلیف: یاساکان

وەرزش بەبێ یاسا بەڕێوە ناچێ، ئەو یارییانەی یاساکان لەبەرچاو ناگرن بەرەو لەبەن چوون دەرۆن. کەوابوو، لە قازانجی هەموو یاریزانەکانە کە پێرەوی لە یاساکان بکەن و پێشلکەرانی یاسا سزا بدرێن. لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی کۆن سزای یاریزانەکانی پێشلکەری یاسا زۆر قورس بووە. ئەوان دەبوو پەیکەرێکی دروستکراو لە برۆنز پێشکەشی بەڕێوەبەرانی یارییەکان بکەن.

لە یارییەکانی نوێ، پێشلکردنی بەئەنقستی یاساکان، یاریزان تووشی بێبەش بوون لە یارییەکان دەبێ. هەروەك ئەوەی کە لە یەکێك لە خولەکان یاریزانێکی یاری شمشێر بۆ وەدەستهێنانی خاڵی زۆرتر شمشێری خۆی دەستکاری دەکا، هەر بۆیە لە لایەن بەڕێوەبەرانەوە لە یارییەکان بێبەش کرا.

لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی کۆن (باستان)، پێشلکردن و فرت و فێڵ لە یارییەکان زۆر کەم بووە و لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی نوێش ئەم جۆرە کردارانە کەمبووە. ناوبژیوانی دروست لە چوارچێوەی یاسا زۆربەی ئەم پێشلکاری و فرت و فێڵانە دەر دەخا.

## بێ: پێشلکردنی یاساکان

هێندێك لە یاریزانان بەئەنقەست یاساکان پێشلدەکەن و سزاکەشی قبووڵدەکەن، لەبەر ئەوەی لە هێندێ جار ئەو پێشلکارییە لە قازانج و بەرژەوەندی ئەوانەوە تەواو دەبێ. بۆ وێنە گرتنی تۆپ لە یاری فووتبۆڵ بە دەست پێشکەشکردنی لێدانێکی پێناڵتی بۆ تیپی بەرامبەر زۆر باشترە لەوەی کە گۆڵێکت لێبکرێ.

ناوبژیوانان لە کاتی یاریدا، بواری ئەوەی هەیە هەر لە گۆڕەپانی یاریدا یاریزانە پێشلکارەکان سزا بداو بۆ ئەو مەبەستە چەندین ڕێگایان لە چوارچێوەی یاسای ناوبژیوانی خراوەتە پێش. وەکو بەکارهێنانی کارتی زەرد و سوور و... هتد. تەنانەت لەم سەردەمەدا ئەو یاریزانانەی لە کاتی یاریدا یاساکان پێشلدەکەن و لە چاوی ناوبژیوان بزر دەبێ، دواتر بەڕێوەبەران بە چاولێکردنی فیلمی یارییەکان یاریزانەکان سزا دەدەن.

## ج: ناوبژیوانی ناجوانمێرانه

مەبەست لە ناوبژیوانی ناجوانمێرانە ئەوەیە کە ناوبژیوانێك بەئەنقەست لایەنی یەکێك لە یاریزان یا تیپەکان بگرێ و مەجالی پێشلکردنی یاساکانیان پێ بدا. دیارە هیچ ناوبژیوانێك نییە کە لە کاری خۆیدا تووشی هەڵە نەبێ، ئەگەر ئەو هەڵەیە بەئەنقەست نەبوو، ئەوە دواتر لە سەر ئاکامی یارییەکە شوێنەوار دانانێ، بەڵام بەئەنقەست ئەو کارەی کردبێ لەوانەیە ئاکامی یارییەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت یا یاری دووپات بکرێتەوە و ناوبژیوانیش سزا بدرێ.

لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە رووداوێکی وەرزشی لە موندیالی ١٩٨٦ی مەکسیك بکەین. لەو موندیالەدا، لە قۆناغی سێهەمی یارییەکان دوو هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و ئینگلیز لە یارییەکی گرینگدا، یارییان دەکرد لەکاتی یاریدا لەنەکاو مارادۆنا




کاپتێنی ئەرژەنتین بە لێدانی دەست گۆڵێکی تۆمار کرد. ناوبژیوان هەستی بەوە نەکرد ئەو گۆڵە بە دەست تۆمارکراوە هەر بۆیە ئەو گۆڵەی بە دروست زانی. هەرچی



ئینگلیزەکان وتیان لێدانەکە بە دەست بووە ناوبژیوان نەچووە ژێربار لە ئاکامدا ئەرژەنتین ٢ — ١ سەرکەوتنی وەدەست هێنا و گەیشتە قۆناغی پێش کۆتایی. دواتر ناوبژیوان بە دیتنەوەی فیلمی یارییەکە هەڵەکەی بۆ دەردەکەوێ، هەر بۆیە داوای لێبووردن لە ئینگلیزییەکان دەکا.

کەوابوو هەڵەی ناوبژیوانی ئەگەر بەئەنقەست نەبێ بەشێك لە یاری وەرزشی پێکدێنێ و نابێ چاوەڕوانی ئەوەبین ناوبژیوانەکان بەتەواوی لە چوارچێوەی یاساکاندا ناوبژیوانی بکەن.



## ه: رۆحی وەرزشی

ساڵی ١٩٣٦، لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی برلین، لە یاری بازداندا، "جێسی ئۆنێس "لە ئەمریکا و "لازلانگ "لە ئەڵمان، بەدوای چوار جار بازدان هەردوو یاریزان گەیشتنە رێکوردی ٧/٨٧ مێتر و یەکسان بوون. لەو کاتەدا ئۆنێس بەنیسبەت چۆنیەتی بازدانی لازلانگ چەند رێنوێنییەکی کردو لازلانگیش بەلەبەرچاو گرتنی ئەو رێنوێنییانەدا، لە دوایین بازیدا گەیشتە رێکۆردی ٨/٠٦ مێتر و ئۆنێس وەك یەکەم کەس پیرۆزبایی لێکرد. هەردوو یاریزان کەوتنەبەر ئافەرین و چەپڵەی ٨٠ هەزار بینەری نێو یاریگا. ئەم کارەی ئۆنێس بوو بەهۆی دروستبوونی بناغەی دۆستایەتییەکی بەهێزی ئەو دوویاریزان، بەچەشنێ شەڕی دووهەمی جیهانی نەیتوانی کاریگەری لەسەر دابنێ.

سالّی ١٩٥٦، "کریستوفێر براشێر" (Christopher Brasher) یەکەمین کەسێك بوو کە لە هێڵی کۆتایی هەڵاتنی ٣٠٠٠ مێتری بەربەست تێپەری، بەڵام خێرا لە یارییەکان بێبەش کرا، لەبەر ئەوەی لە کاتی هەڵاتندا بۆ یەکێك لە رکەبەرەکانی بە ناوی لارسێن (Larsen) لە کاتی بازدان لە ئاو گرفتی بۆ دروستکردبوو. (رۆتسنوی) (Rotsnoi) لە (هەنگاریا)، لارسێن لە نێرویژ و (لاوفێر) (Laufer) لە ئەڵمان پلەی یەکەم تا سێهەمیان وەدەستهێنا. دواتر براشێر داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکەی کردو هەر سێ یاریزانی ناوبراو هەرچەند بە زەرەریان بوو، بەڵام پشتیوانییان لە براشێر کرد.

سالّی ١٩٦٤، لە یارییەکانی زستانی، تیپی ئینگلیز لە سەرەتای دەستپێکردنی یاری ئیسکی بۆی دەرکەوت بەشی سەرەکی داری ئیسکی ئەوان شکاوە. لەو کاتەدا




تیپی ئیتالیا لە باشترین کات و هەلدا بوون، بەڵام بەشی سەرەکی داری ئیسکی خۆیاندا بە ئینگلیزییەکان و لە کۆتاییدا، ملوانکەی زێریان بردەوە.



ئەم سێ رووداوە هیچ پێوەندییان بە یاساکانی وەرزشییەوە نییە، بەڵام نیشاندەری رۆحی وەرزشی یاریزانەکانە کە لە بەشی دووهەمی سوێندخواردنی ئۆلەمپیك، واتە (رۆحی راستەقینەی وەرزشەوانی)دا هاتووە. ئەوان دەریان خست لەبەرامبەر رکەبەرەکانیان وەك دوژمن ناجووڵێنەوە، بەڵکو وەك دۆستێکی رکەبەر هەڵسوکەوت دەکەن. تێکوشان بۆ سەرکەوتن دەبێ لەگەڵ رێز و حورمەت بە رکەبەر و دۆستی لەگەڵ ئەوان بێ.

## ی: بەرەوپێش بردنی یاری جوانمێرانە

بۆ بەرەو پێش بردنی یاری جوانمێرانە کە بە داخەوە لەم سەردەمەدا زۆر بە کەمی دەبینرێ، لەبەر ئەوەی وەرزش بووەتە پیشە و یاریزانان بۆ سەرکەوتن لە یارییەکان پەنا دەبەنە بەر زۆر شت و یاری جوانمێرانە و تەنانەت هێندێك جار یاساکانیش پێشل دەکەن.

بۆ بەرەو پێش بردنی یاری جوانمێرانە یاریزانەکان لەپێشدا، دەبێ لەگەڵ هاوتیپییەکانی خۆیان دۆستایەتییەکی بەهێز لە چوارچێوەی رۆحی وەرزشی هەبێ،



تا ئەم کارە ببێتە پێشەکییەك بۆ پاراستنی یاری جوانمێرانە لە بەرامبەر رکەبەرەکانیان. راهێنەرەکان دەبێ نەقشی بەرچاویان لەو پێوەندییەدا

هەبێ و نابێ داوای سەرکەوتن بە هەموو نرخێك لە یاریزانەکان بکەن و زۆرتر ئاماژە بە یاساکان و ئەخلاقی وەرزشی و پاراستنیان بکەن.

دەزگا راگەینە گشتییەکانیش دەتوانن لەو بوارەدا نەقشی کاریگەریان هەبێ و لە نێو چالاکییەکانی خۆیاندا، لەسەر یاری جوانمێرانە و رۆحی وەرزشی یاریزانەکان بدوێن و بنووسن و ئەگەر حەرەکەتێکی جوانمێرانەیان لە یاریزانێك یا تیپێك دیت بڵاوی بکەنەوە، تا ببێتە هاندەری یاریزان و تیپەکانی دیکە.

## وەرزش و راگەینە گشتییەکان:

پێش ئەوەی یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە رێگای رادیۆ و تەلەڤیزیۆندا بڵاو بکرێنەوە، بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك زیاتر لە چل ساڵ مێژووی هەبوو. یەکەمین خولی یارییەکانی ئۆڵەمپیك ساڵی ١٨٩٦ بە هۆی رۆژنامەنووسان هەواڵەکانی دەنووسراو راپۆرت دەکرا. لە بەرلین، ساڵی ١٩٣٦، بیست و پێنج هۆڵی تایبەت بە ئیمکاناتی پێویست بە سیستەمی تەلەڤیزیۆنی داخراو، ئەو بوارەی پێکهێنا تا یارییەکان لە رێگای شاشەی تەلەڤیزیۆنی لە سەرتاسەری ئەڵمان بڵاو بکرێتەوە. رۆژانە ١٦٠ هەزار کەس لەم رێگایەوە یارییەکانیان چاولێدەکرد. یەکەمین خولی یارییەکان کە لە رێگای تەلەڤیزیۆنییەوە بڵاوکرانەوە، یارییەکانی ملبۆرن لە ساڵی ١٩٥٦ بوو. ساڵی ١٩٦٤، لە تۆکیۆ یەکەمین بەرێکەری ماهوارەیی بەکاربرا. بە تێپەربوونی چل ساڵ لەو رۆژەوە، ٣٠٠ میلیۆن بینەری دیکە دەتوانن یارییەکانی ئۆڵەمپیك بە کەڵك وەرگرتن لە ماهوارە ببینن. لەم سەردەمەدا، تەکنەلۆژی پێشکەوتوو ئەم بوارەی پێکهێناوە تا هەر کەسێك بتوانێ یارییەکان ببینێ یا راپۆرتەکانی ببیسێ.

## راگەیاندن لە یارییەکان:

بۆ یارییەکانی ئۆڵەمپیك، راگەیاندن گرینگییەکی زۆری هەیە، ئەم مەسەلەیە تەنانەت لە دەستووری (مەنشور) ئۆڵەمپیکدا هاتووە کە مێوانداری یارییەکان دەبێ



ئیمکاناتی پێویست بۆ دەزگا راگەینەکان پێکبێنێ. ئامانج ئەوەیە هەواڵی یارییەکان بە شێوەی تەواو و رێکوپێك بڵاوبکرێنەوە و بواری دیتنی یارییەکان بۆ تەواوی خەڵکی جیهان پێکبێت.

یارییەکانی ئۆڵەمپیکی ١٩٩٦ی ئاتلانتا (ئۆڵەمپیکی سەد ساڵە)، لە ٢١٤ وڵات و موستەعمرەی جیهان لە رێگای تەلەڤیزیۆنەوە بڵاوکرانەوە و وا بەراورد کراوە لە هەر ١٠ کەسی وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتن، ٩ کەس یارییەکانی لە تەلەڤیزیۆنەوە دیتبێ. رادەی ئەو کەسانەی لە سەرتاسەری جیهان یارییەکانیان لە رێگای تەلەڤیزیۆنەوە دیتووە، ١٩٦ ملیۆن کەس بەراورد کراوە.

یارییەکانی ئۆڵەمپیکی زستانی ساڵی ١٩٩٤ی لیل هامێر (Lillehammer)، بۆ ١٢٠ وڵاتی جیهان بڵاوکرانەوە و نیزیکەی ١٠٧ ملیۆن کەس یارییەکانیان دیتوە. نیزیکەی ١٦٠ وڵات، یارییەکانی زستانی ناگانۆ (Nagano)ی ١٩٩٨ی لە رێگای تەلەڤیزیۆنی وڵاتەکانیان بڵاوکردووەتەوە.

بۆ بڵاوکردنەوەی یارییەکان لە رێگای رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەوە، کۆمیتەی بەڕێوەبەری یارییەکان لەسەریەتی ئیمکانات و کەرەستەی تەواو و رێکوپێکیان بۆ دابین بکاو هەزینەی کەشی بدا، دیارە دەبێ ئەوەیش بزانین بەشێك لە فرۆشی بڵاوکراکردنەوەی یارییەکان لە رێگای رادیۆ و تەلەڤیزیۆن لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (IOC) دەدرێتە وڵاتی مێواندار و کۆمیتەی بەڕێوەبەری یارییەکان.

راگەینەکان، دوو خزمەتی گەورە و گرینگ بە کۆمیتەی نێونەتەویی ئۆڵەمپیك و بزووتنەوەی ئۆلومپیك دەکەن. یەکەم، بە کڕینی مافی بڵاوکردنەوەی تەلەڤیزیۆنی یارییەکان، داهاتێکی یەکجار زۆر بۆ (IOC) وەدەست دێنن. دووهەم ئەوان یارییەکان و مەسایلی دیکەی بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك دەخەنە بەر چاوی بەشێکی زۆر لە خەڵکی جیهان.

## دەوڵەت و وەرزش:

**ئەلیف: پێوەندی نێوان دەوڵەت و وەرزش**

لە زۆربەی وڵاتان، شێوەی ئیدارەکردنی وەرزش لە بەرەو پێش بردنی وەرزشی ئۆڵەمپیك نەقشێکی زۆری هەیە. شێوەی ئیدارەکردنی دەوڵەتەکان بەنیسبەت وەرزش دەتوانێ لە پشتیوانی چالاکانە تا وەپشتگوێ خستنی لە هەڵبەز و دابەزیندا بێ.

وەرزش بۆ دەوڵەت گرینگە، لەبەر ئەوەی ئەم هەلانەی خوارەوە بۆ کۆمەڵگا پێکدێنێ:

* هاندانی لاوان بۆ بەشداری لە چالاکییەکانی کومەڵگا.
* بەرەوپێش بردنی تەندروستی.
* باش بوونی وەزعی خوێندن، بەرەوپێش چوونی کەسایەتی و بەشداری گشتی لە تەواوی تەمەنەکان.
* وەدەستهێنانی متمانەی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی.
* پشتیوانی لە چەمکی یاری جوانێرانە.
* ئاڵو گۆڕەکانی نێونەتەوەیی.

هەروەها دەوڵەت بۆ وەرزش گرینگە، لەبەر ئەوەی دەتوانێ:

* هەزینەکانی ماددی وەرزش دابینبکاو ئیمکانات و کەرەستەی پێویستی بۆ تەرخانبکا.
* بەڕێوەبەران، ڕاهێنەران و مامۆستایانی وەرزشی پەروەردە دەکا.
* بە پێشکەشکردنی شێوەکانی ڕێکوپێکی پەروەردەیی و خزمەتکردن بە وەرزشەوانان یارمەتی دەکا.
* بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکان، خولەکان و دابینکردنی بودجە یارمەتی دەکا.
* بۆ بەرەوپێش بردن و شێوەی ژیانی دروست لە ڕێگای ڕاگەیاندن یارمەتی دەکا.
* بە زۆر بوونی بەشداری بینەران لە یارییەکان یارمەتی دەکا.



* هەم لە بواری ماددی و هەم لە بواری بەڕێوەبەری پزیشکی، زانست و ئەمنییەتی وەرزشی پشتیوانی دەکا.
* دەست پێراگەیشتن بە پێکهاتەکانی بچووکتر پێکدێنێ و لە ئاکامدا هەلی زۆر بۆ بەرەوپێش بردنی وەرزش لە ڕێگای کارگێڕان یا بەشەکانی دەوڵەتی وەك: ئەرتەش، تەندروستی و خۆشبژی، پیشە، پێوەندییەکان، خزمەتگوزاری گشتی، فێربوون و پەروەردەکردن و لاوان پێکدێنێ.

**پێوەندی دروست لە نێوان دەوڵەت و وەرزش لەم خاڵانەی خوارەوەدا پێکهاتووە:**

* پێوەندی بەردەوام لە نێوان کارگێڕان.
* حورمەتی دوولایەنە.
* هاوکاری و هاوفیکری.
* ڕوونکردنەوەی ئەرکەکان و بەرپرسایەتیی هەر کامەیان لە بەرەوپێشبردنی وەرزش.
* پشتیوانی ماددی دەوڵەت.
* ئەنجوومەنەکانی وەرزشی لە بواری ماددی و فەننییەوە، بەرپرس و وەڵامدەر بن.
* پێداویستییەکانی دەوڵەت و وەرزش بە حورمەتی دوولایەنە دابینبکرێ.

**نیشانەکانی پێوەندی لاواز یا نادروست نێوان دەوڵەت و وەرزش:**

* پێوەندی لاواز و هاوفیکری داخراو.
* هەرکامەیان سەربەخۆ لەوی دیکەدا کار بکا.
* بوودجە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك.
* گوێ نەدان بە پێداویستییەکانی یەکتر.
* ئەنجومەنەکانی وەرزشی بڵێن پارەمان پێ بدەن و کارتان پێمان نەبێ.
* ئاگادارنەبوون لە چوارچێوە داخراوەکان، ئاوات و ئارەزووەکانی یەکتر.

## سەربەخۆیی کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك:

دەستووری ئۆڵەمپیك (١٩٩٧) ئاماژە بە پێوەندی نێوان کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك و دەوڵەت دەکا.

لە یاسای ٣١، خاڵەکانی ٣ و ٤و٥ بەم شێوەیە هاتووە:

٣- کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك خاوەنی دەسەلاتێکن کە لە پاوانی خۆیانە، بە نوێنەرایەتی کردنی وڵاتەکەیان، لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك، یارییەکانی ناوچەیی، قارەیی (کیشوەری) و جیهانی کە لە ژێر چاوەدێری کۆمیتەی نێونەتەوەیی بەڕێوە دەچن، بەشداریدەکەن.

٤- کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك دەسەلاتی ئەوەیان هەیە تا ئەو شارەی کە لە وڵاتی خۆیان خوازیاری مێوانداری یارییەکانی ئۆڵەمپیکن کاندید بکەن.

٥- کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك لە راستای راگرتنی پێوەندی و هاوئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ هەیئەتەکانی دەوڵەتی کار دەکا. هەروەها دەبێ لە بەرنامەرێژی بۆ بەرەوپێش بردنی وەرزش لە تەواوی ئاستەکان تێکۆشانی هەبێ. بە بەشداری کردنی وەرزش لە کاروباری فێربوون و پەروەردەکردن، تەندروستی، ئابووری و نەزمی کومەلایەتی بۆ کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك کە لە پشتیوانی خاوەن دەسەلاتەکانی گشتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵك وەردەگرن زۆر باشە. سەرەڕای ئەمە، کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك، سەربەخۆیی و خودموختاری خۆیان دەپارێزن و لە بەرامبەر هەموو جۆرە زەختێك بەرگری دەکەن، وەك: زەختی سیاسی، مەزهەبی و ئابووری، کە لەوانەیە ئەوان لەوەی وەك دەستووری ئۆڵەمپیك کاردەکەن راگرن.

**هێندێك روونکردنەوە لە سەر پێوەندی کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك لەگەڵ دەوڵەت:**

لێرەدا، هێندێك لەو کێشە و گرفتانەی کە لەوانەیە کاریگەری هەبێ لەسەر پێوەندی نێوان کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك و دەوڵەت دەخەینە بەرباس.



١- کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك چۆن دەتوانێ سەربەخۆیی لە دەوڵەت راگرێ، لە کاتێکدا هاوکات لە بواری ماددییەوە بە دەوڵەت بەستراوەتەوە؟

٢- چ مەسەلەیەك لە وڵاتی ئێوە دەتوانێ، ناکۆکی توند لە نێوان کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك و دەوڵەت دروستبکا؟

٣- کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك لە کاتی ناکۆکی بەرچاو لەگەڵ دەوڵەتدا، چ کارێك دەتوانێ بکا؟

٤- پێوەندی کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیکی خۆتان لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی وڵاتەکەتان لە پێنج خاڵدا شیبکەنەوە؟

٥- چۆن دەوڵەت و کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك، دەتوانن یارمەتی یەکتری بکەن؟

٦- بەشەکان یا وەزارەتەکانی تایبەتی دەوڵەت کە بەرپرسایەتی بەرەوپێش بردنی وەرزشیان هەیە کامانەن؟ وەك: فەرهەنگ، لاوان، فێربوون و پەروەردەکردن و وەرزش.

٧- ئایا ئێوە یاسای وەرزشتان هەیە؟ ئەم یاسایانە چی دەڵێن؟

٨- ئایا ئاگاتان لەوەیە کە دەوڵەت چ ئامانجێك بۆ وەرزش پەیڕەوی دەکا؟ ئەگەر ئاگاتان لێیە، ئەم ئامانجانە چین؟

٩- کام وەزارەت یا رێکخراوێکی دەوڵەتی بەرپرسی وەرزشە؟ بەرپرسایەتییەکانی دیکەی ئەم وەزارەتە چین؟

١٠- ئایا ئەم رێکخراوە یا وەزارەتەی دەوڵەت راستەوخۆ پێوەندی بە وەرزشەوە هەیە یا بە شێوەی ناراستەوخۆ بۆ دابەشکردنی بوودجە کار دەکا؟ بۆ وێنە دەتوانن ئاماژە بە بەشداری وەرزش بکەن.

١١- کامە وەزارەت یا رێکخراوی دەوڵەتی لە بەرەوپێش بردنی وەرزش (بۆ وێنە فێربوون و پەروەردەکردن، قوتابخانەکان، زانکۆ، هێزەکانی لەشکری، پۆلیس لە پارێزگاکان) سەرقاڵن؟

١٢- چۆن کارگێڕانی جۆراوجۆری دەوڵەتی یەکدەست کاردەکەن؟

١٣- ئايا بەرنامەی نەتەوەیی وەرزشی هەیە؟ ئەگەر هەیە، چ کەسێك بەرپرسی ئامادەکردنیەتی و چ کەسێك بەرپرسی چاوەدێری بەسەر بەڕێوەبردنی ئەو بەرنامەیە دەکا؟

١٤- چۆن بۆ بودجەی دەوڵەتی کار دەکەن؟

١٥- چۆن دەتوانن داواکاری ماددی خۆتان زۆر بکەن؟

١٦- پێگەی کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك لە پێکهاتەی نەتەوەیی وەرزشی ئێوە چییە؟

١٧- رێگاکانی بەشداری کردنی رێکخراوەکانی غەیری دەوڵەتی و دەوڵەتی چین؟

١٨- چۆن دەکرێ ئەم بەشداری کردنە زۆر بکرێ؟

١٩- بەشی غەیری دەوڵەتی وەرزش، بۆ باشتربوونی ئەم بەشداریکردنە چ کارێك دەتوانێ لە خۆی نیشانبدا؟

**کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکان و رێکخراوەکانی دیکەی نێونەتەوەیی:**

بەرپرسی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، لە ماوەی سەردانەکانی خۆی لە کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك تێدەکۆشێ تا لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتەکان لەبەر ئەو خاڵانەی خوارەوە چاوپێکەوتن بکا:

* بۆ باسکردن سەبارەت بە ئوسول و ئامانجەکانی بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك.

* بۆ شیکردنەوەی گرینگی وەرزش بۆ دەوڵەتەکان بە ئامانجی یارمەتی ئەوان بۆ بەرەوپێش بردنی وەرزشی گشتیی و بەربەرەکانی.

* بۆ دڵنیاکردنەوەی گرینگی ئەم مەسەلەیە کە کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك و کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، سەربەخۆن. کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك لەگەڵ زۆربەی ئاژانسەکانی نێونەتەوەیی لەوانە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی دیکەی سەربە وەرزش، رێککەوتنی هاوکاری مۆر دەکا.



لە نوامبری ساڵی ١٩٩٧، پەنجاودووهەمین کۆبوونەوەی کومەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بڕیارنامەیەکی بەناوی "دروستکردنی جیهانێکی ئاشتیخواز و باشتر لە رێگای وەرزش و ئامانجەکانی ئۆڵەمپیك "ی بە دەنگی زۆرینەی ١٧٨ نوێنەر لە وڵاتانی جۆراوجۆر پەسند کرد.



## سەرچاوەکانی داهات:

سەرچاوە پێکهاتووە لەو یارمەتی و پشتیوانییە، کە بۆ وەدەستهێنانی شتێك کەڵکی لێوەردەگرین. یەکێك لە لێهاتووەکانی بەڕێوەبەرێکی وەرزشی ئەوەیە، ئەم سەرچاوانە بناسێ کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان یارمەتی دەکا.

## ١- سەرچاوە ئینسانییەکان:

هەر کۆمیتەیەکی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك بۆ پلانەکانی: ڕێکخستن، بەڕێوەبەر، دابینکەری سەرچاوە ماددییەکان، بەرنامەڕێژ، کارگێڕ، راهێنەر، یاریزان و پسپۆڕانی پزیشکی وەرزشی بە تەواوی بە خەڵکەوە بەستراوەتەوە. لەوانەیە بەنرخترین سەرچاوەی کۆمیتەیەکی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك وەرزشەوانان و رۆحی بەرزی ئەوان بێت.

***  سەرچاوەی ماددی**

هەر کۆمیتەیەکی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك بۆ بەرەوپێش بردنی بەرنامەکان و پرۆژەکانی خۆی پێویستی بە پشتیوانی ماددییە. پشتیوانییە ماددییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك بتوانێ بە ئامانجەکانی بگات. زۆربەی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك بەشێکی زۆری سەرچاوە ماددییەکانی خۆیان لە دەوڵەت وەردەگرن. سەرەڕای ئەوەی لە یارمەتییەکانی ماددی لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، داهاتەکان، دۆزینەوەی بازاڕ، حەقی ئەندامەتی ئەندامەکان کەڵك وەردەگرن.

*** سەرچاوەی پێداویستییەکانی کار**

پێداویستییەکانی ئیشکردن، کەرەستەیەکن بۆ دڵنیابوون لە کارلێهاتوویی و سەرکەوتنی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك. ئەم پێداویستییانە، دەتوانێ لەم کەرەستانە پێکبێن: دەزگای تایپ، کۆمپیوتەر، دەزگای فۆتۆکۆپی، قەفەزەکانی بایگانی (ئارشیو)، مێزی نووسین، بینا و کەرەستەی پزیشکی.



## ٢- سەرچاوەکانی خزمەتگوزاری:

لەبەر چاوگرتنی دروستی پێداویستییەکانی وەرزشەوانان و راهێنەران، گرینگییەکی زۆری هەیە. وادێتە بەر چاو کە ئەم مەسەلەیە زۆر پێویست ناکا، بەڵام سەرنجڕاکێشە کە تا چ ئەندازە هێندێك لە بەڕێوەبەرانی وەرزشی لە پێداویستییەکان و خواستەکانی وەرزشەوانان و راهێنەران ئاگایەکی دروستیان نییە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی راهێنەر و وەرزشەوانان دەکەین:

**وەرزشەوانان:**

* شوێنی نیشتەجێبوون و خواردنی باش لە تەنیشت شوێنی راهێنان.
* دابینکردنی کەرەستەکانی هاتوچۆ.
* لە دەست نەدانی هەلەکانی خوێندن لە هەموو ئاستەکان.
* لە دەست نەدانی هەلەکانی پیشەیی و دامەزراندن.
* لە دەست نەدانی هەلەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، رابواردنی سالێمی غەیری وەرزشی.
* پشتیوانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی راگەینە گشتییەکان.

**راهێنەرەکان:**

* لەبەر دەستدابوونی هاوکاری کارلێهاتوو وەك: هاوکار، بەڕێوەبەر و پسپۆڕی پزیشکی.
* لەبەر دەستدابوونی خزمەتگوزاری تایبەتی، وەك: شوێنی پێویست بۆ کەرەستەکانی فێربوونی، کونترۆلی کێش و... هتد.

## داهاتی وەرزشەوانان:

### ئاماتوریسم و پیشەیی بوون:

بۆ هیچ کەسێك جێگای باوەڕ پێکردن نییە، وەرزشەوانێك بتوانێ لە ئاستێکی بەرزی وەرزشیدا بەبێ هیچ چەشنە پشتیوانییەکی ماددی چالاکی هەبێ و لە یارییەکاندا بەشدارییکا. وشەی ئاماتۆریسم کە لە هەشتا ساڵی یەکەمی سەدەی بیستدا باو بوو، لەم سەردەمەدا بە کردەوە نییە. بە بڕیاری کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆلەمپیك لە ساڵی ١٩٨١ ، بۆ جێنشین کردنی وشەی "خاوەن مەرج بوون " لە جێی ئاماتور، ئاڵوگۆڕی خێرای بە پێچەوانەی ئامانجەکانی ئاماتۆر پێکهێنا. ئێستا ئەم وشەیە بەتەواوی هەم لە بواری پارە و هەم بە مانای ڕاهێنانی تەواو وەخت بە پیشەیی بوون گەیشتووە. ڕاهێنەران، بەڕێوەبەران و وەرزشەوانان لە ئاستی سەرەوەی پاڵەوانی، بە گشتی بە کەڵکوەرگرتن لە پشتیوانی جۆراوجۆری ماددی دەوڵەت، ئەنجوومەنەکان، یانەکان و...هتد بە شێوەی تەواو وەخت (پیشەیی)کار دەکەن. هێندێکیان خەڵاتێکی بەرچاو بۆ بەشداریکردن لە یارییەکان وەردەگرن.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆلەمپیك و (Ifs)، بەشداری وەرزشەوانانی پیشەیی لە یارییەکانی (وەك: بەسکێتبۆڵ، تێنس، هۆکی سەر سەهۆڵ) لەبەر ئەوەی باشترین یاریزانانی جیهانن بەشدار دەکا و تەلەڤیزیون و یانەکان و پشتیوانە ماددییەکانیشیان لە سەر ئەو باوەڕەن، بوونی ئەم جۆرە یاریزانە ناودارانە لە یارییەکان، بینەری یارییەکان زۆرتر دەکا.

وشەی ئاماتۆر، ئەوەمان پێدەڵێ کە، تەواوی وەرزشەکان، دەبێ بە شێوەی ڕابواردن بێت و بەشێك لە ژیانی مرۆڤە و ژیان ناهێنێتە ژێر سێبەری خۆی. وەرزش جۆرێك لە فێربوونی ژیانە و ڕاهێنانە بۆ ئاشنابوون بە کاروباری ڕاستییەکان. پییردۆکوبرتێن بە تەواوی بەم شێوەیە سەیری وەرزشی دەکرد. سەرەڕای ئەمە نیگەرانی زۆربەی خەڵکی ئەوەیە کە کارکردی وەرزشەوانان و ڕاهێنەران لە ڕاستای



دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ بۆ دابینکردن و وەدەستهێنانی پارەی زۆرتر ببێتە هۆی ئەوەی تا ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لە نێو وەرزشدا ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتربێت.

هێندێکی دیکە لە سەر ئەو باوەڕەن (لەوانەیە دروستیش بێت) زۆربەی هەرە زۆری وەرزشەوانانی ئۆلەمپیك ڕێگایەکی تریان جیا لە پیشەیی بوون بۆ وەدەستهێنانی خەرجەکانی وەرزشی خۆیان نییە و بە پێچەوانە ئەگەر بە شێوەی پیشەیی وەرزش نەکەن دەبێ تاوانێکی زۆری ماددی بدەن تا بتوانن لە ڕۆژدا ٢ تا ٣ جار ڕاهێنان بکەن، یا ئیش و کار و وانەکان و زانکۆ لەگەڵ ژیانی وەرزشی ڕێکبخەن کە ئەمەیان یەکجار سەخت و دژوار دەبێت.

### وەرزشەوانی تیجاری:

ئێستا، یارییەکانی ئۆلەمپیك و جیهانی تیجارەت و بازرگانی، پێوەندییەکی تەواو گەرم و گوڕیان پێکەوە هەیە. وەرزشەوانانی زبدە (ژن و پیاو) دەبێ ڕوو لە وەرزشی پیشەیی بکەن. پێوانەکانی ئەم سەردەمە ئەوەی دەخوازێ. هێندێك کەس تەواو وەخت ڕاهێنان دەکەن و زۆر کەسیش بۆ پێگەیاندنی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە یارییەگرینگەکان، ئیجازەی (مەرەخەسی) درێژماوە وەردەگرن. تەنانەت لەوانەیە بۆ چەندین حەوتوو یا مانگ نەتوانن بنەماڵە و کەس و کاری خۆیان ببینن. دەتوانین بڵێین کە لە قۆناغی ئاماتۆر تێپەریوون و لە قۆناغی پیشەیی و بە تەواوی مانا تیجاری و بازرگانی گەیشتوون. وەرزشەوانی تیجاری دەبێ سەرکەوتوو، لێهاتوو، قەڵافەتی باش، سەرنجڕاکێش و توانای وەدەستهێنانی داهاتی جۆراوجۆر هەم لە نێو گۆڕەپانی وەرزش و هەم لە دەرەوەی گۆڕەپان هەبێ. یاریزانی تیجاری بەرهەمی یارییەکانی وەرزشی و بەڕێوەبەری ڕێك و پێکە.

وەرزشی تیجاری و بازرگانی دروست وەکو، تیجارەت و بازرگانییە، تەنانەت دەتوانین لەگەڵ ئیشی کارگەکان بەراوردی کەین، بۆ وێنە: لە پاڵاوگەیەکی نەوت کە بەرهەمەکانی لە جۆرەکانی نەوت، بەنزین، گاز، قیر و . . . هتد پێکدێت لە

بنەڕەتدا ماددەیەکی خاو هەیە، کە بەدوای ئیشکردن لەسەری ئەم مەوادده بەرهەمەکان دروستدەکرێن. لە وەرزشی تیجاریدا، بەهەمان شێوەیە. قوتابخانەی وەرزشی هەیە ئیش و کاریان هەروەك کارگەکانە، لەم قوتابخانە وەرزشییەدا، مەوادی خاو منداڵان و مێرمنداڵانن کە بە هۆی بنەماڵەکانیانەوە بە بەستنی ڕێکەوتنێك لە گەڵ یانەی خاوەن قوتابخانە، ئەو مێرمنداڵە لە بواری وەرزشییەوە دەبێتە ملکی ئەو یانەیە و ئەو یانەیە بە تەرخانکردنی ئیمکاناتی پێویست ڕاهێنەری پسپۆڕ، پەروەردەیان دەکەن و دواتر لە گۆڕەپانەکانی وەرزشی بواری خۆنواندنیان پێ دەدەن و بە نرخێکی سەرسورهێنەر بە یانەکانی تر دەیانفرۆشن. ئەگەر ئاورێك لە وەرزشەکانی فووتبۆڵ، بەسکێتبۆڵ، بەیسبۆڵ، تێنس و...هتد بدەینەوە ئەم مەسەلەیەمان زۆرتر بۆ دەردەکەوێ. لە وڵاتی هۆلەند بە دەیان قوتابخانەی فووتبۆڵ بۆ منداڵان و مێرمنداڵان هەیە کە دوای پەروەردەکردنیان بە یانەبەهێزەکانی دەفرۆشن.

یانەیەکی وەرزشی کە بە شێوەی پیشەیی (حیرفەیی) چالاکی هەیە، داهاتەکانی تەنیا بە وەرزشەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ئەو یانەیە لە بەستنی ڕێکەوتنی جۆراوجۆر لەگەڵ، کۆمپانیاکان، تەلەڤیزیۆن، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەروەها کەڵك وەرگرتن لە یاریزانانی لە پروپاگەندەی جۆراوجۆری بازرگانی بە دەیان بەرابەری چالاکییەکانی وەرزشی داهات وەدەستدێنێ. بۆ وێنە ساڵی ٢٠٠٧، (دەیڤید بێکهام) یاریزانی بەناوبانگی ئینگلیزی و یانەی (ریال مەدرید)ی ئیسپانیا کە ماوەی ڕێکەوتنی لە گەڵ یانەی ناوبراو کۆتایی پێ هاتبوو بە بەستنی ڕێکەوتنێکی ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری چووە یانەی (گالێکسی)ی ئەمریکا. ئەم ڕێکەوتنە، لە تەواوی جیهان دەنگی دایەوە و زۆر کەس لەسەر ئەو باوەڕە بوون، یاریزانی ناوبراو تەمەنی لە سەرەوەی ٣٠ ساڵە و ئاستی یاری کردنی دابەزیوە، بەڵام بەرپرسی یانەی گالێکسی ڕایگەیاند ئێمە لەو یاریزانە بە دوو بەرامبەری ئەو پارەیە لە داهاتوودا قازانج دەکەین. بێکهام کەسایەتییەکی بەناوبانگی وەرزشییە و لە پروپاگەندە بازرگانییەکاندا زۆر بە چاکی دەتوانێ نەقشی هەبێ و لە نێوان لاواندا زۆر خۆشەویستە، ئێمە بۆ ماوەی ٥ ساڵ بە



تەواوی بێکهامان لە بەردەست دایە. هەم یاری پێدەکەین، هەم لە کاروباری پروپاگەندەی تیجاری کەڵکی لێوەردەگرین. تەنانەت بوونی ئەم یاریزانە لە ریزی یانەکەمان دەبێتە هۆی ئەوەی بینەرێکی زۆرتر روو لە یاریگاکان بکەن، کە ئەوەش زۆر بوونی داهاتی ئێمە دەبێ لەم ڕێگایەوە.

لێرەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە یاریزانێك تا کۆتایی ماوەی ڕێکەوتنەکەی لە بواری وەرزشییەوە وەکو کەرەستەیەك لەبەردەست ئەو یانەیە دەبێ. لە ئیشی پروپاگەندە بەکاری بێنێ یا بە یانەیەکی دیکە بیفرۆشێ.



**دەیڤید بێکهام بە ڕێکەوتنێکی ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری چووە یانەی گالێکسی تا وەرزش زۆرتر بچێتە ژێر پرسیار**

## سەرچاوەکانی داهاتی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیک:

### کۆمیسیۆنی دۆزینەوەی بازاڕی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیک

لە ساڵەکانی یەکەمی چالاکییەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیک، سەرچاوەیەکی تایبەتی ماددی بۆ یارییەکان نەبووە. کۆمیتەی بەڕێوەبەری (OCOGs) یارییەکان و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی ئۆڵەمپیک لە سەریان بوو هەزینەکانی بەڕێوەبردنی یارییەکانی ئۆڵەمپیک دابینبکەن.

لەگەڵ بەرەوپێش چوونی بزووتنەوەی ئۆڵەمپیک، کۆکردنەوەی یارمەتییەکان دەستپێکرد. هەر ئەو کات روون بوو کە دەبێ شێوازێکی دروستتر بۆ کۆکردنەوەی یارمەتییەکان بگیرێتە پێش و یەکەم هەنگاوەکان بۆ ئەم مەبەستە لە دەیەی ١٩٨٠ هەڵگیرا تا:

* بەرنامەیەك ئامادە بکرێ کە بە بەردەوامی یارمەتی ماددییەکانی بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك دابینبکا.

* سەرچاوەکانی ماددی بەرفراوان بکرێن، بەو شێوەیە کە تا پێش ساڵی ١٩٩٨، دەوروبەری ٨٠٪ی داهاتەکان لە بڵاوکردنەوەی یارمەرتییەکان بەهۆی راگەیەنەکانی ئەمریکایی دابیندەکرا.

* داهاتەکان بە شێوەیەك لە نێوان کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك، کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری، فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان و کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك دابەشبکرێ کە سەربەخۆیی ماددی ئەوان بپارێزێ.

* ریکلامە بێ حیساب و کتێبەکانی ئۆڵەمپیك لە رێگای کەمکردنەوەی رادەی شەریکەکانی بڵاوکردنی ئەم جۆرە ریکلامانە کەم بکرێنەوە و کەڵك وەرگرتن لە نیشانەکانی ئۆڵەمپیك کونترۆل بکرێت.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، وەك خاوەنی یارییەکانی ئۆڵەمپیك و نیشانەکانی، بەرپرسی رێکخستنی گشتی و بەڕێوەبەری بەرنامەکانی دۆزینەوەی بازاڕی ئۆڵەمپیکە.



لە ساڵی ١٩٨٣، کۆمیسیۆنێك بە ناوی (سەرچاوە نوێیەکانی کۆمیسیۆن ماددی) بە ئامانجی ناسینی سەرچاوەی نوێی داهات و هاوکات پێداگرتن بۆ شێوەکانی بەڕێوەبەری و راگرتنی سەربەخۆیی بزووتنەوە لەگەڵ هەیئەتی بەڕێوەبەری کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، دامەزرا.

ئەم کۆمیسیۆنە ئێستا ناوی (کۆمیسیۆنی دۆزینەوەی بازاڕی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك)ە. بەشی دۆزینەوەی بازاڕی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك بڕیارەکانی پەسەندکراوی "سەرچاوەکانی نوێی کۆمیسیۆنی ماددی" بەڕێوەدەبات. ئەم بەشە باسکی چالاکی دۆزینەوەی بازاڕە و بە شێوەی راستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیاکان، راگەینەکان، کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك و کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری یارییەکان کار دەکا تا:

* بەرنامەی نوێ دابنێن. وەك بەرنامەی هاورێیانی ئۆڵەمپیك (TOP)، بەستنی رێکەوتنەکانی پەیوەندیدار بە بەرهەمی کەرەستەکان و دانی ئیجازەی بەرنامەکان.

* پشتیوانی لە بەستنی رێکەوتن بۆ وەدەستهێنانی مافی بڵاوکردنەوەی راگەینەکان لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك و بەستنی رێکەوتن لە چوارچێوەی سیاسەتی راگەیەنی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی یارییەکان لە رێگای تەلەڤیزیۆن بۆ ئەوەی خەڵکی سەرتاسەری جیهان کەڵکی لێوەرگرن.

* یارمەتی بە کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری، بۆ ئامادەکردنی بەرنامەکانی دۆزینەوەی بازاڕ کە لەگەڵ بەرنامە گشتییەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك بێتەوە و لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتە پەسەند بکرێت.

* فێربوونی کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك سەبارەت بە دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی دۆزینەوەی بازاڕی ناوچەیی خۆیان.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك کەمتر لە ٦٪ی لە داهاتی گشتی بۆ خۆیان رادەگرێ و زیاتر لە ٩٤٪ی ئەو داهاتە لە نێوان کۆمیتەکانی نەتەوەیی، کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری یارییەکان و فیدراسیۆنەکانی نێونەتەوەیی دابەشدەکا.

## ١ – پشتیوانانی بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك لە سەرتاسەری جیهان:

کۆمپانیاکان و شیرکەتەکانی پشتیوانی ئۆڵەمپیك لە بواری ماددی، ئەزموون، دانی بەرهەمەکان و تەکنۆلۆژی بە کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری، کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك، فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان و کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، بە شێوەی راستەوخۆ یارمەتی دەکا. پشتیوانی ئەم شیرکەتانە (کۆمپانی) لە رێگای بەرنامەی TOPی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك بەڕێوە دەچێ.

**بەرنامەی TOP**

بۆ یەکەم جار لە مێژووی یارییەکانی ئۆڵەمپیك، بەرنامەی ژمارە ١ی TOP(1985-1988) بنەماڵەی ئۆڵەمپیکی (کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، کۆمیتەکانی ئۆڵەمپیك و کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری) بۆ بەستنی رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیا تیجارییەکانی پشتیوان کۆ دەکاتەوە.

**TOPی یەکەم (١٩٨٥-١٩٨٨)**

بە بەستنی رێکەوتنێك لەگەڵ ٩ کۆمپانیا لە سەرتاسەری جیهان، ٩٥ ملیۆن دۆلار داهاتی بۆ کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك هەبوو.

**TOPی دووهەم (١٩٨٩-١٩٩٢)**

بە بەستنی رێکەوتن لە گەڵ ١٢ کۆمپانیا لە سەرتاسەری جیهان، ١٧٥ ملیۆن دۆلار داهاتی بۆ کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك هەبوو.

**TOPی سێهەم (١٩٩٣-١٩٩٦)**

بە بەستنی رێکەوتنێك لەگەڵ ١٠ کۆمپانیا لە سەرتاسەری جیهان، ٣٥٠ ملیۆن دولار داهاتی بۆ کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك هەبوو.



**TOPی چوارەم (١٩٩٧- ٢٠٠٠)**

لەگەڵ ١١ کۆمپانیا رێکەوتنی بەستووە و بەراوردکراوە زیاتر لە ٥٠٠٠ ملیۆن دولار داهاتی بۆ کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆلەنپیك هەبێ.

لایەنەکانی ئێستای رێکەوتنی TOP:

Coca Cola
IBM
John Hancock
Kodak
Mcdonalds
Panasonic
UPS
Sports illustrated
Time
Samsung
XEROX
Visa




## ٢– هەزینەکانی ماڤی بڵاوکردنەوەی یارییەکان:

مافی بڵاوکردنی تەلەڤزیونی یارییەکانی ئۆڵەمپیك، بە تەواوی لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك و بە هاوفیکری لەگەڵ کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری (OCOGs) دەفرۆشرێ. ٦٠٪ی ئەم داهاتە بە رێکخەرانی یارییەکان و ٤٠٪ی دیکەی بە شێوەی یەکسان لە نێوان کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەکان و کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك دابەشدەکرێت. ئەم بەشە ٤٠٪ییە لەوانەیە لە ساڵی ٢٠٠٤ بکرێتە ٥١٪ و ٤٩٪ی دیکەش دەدرێتە کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری.

تەلەڤیزیۆن کەرەستەیەکە کە زۆربەی خەڵکی جیهان، یارییەکانی ئۆڵەمپیکی پێ دەبینن. هەر بۆیە سیاسەتی سەرەکی تەلەڤیزیۆنی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیک، لە نێو پرۆگرامی ئەم کۆمیتەیەدا هاتووە. تا بە بڵاوکردنەوەی یارییەکان خەڵکی لە هەموو شوێنێکی جیهان یارییەکان ببینن.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیک مافی بڵاوکردنەوەی تەلەڤیزیۆنی یارییەکانی ٢٠٠٠ی سیدنی و ٢٠٠٢ی زستانی سالت لیك سیتی ئەمریکای بە ڕێکەوتنێکی یەك میلیارد و دووسەد و حەفتا ملیۆن دۆلاری بە کاناڵی ئەمریکایی (NBC) فرۆشتووە. دواتریش لە ڕێکەوتنێکی دیکەدا، مافی بڵاوکردنەوەی یارییەکانی ئۆڵەمپیکی لە ساڵەکانی ٢٠٠٤، ٢٠٠٦، ٢٠٠٨ی بە دوو میلیارد و سێسەد ملیۆن دۆلار بە کاناڵی ناوبراو فرۆشتووە.

هەزینەی مافی بڵاوکردنەوەی یارییەکانی هاوینی و زستانی ئۆڵەمپیك بەم شێوەیە:

## ٣- پشتیوانان:

پشتیوانی و بەشداری کۆمپانیاکانی جۆراوجۆر لە سەرتاسەری جیهان زۆرتر لە یارمەتییە ماددییەکانە. کۆمپانیاکانی یارمەتیدەر و پشتیوان، بەشێکی بەرین لە یارمەتییەکانی فەننی، خزمەتگوزاری و کارگێڕی، بە باشترین تەکنەلۆژی پێشکەشی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یارییەکان و کۆمیتەکانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك بۆ فێربوون و ڕاهێنانی یاریزانان دەکەن. زۆربەی کۆمپانیاکانی ئەندامی (TOP) ماوەیەکی دوورو درێژە لەگەڵ ئۆڵەمپیك هاوکاری دەکەن و کۆمەڵێك لە زانستی ئەوان سەرتر لە یارییەکانە و یارمەتییەکی گەورە بە کۆمیتەکانی ڕێکخەری یارییەکانە، چ لە بواری دەست پێراگرتن لە کات، پارە و هەروەها دڵنیا بوون لەوەی هەمووکات یارییەکانی ئۆڵەمپیك لە نوێترین تەکنولۆژی کەڵك وەردەگرێ.

کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، بۆ ڕاکێشانی پشتیوانان و خوازیاران بەرنامەیەکی هەیە کە هەموو کاتێك پێداویستییەکانی کۆمیتە لە ڕێگای ناوچە



گرینگەکان و بەرفراوانتر چارەسەر دەکا. ئێستا کۆمپانیاکانی مێرسدس (هەڵگرتن و گواستنەوەی سەرتاسەری جیهان، تەنانەت لە دەرەوەی ناوچەی وڵاتانی مێوانداری ئۆڵەمپیك)، لوفت هانزا (هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاسمانی)، برادێر(دەزگاکانی تایپ P_Touch_ ) و میزوند(جل و بەرگ) تەواوی پێداویستییەکانی کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك چارەسەر دەکا.

هەزینەکانی مافی بڵاوکردنەوەی یارییەکانی هاوینی ئۆڵەمپیك، لەم خشتەیەدا چۆنییەتی زیادکردنی لە هەر چوار ساڵ جارێك نیشاندەدا.




## ٤- بلیت:

سیاسەتی سەرەکی فرۆشتنی بلیت بە هۆی کۆمیتەی ڕێکخەری یارییەکانی ئۆڵەمپیك بەڕێوە دەچێ. کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، لەسەر ڕێکەوتنی (Host city contract) کۆمیتەکانی بەڕێوەبەری ناچار دەکا تا نرخی بلیتەکان بە

شێوەیەك دیارییبكا كە هەمووكەس بتوانێ لە نێو یاریگاكاندا بەشداری بكا. كۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك، هەروەها قەراری داوە كە بەشێكی دیاریكراو لە بلێتی یارییەكان بدرێتە كۆمیتەكانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك لە سەرتاسەری جیهان.





## فیدراسیۆنە نەتەوەییەكان (NFS):

فیدراسیۆنە نەتەوەییەكان بەڕێوەبەری یارییەكی وەرزشی لە وڵاتی خۆیانن و دەبێ لە لایەن كۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك بە فەرمی بناسرێ و بە ئەندامی ئەو كۆمیتەیە وەر بگیرێ. فیدراسیۆنێكی نەتەوەیی دەبێ لە یارییەكی وەرزشیدا، تێكۆشانی هەبێ و سەر بە یەكێك لە فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەكان بێ. دیارە ئەو فیدراسیۆنە نێونەتەوەییە دەبێ لە لایەن كۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك بە فەرمی ناسرابێ. فیدراسیۆنی نەتەوەیی دەبێ لە بەرامبەر یاساكانی دیاریكراو لە بەرنامەی ئۆڵەمپیك و یاساكانی فیدراسیۆنی نێونەتەوەییەكاندا بەرپرسیار بێ و لەو چوارچێوەیەدا تێكۆشان بكا.

بە پێی بەرنامەی ئۆڵەمپیك فیدراسیۆنە نەتەوەییەكان زۆربەی ئەندامانی هەركام لە كۆمیتە نەتەوەییەكان پێكدێنن، هەر بۆیە كۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك وەكو كۆنفیدراسیۆنێك لە فیدراسیۆنەكانی نەتەوەییە.

## یانەكان:

ڕێكخەری سەرەكی وەرزش لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یانە وەرزشییەكانن. یانەكان بە بەڕێوە بردن و دابینكردنی ئیمكانات و یارییەكانی وەرزشی، یاریزانانی بەناوبانگ بە وەرزشی جیهان دەناسێنن. یانەكان خاوەنی قوتابخانەی وەرزشی و ئیمكاناتی تایبەتین. لەم سەردەمەدا یاریزانێك بیهەوێ لە ئاستی وەرزشیدا، خۆی بناسێنێ، دەبێ سەر بە یەكێك لە یانە وەرزشییەكان بێ.

لێرەدا شێوەی پێوەندی یاریزان، یانەكان، فیدراسیۆنەكان و...هتد خراوەتە ڕوو:

یاریزان

یانەکان

فیدراسیۆنی نەتەوەیی

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی     کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیک

کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیک

## جامی جیهانیی فووتبۆڵ ( مونديال):

جامی جیهانیی فووتبوڵ گرینگترین پێشبرکێی وەرزشی لە ئاستی جیهانە، ئەم یارییانە هەر چوار ساڵ جارێك بەڕێوە دەچن. مێژووی دەستپێکردنی ئەم یارییانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٠٢) کە بۆ یەکەم جار، لەلایەن (رۆبێرت گرین)ی رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی (ماتێن) پێشنیار کرا. دوو ساڵ دواتر رۆبێرت گرینی فەرەنسایی بوو بە یەکەم سەرۆکی فیدراسیۆنی جیهانی فووتبۆڵ. بیری بەڕێوەبردنی جامی جیهانیی (٢٤ ) ساڵی خایاند و یەکەم خولی لە ساڵی (١٩٣٠) دا، لە وڵاتی (ئۆرۆگوای) بەڕێوە چوو. لە کاتی بەڕێوەچوونی یەکەم خولی جامی جیهانی سەرۆکی فیفا(فیدراسیۆنی جیهانیی فووتبۆڵ) (ژۆڵ ریمە) ی فەرەنسایی بوو. ناوبراو بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پێشبرکێیە هەوڵێکی زۆری دا.



بە پێی بریاری فیفا هەر وڵاتێك سێ جار ببێتە پاڵەوانی جامی جیهانی، وەك پاڵەوانیی هەمیشەیی ئەم یارییانە دەناسرێ و ئەم جامە بە کردەوە کۆتایی پێ دێت. بۆ رێزگرتن لە ژۆڵ ریمە ئەم یارییانە لە سەرەتادا بە ناوی جامی ژۆڵ ریمە ناوبانگی دەرکرد. لە بەر ئەوەی بۆ دەستپێکردن و بەڕێوەبردنی یارییەکان ناوبراو هەوڵ و کوششێکی زۆری لە خۆ نیشان دابوو. ساڵی (١٩٧٠) بەرازیل بۆ جاری سێهەم پاڵەوانیی جامی ژۆڵ ریمەی وەدەستهێنا و بوو بە پاڵەوانیی هەمیشەیی ئەم یارییانە. بەڵام لە بەر پێشوازی لەم یارییانەدا، دیسان لە سەر بڕیاری فیفا یارییەکان بە ناوی جامی جیهانیی درێژەی پێدرا.

تا ئێستا هەژدە خولی یارییەکانی جامی جیهانی بەڕێوە چووە و بەرازیل بە وەدەستهێنانی پێنج جار پاڵەوانی لەم یارییانەدا لە سەرەوەی ریزبەندی دایە.

## کورتە مێژوویەکی جامی جیهانی فووتبۆڵ:

### جامی یەکەم ١٩٣٠ ئۆرۆگوای:
### (٧/١٣ تا ١٩٣٠/٧/٣٠)

یەکەم خولی یارییەکان لە وڵاتی ئۆرۆگوای لە ئەمریکای باشوور بە بەشداری (١٣) وڵات بەڕێوەچوو. بە دوای (١٨) یاری، یارییەکان بە پاڵەوانیی ئۆرۆگوای کۆتایی پێ هات. لەم یارییانەدا، (٧٠) گۆڵ تۆمارکران و یاری کۆتایش لە بەردەم (٩٠) هەزار کەس، ئۆرۆگوای (٤-٢) لە ئەرژەنتینی بردەوە. (ئیستابیلە) لە ئەرژەنتین بە لێدانی (٨) گۆڵ وەك باشترین گۆڵکەر دیاریکراو (هێکتۆر سکارۆن) لە ئۆرۆگوای بە باشترین یاریزان دیاری کران.



**ئۆرۆگوای پاڵەوانی یەکەم خولی جامی جیهانی (موندیال)**



### جامی دووهەم ١٩٣٤ ئیتالیا:
### (٥/٢٧ تا ١٩٣٤/٦/١٠)

جامی دووهەم بە مێوانداری ئیتالیا و بە بەشداری (١٦) وڵات بە شێوەی حەزفی بەڕێوە چوو. سەرجەم (١٧) یاری بەڕێوە چوون و (٧٠) گۆڵ تۆمارکران. ئیتالیا لە یاری کۆتاییدا لە بەردەم (٦٠) هەزار کەس( ٢-١) لە چیکۆسلۆواکی بردەوە.

(شیاویو) لە ئیتالیا، (نیجیدلی) لە چسکۆسلۆواکی، "کۆنێن "لە ئەڵمان بە لێدانی( ٤) گۆڵ، وەك گۆڵکاری یارییەکان دیاریکران و "ریکاردو زامورا" گۆڵچی ئیسپانیا وەك: باشترین یاریزانی یارییەکان دەستنیشان کرا.

### جامی سێهەم فەڕەنسا:
### (٦/٤ تا ١٩٣٨/٦/١٩)

یارییەکان بە مێوانداری فەڕەنسا بە بەشداری (١٥) وڵات بەڕێوە چوون و لە ئاکامی (١٨) یاری (٨٤) گۆڵ تۆمارکران و هەر وەکو جامی پێشوو یارییەکان بە شێوەی حەزفی بەڕێوە چوون. ئیتالیا بۆ جاری دووهەم گەیشتە یاری کۆتایی و لە بەردەم (٥٥) هەزار کەس (٤-٢) لە مەجارستانی بردەوە.

لەم یارییانەدا (لێئۆنیداس داسیلوا) لە بەرازیل بە لێدانی (٨) گۆڵ هەم وەك باشترین گۆڵکەر و هەم وەك باشترین یاریزان دیاریکرا.

### جامی چوارەم بەرازیل:
### (٦/٢٤ تا ١٩٥٠/٧/١٦)

بە هۆی جەنگی دووهەمی جیهانی بۆ ماوەی (١٢) ساڵ یارییەکانی جامی جیهانی ڕاگیران و خولی چوارەمی ساڵی (١٩٥٠) بە مێوانداری بەرازیل بە بەشداری (١٣) وڵات بەڕێوە چوو. لە ئاکامی(٢٢) یاریدا (٨٨) گۆڵ تۆمارکران و ئۆرۆگوای

له یاری یەکلاکەرەوەدا، (٢-١) لە بەرازیلی بردەوە. ئەم یارییە لە یاریگای "مارکانا" لە بەردەم (٢٠٠) هەزار کەس بەڕێوە چوو.

(ئەدمیر) لە بەرازیل بە لێدانی (٩) گۆڵ وەك: باشترین گۆڵکەر و (خۆوان شیافینو) لە ئۆرۆگوای وەك باشترین یاریزان دیاریکرا.



**یاریگای مارکانا لە رۆژی کۆتایی یارییەکان**



## جامی پێنجەم ١٩٥٤ سویس:
## (٦/١٦ تا ١٩٥٤/٧/٤)

سویس مێوانداری ئەم جامە بوو، (١٦) وڵات بەشداری یارییەکانیان کردبوو. لە ئاکامی بەڕێوە چوونی (٢٥)یاری و تۆمارکردنی (١٤٠) گۆڵ، ئەڵمانی رۆژئاوا لە یاری کۆتایی لە بەردەم (٦٠) هەزارکەس (٣-٢) لە مەجارستانی بردەوە.

باشترین گۆڵکەری ئەم یارییانە (ساندرۆ کۆچیس) لە مەجارستان بە لێدانی (١١) گۆڵ، هەروەها ناوبراو وەك باشترین یاریزانیش دیارکرا.

## جامی شەشەم ١٩٥٨ سوێد:
## (٦/٨/ تا ١٩٥٨/٦/٢٩)

وڵاتی سوێد لە ئێسکاندیناوی مێوانداری جامی شەشەم بوو، هەر وەکو خولی پێشوو (١٦) وڵات لەم یارییانەدا بەشدارییان کرد بوو. یارییەکان لە چوار گرووپی چوار تیمیدا بەڕێوە چوون و لە هەر گرووپێك، دوو وڵات بۆ قۆناغی دووهەم سەرکەوتنیان وەدەستهێنا. لە سەریەك لەم جامەدا (٣٥) یاری بەڕێوە چوون و (١٢٦) گۆڵ تۆمارکرا. بەرازیل لە یاری کۆتاییدا لە بەردەم (٥٠) هەزار کەسدا (٥-٢) لە مێوانداری یارییەکان واتە سوێدی بردەوە.

(ژۆسێت فونتین) لە فەڕەنسا بە لێدانی (١٣)گۆڵ وەك باشترین گۆڵکەری یارییەکان دیارکراو (ئێدسۆن ئارانتێس دۆناسیمێنتۆ) ناسراو بە پێلێ لە بەرازیل بە باشترین یاریزان دیارکرا.



بەرازیل  پاڵەوانی ١٩٥٨

## جامی حەوتەم ١٩٦٢ شیلی:
## (٥/٣٠ تا ١٩٦٢/٦/١٧)

شیلی لە ئەمریکای باشوور مێوانداری یارییەکان بوو. (١٦) وڵات هەر وەك خولی پێشوو یارییەکانیان لە چوار گرووپی چوار تیمی بەڕێوە چوون. (٨٩) گۆڵ تۆمارکرا و بەرازیل لە یاری کۆتاییدا، لە بەردەم (٧٠) هەزار کەس (٣-١) لە چێکۆسلۆڤاکی بردەوە.

(گارینشا) یاریزانی بەرازیل بە لێدانی (٤) گۆڵ هەم وەك باشترین گۆڵکەر، هەم وەك باشترین یاریزان دیارکرا.



## جامی هەشتەم ١٩٦٦ ئینگلیز:
## (٧/١١ تا ١٩٦٦/٧/٣٠)

بۆ یەکەم جار ئینگلیز لە ئەورووپا،  مێوانداری یارییەکانی پێدرا. (١٦) وڵات هەر وەك خولەکانی پێشوو بەشداری یارییەکانیان کردبوو. لە ئاکامی بەڕێوەچوونی (٣٢) یاری (٨٩) گۆڵ تۆمارکران و ئینگلیز لە یاری کۆتاییدا، لە بەردەم (٩٧) هەزار کەس لە یاریگای ویمبلی (٤-٢) لە ئەڵمانی رۆژئاوای بردەوە.

(ئۆزە بیو) لە پۆرتۆغاڵ بە لێدانی (٩) گۆڵ بە باشترین گۆڵکەر دیارکراو (بۆبی چارڵتون) لە ئینگلیز وەك باشترین یاریزان دیاریکرا.



یاریزانانی ئینگلیز لە جێژنی پاڵەوانیدا

## جامی نۆیەم ١٩٧٠ مەکسیك :
## (٥/١٣ تا ١٩٧٠/٦/٢١)

ئەم جارەیان مەکسیك بە مێوانداری یارییەکان دیارکرا بوو. (١٦) وڵاتی بەشدار هەر وەك خولەکانی پێشوو بە سەر چوار گرووپدا، دابەشکران و لە ئاکامی بەڕێوە چوونی (٣٢) یاریدا، (٩٥) گۆڵ تۆمارکران. بەرازیل لە یاری کۆتاییدا، (٤-١) لە ئیتالیای بردەوە و بۆ سێهەم جار بووبە پاڵەوانی جامی ژۆڵ ریمەو یارییەکان بە کردەوە کۆتاییان پێ هات. هەر بۆیە لە جامەکانی داهاتوو ئەم یارییانە بە ناوی جامی جیهانی درێژەیان پێ درا.

"گێرد مولێر" لە ئەڵمانیای رۆژئاوا بە لێدانی (١٠) گۆڵ بە باشترین گۆڵکەر دیارکراو "پێلێ" لە بەرازیل وەك باشترین یاریزان دەستنیشان کرا.



**بەرازیل – ئیتالیا لە یاری کۆتاییدا**



## جامی دەیەم ١٩٧٤ ئەڵمانی رۆژئاوا:
## (٦/١٣ تا ١٩٧٤/٧/٧)

مێوانداری جامی دەیەم ئەڵمانی رۆژئاوا لە ئەورووپا بوو. (١٦) وڵات بەشداری یارییەکان بوون و بە گشتی (٣٨) یاری بەڕێوەچوون. لە سەریەك (٩٧) گۆڵ تۆمار کران و ئەڵمانی رۆژئاوا لە بەردەم (٧٥) هەزار کەس لە یاری کۆتاییدا، لە بەرامبەر هۆڵەند سەرکەوتنی ( ٢-١)ی وەدەستهێنا.

(گێرگوز لاتۆ) لە لەهێستان بە لێدانی (٧) گۆڵ بە باشترین گۆڵکەر دیارکراو "یوهان کرویف " لە هۆڵەند وەك باشترین یاریزان دەستنیشان کرا.



**بێکن باوێر کاپتێنی ئەڵمان بە جامی پاڵەوانی**

## جامی یازدەیەم ١٩٧٨ ئەرژەنتین :
## (٦/١ تا ١٩٧٨/٦/٢٥)

ئەرژەنتین لە ئەمریکای باشوور وەك مێوانداری یارییەکان دیاریکرا . (١٦) وڵاتی بەشدار یارییەکانیان هەر وەك خولەکانی پێشوو لە چوار گرووپ بەڕێوە برد. (٣٨) یاری بەڕێوە چوون و(١٠٢) گۆڵ تۆمار کران. ئەرژەنتین لە یاری کۆتاییدا، لە بەردەم (٧٧) هەزار کەس (٣-١) لە هۆڵەندی بردەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا پاڵەوانیی جامی جیهانی وەدەستهێنا.

(ماریو کەمپێس) لە ئەرژەنتین بە لێدانی (٦) گۆڵ بە باشترین گۆڵکەر و باشترین یاریزان دیاریکرا.

## جامی دوازدەیەم ١٩٨٢ ئیسپانیا:
## (٦/١٣ تا ١٩٨٢/٧/١)

بۆ یەکەم جار ژمارەی وڵاتانی بەشدار لە جام کرا بە (٢٤) وڵات و یارییەکان بە مێوانداری ئیسپانیا بەڕێوە چوون. وڵاتانی بەشدار بە سەر شەش گرووپی چوار تیپی دابەشکران و لە ئاکامی (٥٢) یاریدا، (١٤٦) گۆڵ تۆمارکران و ئیتالیاو ئەڵمانی ڕۆژئاوا گەیشتنە یاری کۆتایی، لەم یارییەدا ئیتالیا لەبەردەم (٩٠) هەزار کەس سەرکەوتنی (٣-١)ی وەدەستهێنا.



"پائۆلو روسی "لە ئیتالیا بە لێدانی شەش گۆڵ هەم وەك باشترین یاریزان و هەم وەك باشترین گۆڵکەر دیاریکرا.



## جامی سێزدەیەم ١٩٨٦ مەکسیك:
## (٥/٣١ تا ١٩٨٦/٦/٢٩)

مەکسیك بۆ جاری دووهەم بە مێوانداری یارییەکان دیارکرا بوو. هەر وەك خولی پێشوو (٢٤) وڵات بەشداری یارییەکانیان کردبوو. (٥٢) یاری بەڕێوە چوون و (١٣٢) گۆڵ تۆمارکران و ئەرژەنتین و ئەڵمانی ڕۆژئاوا گەیشتنە یاری کۆتایی و لەم یارییەدا ئەرژەنتین لەبەردەم (١١٠) هەزار کەس سەرکەوتنی (٣-٢)ی وەدەستهێنا، تا بۆ جاری دووهەم لە مێژوودا پاڵەوانیی وەدەستبێنێ.

(گەری لینێکر) لە ئینگلیز بە لێدانی شەش گۆڵ وەك باشترین گۆڵکەرو (مارادۆنا) لە ئەرژەنتین بە باشترین یاریزان دیاریکران.



مارادۆنا لە یاری کۆتایی

## جامی چواردەیەم ١٩٩٠ ئیتالیا:
## (٦/٩ تا ١٩٩٠/٧/٨)

ئیتالیاش بۆ جاری دووهەم مێوانداری یارییەکانی کرد. هەر وەك خولی پێشوو (٢٤) وڵات لەم جامەدا بەشداربوون. (٥٢) یاری بەڕێوە چوون و (١١٥) گۆڵ تۆمارکران و هەر وەك جامی پێشوو ئەرژەنتین و ئەڵمانی ڕۆژئاوا گەیشتنە یاری کۆتایی، بەڵام ئەم جارەیان ئەڵمانییەکان لە بەردەم (٧٥) هەزارکەس سەرکەوتنی (١-٠)ی وەدەستهێنا.

(ئێسکیلاچی) لە ئیتالیا بە لێدانی شەش گۆڵ، هەم وەك باشترین گۆڵکەر و هەم وەك باشترین یاریزان دیاریکرا.



کۆتایی جامی ١٩٩٠ و پاڵەوانی ئەڵمانییەکان

## جامی پازدەیەم ١٩٩٤ ئەمریکا:
## (٦/١٧ تا ١٩٩٤/٧/١٧)

بۆ یەکەم جار ئەمریکا بە مێوانداری یارییەکان دیارکرا. هەر وەك خولەکانی پێشوو (٢٤) وڵات بەشداری یارییەکانیان کرد، (٥٢)یاری بەڕێوە چوون و (١٤٠)



گۆڵیش تۆمارکران. بەرازیل و ئیتالیا گەیشتنە یاری کۆتایی و لە بەردەم (٩٤) هەزار کەس بەرازیل بە لێدانی پەناڵتی (٣-٢) سەرکەوتنی وەدەستهێنا.

(سالینیکوڤ) لە رووسییە بە لێدانی شەش گۆڵ وەك باشترین گۆڵکەر و (روماریۆ) لە بەرازیل بە باشترین یاریزان دیاریکران.

## جامی شازدەیەم ١٩٩٨ فەڕەنسا:
## (٦/١٠ تا ١٩٩٨/٧/١٢)

لەم جامەدا، فەڕەنسا مێوانداری یارییەکانی دەکرد. (٣٢) وڵات بەشدارییان کردبوو کە بە سەر هەشت گرووپی چوار تیپیدا، دابەشکرابوون. (٦٤)یاری بەڕێوە چوون و(١٧١) گۆڵیش تۆمارکران. فەڕەنسا و بەرازیل گەیشتنە یاری کۆتایی و لە ئاکامدا لە بەردەم (٨٠) هەزار کەس، فەڕەنسا سەرکەوتنی ( ٣-٠) ی وەدەستهێنا.

(داوێر شۆکێر) لە کرواسی بە لێدانی شەش گۆڵ بە باشترین گۆڵکەرو (رونالدۆ) لە بەرازیل بە باشترین یاریزان دیاریکرا.



فەڕەنسا و بەرازیل لە یاری کۆتاییدا

## جامی حەڤدەیەم ۲۰۰۲ کۆرەو ژاپۆن:
## (۵/۳۱ تا ۲۰۰۲/۷/۱)

بۆ یەکەم جار دوو وڵات مێوانداری یارییەکانیان دەکرد، ئەویش دوو وڵاتی ئاسیایی کۆرەو ژاپۆن. (۳۲) وڵات بەشدارییان کردبوو. هەر وەك خولی پێشوو بە سەر هەشت گرووپ دابەشکران و لە ئاکامی بەڕێوە چوونی یارییەکان (۱٦۱) گۆڵ تۆمارکران. بەرازیل و ئەڵمان گەیشتنە یاری کۆتایی و لە بەردەم (۷۰) هەزار کەس بەرازیل سەرکەوتنی (۲-۰) ی وەدەستهێنا.

(رۆناڵدۆ) لە بەرازیل بە لێدانی هەشت گۆڵ بە باشترین گۆڵکەر و (ئۆلیڤەر کان)یش گۆڵچی ئەڵمان وەك باشترین یاریزان دیاریکران.

## جامی هەژدەیەم ۲۰۰٦ ئەڵمان:
## ( ٦/۹ تا ۲۰۰٦/۷/۹)

ئەڵمان بۆ جاری دووهەم لە مێژوودا، بووە مێوانداری یارییەکان. هەر وەك خولی پێشوو ۳۲ وڵات بەشدارییان کردبوو، لە ئاکامی بەڕێوە چوونی (٦٤) یاریدا (۱٤۲ ) گۆڵ تۆمارکران و لە کۆتاییدا، ئیتالیا و فەڕەنسا گەیشتنە یاری کۆتایی، ئەم یارییە لە (۱۲۰) خولی یاسایی و ئیزافەدا (۱-۱) بەرامبەر بوون. هەر بۆیە بۆ دیاریکردنی پاڵەوان پەنابرایە بەر لێدانی پێناڵتی و لە ئاکامدا، ئیتالیا سەرکەوتنی (۵-۳) وەدەستهێنا.

(میرسلاو کلۆزە) لە ئەڵمان بە تۆمارکردنی پێنج گۆڵ بە باشترین گۆڵکەر دیاری کراو (زەینەدین زەیدان) لە فەڕەنسا بە باشترین یاریزان دەستنیشانکرا.

## جامی نۆزدەهەم ۲۰۱۰ ئەفریقیای باشوور؟



## پێشبرکێیەکانی قارەیی (کیشوەرەکان):

بەدوای یارییەکانی ئۆڵەمپیك و جامی جیهانی فوتبۆڵ، پێشبرکێیەکانی قارەیی لە گرینگترین یارییەکانی وەرزشیی جیهانن. ئەم یاریيانە گرینگییەکی تایبەتییان هەیە و لە کاتی بەڕێوە چوونیان جەماوەرێکی زۆر بە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە. لەم بەشەدا ئاماژە بە گرینگترین یارییەکانی قارەیی دەکەین:

## یارییەکانی وەرزشی ئەفریقی:

بەڕێوەبردنی یارییەکانی وەرزشیی ئەفریقیایی، بۆ یەکەم جار ساڵی (۱۹۵۷) لە شاری ئەسکەندەرییەی میسر پێشنیارکرا. بۆ یەکەم خولی (۱۳) وڵات بانگهێشت کرابوون، بەڵام یارییەکان بەڕێوە نەچوون. لە ساڵی (۱۹٦۰) چەند یارییەکی برایانە لە نێوان وڵاتانی فەڕەنسا و زمانی ئەفریقی بەڕێوە چوون و ساڵی (۱۹٦۵) لە کۆنفرانسی وەزیرانی وەرزش و لاوانی وڵاتانی ئەفریقی کە لە داکار پایتەختی سێنیگاڵ بەڕێوە چوو، وا رێککەوتن کە یارییەکانی ئەفریقیایی جێی ئەم یاریيانە بگرێتەوە.

یەکەمین خولی یارییەکانی ئەفریقی ساڵی (۱۹٦۵) لە شاری "برازاویلا " پایتەختی کۆنگۆ بەڕێوە چوو. خولی دووهەم ساڵی (۱۹۷۳) لە لاگوس و سێهەم ساڵی (۱۹۷۸) لە ئەلجەزیرە پایتەختی ئەلجەزایر و خولی چوارەم ساڵی (۱۹۸۷) لە نایرۆبی پایتەختی کینیا بەڕێوە چوو. ساڵی (۱۹۹۱) لە قاهیرە پایتەختی میسر خولی پێنجەم و (۱۹۹۵) خولی شەشەمی لە حەرارە بەڕێوە چوو. دوایین خولی ئەم یاریيانە ساڵی (۱۹۹۹) لە ژوهانسبۆرگی ئەفریقیای باشوور بەڕێوە چوو. لە دوایین خولی یارییەکاندا زیاتر لە چل وڵات بەشدارییان کردبوو، یاریزانان لە نۆزدە یاری فەرمی و دوو یاری نمایشی (نێت باڵ و بازدانی مەلە) بەشدارییان کردبوو.

## پێشبرکێی وەرزشی ئاسیایی:




ئەم یارییانە بە ئامانجی بەرەوپێش بردنی فەرهەنگ و دۆستایەتی لە نێوان وڵاتانی ئاسیایی بەڕێوە دەچێ و وڵاتانی ئاسیایی ئەندام لە شورای ئۆڵەمپیکی ئاسیا (OCA) لەم یارییانەدا، بەشداری دەکەن.

ئەم پێشبرکێیە هەر چوار ساڵ جارێك لە مابەینی دوو خولی ئۆڵەمپیك بەڕێوە دەچێ. لاوانی سەرتاسەری ئاسیا بۆ بەشداری لەم یارییانەدا، لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە. ئەمە باشترین هەلە بۆ دروستکردنی دۆستایەتی و یەکیەتی، هەروەها بەرەو پێش بردن و ناسینی فەرهەنگی وڵاتانی ئاسیایی. لە بەر ئەوەی لە تەنیشت یارییەکان کۆڕو کۆبوونەوە، هەروەها ڕێورەسمی جۆرا و جۆری فەرهەنگی نەتەوەکانی ئاسیایی بەڕێوە دەچێ.

شوورای ئۆڵەمپیکی ئاسیا لە دیسەمبەری (١٩٨٢) لە شاری (دێهلی نوێ) پێکهات و ئەم شوورایە پێشتر ناوی فیدراسیۆنی یارییەکانی ئاسیایی (AGF) بوو. دواتر ئەم ناوە گۆردرا بە شوورای ئۆڵەمپیکی ئاسیا (OCA) و (٤٣) ئەندامی هەیە.



دیمەنێك لە یاری شمشێر لە ٢٠٠٦ی دۆحە



## چۆنییەتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی ئاسیایی:

| ساڵی یارییەکان | وڵاتی بەشدار | ڕادەی یاریزان | یارییەکان | پاڵەوان | زێڕ | زیو | برۆنز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥١ دێهلـــــی نوێ | ١١ | ٤٨٩ | ٦ | ژاپۆن | ٢٥ | ١٤ | ١٣ | ٥٢ |
| ١٩٥٤ مانیل | ١٨ | ١٢٨٠ | ٨ | ژاپۆن | ٢٨ | ٣٤ | ٢٣ | ٨٥ |
| ١٩٥٨ تۆکیۆ | ٢٠ | ١٨٢٠ | ١٣ | ژاپۆن | ٥٧ | ٢٣ | ١٤ | ١٠٧ |
| ١٩٦٢ جاکارتا | ١٢ | ١٤٦٠ | ١٣ | ژاپۆن | ٥٤ | ٤٩ | ١٨ | ١٢١ |
| ١٩٦٦ بانکۆك | ١٦ | ٢٥٠٠ | ١٤ | ژاپۆن | ٧٤ | ١٨ | ٢١ | ١١٣ |
| ١٩٧٠ بانکۆك | ١٨ | ٢٤٠٠ | ١٣ | ژاپۆن | ٧٤ | ٤٧ | ٢٣ | ١٤٤ |
| ١٩٧٤ تاران | ٢٢ | ٣٠١٠ | ١٦ | ژاپۆن | ٧٥ | ٥٠ | ٥١ | ١٧٦ |
| ١٩٧٨ بانکۆك | ٢٥ | ٣٨٤٢ | ١٩ | ژاپۆن | ٧٠ | ٥٨ | ٤٩ | ١٧٧ |
| ١٩٨٢ دێهلی نوێ | ٣٣ | ٤٥٩٥ | ٢١ | چین | ٦١ | ٥١ | ٤١ | ١٥٣ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٦ سیئول | ٢٧ | ٣٣٤٥ | ٢٥ | چین | ٩٤ | ٨٢ | ٤٦ | ٣٢٢ |
| ١٩٩٠ پیکەن | ٣٧ | ٤٦٥٥ | ٢٧ | چین | ١٨٣ | ١٠٧ | ٥١ | ٣٤١ |
| ١٩٩٤ هیرۆشیما | ٤٢ | ٦٨٢٨ | ٣٤ | چین | ١٣٧ | ٩٢ | ٦٠ | ٢٨٩ |
| ١٩٩٨ بانکوک | ٤١ | ٧٠٠٠ | ٣٦ | چین | ١٢٩ | ٧٤ | ٦٧ | ٢٧٠ |
| ٢٠٠٢ بۆسان | ٤٤ | ١١٦٠٠ | ٣٨ | چین | ١٥٠ | ٨٤ | ٧٤ | ٣٠٨ |
| ٢٠٠٦ دۆحە | ؟ | ؟ | ؟ | چین | ؟ | ؟ | ؟ | ؟ |

لاوانی یاریزانی ئاسیایی لـەم یارییانـەدا، لـە زیـاتر لـە (٣٠) یـاری وەرزشـی بەشداری دەکەن و ئاستی یارییەکان زۆر لە سەرێیە و زۆربەی ڕێکـۆردە جیهانییـەکان دادەبەزن. پێویستە بگوترێ دوایین خولی پێشبرکێی ئاسـیایی ( ٢٠٠٢ی بۆسـان) بـە بەشداری (٤٤) وڵات لە کۆریای باشـوور بـەڕێوە چـوو. لـەم یارییانـەدا، (١١٦٠٠) یاریزان بەشدارییان کردبوو. لە ئاکامدا چین بە وەدەستهێنانی (١٥٠) ملوانکەی زێڕ، (٨٤)زیو و(٧٤) برۆنز پلەی یەکەمی یارییەکانی وەدەستهێنا.



## یارییەکانی پان ئەمێریکان

**(Pan American Games):**

یارییەکانی پان ئەمەریکان تایبەتی وڵاتـانی قـارەی (کیـشوەری) ئەمریکاییـە و هەر چوار ساڵ جارێك لـە وەرزی هـاوین بـەڕێوە دەچـێ. (٨٠٪) بەرنامـەکانی ئـەم یارییانە سەر بـە یارییـەکانی ئۆڵەمپیکـە و تەنانـەت هێنـدێك جـار یارییـەکان لـە یارییەکانی ئۆڵەمپیك بەهێزتر بەڕێوە چووە. شـاری (وینیپـێگ) لـە کـەنادا ڕۆژی (٢٤)ی جوولای تا (٨)ی ئاگۆسـتی (١٩٩٩) بەڕێوەبـەری سـێزدەیەمین خـولی ئـەم یارییانە بوو. لەم یارییانەدا(٥٠٠٠) یاریزان لـە (٤٢) وڵاتـی ئـەمریکایی لـە (٣٧) یاری وەرزشییدا بەشدارییان کردبوو.

یەکەمین خولی یارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥١)، بەڵام مێـژووی یارییـەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٩٣٢)، لـەم سـاڵەدا لیژنەیـەك لـە ئـەمریکای باشـوور ڕێکخراوێکیان بۆ بـەرەو پـێش بردنـی وەرزشـی ئامـاتۆر بـە(I. O. C) ناسـاند. ئـەم بیرۆکەیـە بـە دوای بـەئاکام گەیـشتنی یەکـەمین کـۆنگرەی (پـان ئەمـەریکان) ی سـاڵی(١٩٤٠) لـە شـاری (بـوینێس ئـایرێس) ی ئـەرژەنتین بەسـت. (١٦) وڵات لـەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون و کۆمیتەی یارییەکانی پان ئەمەریکانیان پێکهێنا. ئەوان وا ساغبوونەوە یەکەمین خولی یارییەکان ساڵی(١٩٤٢) لە شاری بوینێس ئایرێس بـەڕێوە بچێ، بەڵام بە هۆی جەنگی دووهەمی جیهانییەوە یارییەکان دواخران.

ساڵی(١٩٤٨) لە کاتی بـەڕێوە چـوونی یارییـەکانی ئۆڵـەمپیك لـە شـاری لەنـدەن، دووهەمین کۆنگرەی یارییەکانی پان ئەمێریکەن بەستراو بڕیار درا یەکەمین خولی یارییـەکان ساڵی (١٩٥١) بەڕێوەبچێ. هـەر بۆیـە ئـەم یارییانـە ڕۆژی (٢٥)ی فوریـە بـە بەشـداری (٢٥١٣) یاریزان لە (٢٢) وڵاتی ئـەمریکایی لـە شـاری بـۆینێس ئـایرێس دەسـتیپێکرد. ڕێکخراوی یارییەکان ساڵی (١٩٥٥) بە ڕێکخراوی یارییەکانی پان ئەمـەریکان (PASO) گۆڕدرا. (٤٢) وڵات لە ئەمریکای باکوور، باشوور، ناوەندی و دەریای کارائیـب بـە ئەنـدام وەرگیران و مەقەری ناوەندی یارییەکانیش لە شاری (مەکسیکۆسیتی) یە.

## پێشبڕکێی جیهانی خوێندکارانی زانکۆ:
## (World Anivesty Games)

یاریەکانی جیهانیی خوێندکاران، پێکهاتووە لە یارییەکانی هاوینی و زستانی کە هەر دوو ساڵ جارێك لە نێوان خوێندکارانی زانکۆی تەمەن (١٧ تا ٢٨) ساڵ. یاریزانێك دەتوانێ، لەم پێشبڕکێیەدا بەشدارییکا کە لانیکەم لە خوێندنی ساڵی یەکەمی زانکۆ بێ. یارییەکان لە لایەن فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی یارییەکانی زانکۆ(FISU) پشتیوانی دەکرێ.

ئەم یارییانە وەکو یارییەکانی ئۆڵەمپیك بۆ خوێندکارانی زانکۆیە و یەکەم خولی ساڵی (١٩٥٩) بە بەشداری (٩٨٥) یاریزان لە (٤٥) وڵاتی جیهان لە شاری (تۆرین) ی ئیتالیا بەڕێوە چوو. گەورەترین خولی یارییەکانیش ساڵی (١٩٩٥) بە بەشداری (٦٠٠٠) یاریزان لە (١٦٣) وڵاتی جیهان لە شاری (فوکۆئۆکا)ی ژاپۆن بەڕێوەچوو.

یارییەکانی هاوینی ئەم پێشبڕکێیە زۆرتر لە یارییەکانی، هەڵاتن و گۆڕەپان، بەسکێتبوڵ، بەیسبۆڵ، ڤۆلیبۆڵ، فوتبۆڵ، مەلە، یاری شمشێر، ژمناستیك، تێنس، واترپۆلو بەڕێوە دەچێ.

مێژووی بەڕێوەچوونی یارییەکانی زستانیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٠) لە شاری (شامونی) فەڕەنسا. ساڵی (١٩٩٧) دوو شاری (موجو) و (کونجۆ) لە کۆریای باشوور بە هاوبەشی میوانداری یارییەکانی زستانی خوێندکارانی زانکۆ بوون. (١٦١٦) یاریزان لە (٤٩) وڵاتی جیهان بەشدارییان تێدا کردبوو. پێشبڕکێی زستانی لەم یارییانە پێکهاتووە لە: ئیسکی ئالپاین، ئیسکی نمایشی، هۆکی سەرسەهۆڵ، پەڕشی ئیسکی، ئیسکی کوێستان، ئێسکێتی خێراو ئێسکێتی تێکەڵاو.

ساڵی(١٩٩٩)، یارییەکانی زستانی خوێندکارانی زانکۆ لە وڵاتی (ئۆسلۆواکی) و یارییەکانی هاوینیش لە (پالما) ی ئیسپانیا بەڕێوە چوو.

نیشانی ئینترنێتی ئەم یارییانە:

www. worldsport. com/sports/university-sport/home. htm



لە ئاستی جیهان و ناوچەیی یاری و پێشبڕکێی زۆری وەرزشی بەڕێوە دەچێ. لەم بەشەدا، تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان دەکەین:

یارییەکانی جیهانی پۆلیس.

یارییەکانی وڵاتانی تەنیشت دەریای مەدیترانە.

یارییەکانی وڵاتانی بچووك.

یارییەکانی ئۆڵەمپیکی لاوانی ئەورووپا.

یارییەکانی جیهانی سوپا(ئەرتەش).

یارییەکانی پاسیفیکی باشوور.

یارییەکانی پاسیفیك.

یارییەکانی مێکابە.

یارییەکانی ئەمریکای ناوەندی.

یارییەکانی وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا.

یارییەکانی رۆژئاوای ئاسیا.

جیا لەو پێشبڕکێیانەی ئاماژەیان پێکرا، زۆربەی یارییە وەرزشییەکان لە ئاستی جیهانی و قارەیی (کیشوەر) یاری بەڕێوە دەبەن و پێشوازییەکی زۆری لێدەکرێ. لەم بەشەدا، ئاماژە بەو یارییانە دەکەین و کورتە مێژوویەکی دەخەینە پێش خوێنەرانی بەڕێز، دیارە ئەگەر بڵێین لەم سەردەمەدا وەرزش لە پاوانی فوتبۆڵ دایە رەنگە هەڵەمان نەکردبێ. لەبەر ئەوەی ئەم وەرزشە لە سەرتاسەری جیهان زۆرترین جەماوەری هەیە و یارییەکانی تام و چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە و تەنیا یارییەکە لە هەمووی جیهان گرینگی پێدەدەن. هەر بۆیە لەم بەشەدا ئاماژە بە خولە گرینگەکانی ئەم وەرزشە و یاریزانانی بەناوبانگ دەکەین.

## جامی نەتەوەكانی ئەوروپا:

ئەم یارییانە ساڵی (١٩٦٠) دەستیپێكردووە و لەو كاتەوە تا ئێستا هەر چوار ساڵ جارێك لە یەكێك وڵاتانی ئەوروپایی بەڕێوە دەچێ و بە دوای جامی جیهانیی فووتبۆڵ گرینگترین و پڕ بینەرترین یاری فووتبۆڵە.

تا ئێستا دوازدە خول لەم یارییانەدا بەڕێوە چووە كە وڵاتی ئەڵمان بە سێ جار پاڵەوانی لە سەرەوەی ریزبەندی دایە.

## كورتە مێژووی یارییەكان:

**١٩٦٠ فەڕەنسا**

یاری كۆتایی: یەكیەتی سۆڤیەت (٢-١) یوگسلاڤی

گۆڵكەری یارییەكان: یركوویچ (یوگسلاڤی)، ئیڤانێف (سۆڤیەت) بە لێدانی دوو گۆڵ.

**١٩٦٤ ئیسپانیا**

یاری كۆتایی: ئیسپانیا( ٢-١) یەكیەتی سۆڤیەت

گۆڵكەری یارییەكان: برادا (ئیسپانیا)، نۆڤاك (هەنگاریا) بە لێدانی دوو گۆڵ.

**١٩٦٨ ئیتالیا**

یاری كۆتایی: ئیتالیا (٢-٠) یوگسلاڤی

گۆڵكەری یارییەكان: درازیچ (یوگسلاڤی) بە لێدانی دوو گۆڵ.





سەركەوتنی ئیتالیا لە یاری كۆتایی جامی ١٩٦٨ بە سەر هەڵبژاردەی یوگسلاڤیا

**١٩٧٢بەلجیكا**

یاری كۆتایی: ئەڵمانی رۆژئاوا (٣-٠) یەكیەتی سۆڤیەت.

گۆڵكەری یارییەكان: گێرد مولێر(ئەڵمانی رۆژئاوا)بە لێدانی چوار گۆڵ.

**١٩٧٦ یوگسلاڤیا**

یاری كۆتایی: چێكۆسلۆڤاكی (٢-٢) ئەڵمانی رۆژئاوا.

بە لێدانی پەناڵتی چێكۆسلۆڤاكی (٥-٣) بردییەوە.

گۆڵكەری یارییەكان: گێرد مولێر (ئەڵمانی رۆژئاوا)بە لێدانی چوار گۆڵ.

**ئیتالیا١٩٨٠**

یاری كۆتایی: ئەڵمانی رۆژئاوا (٢-١) بەلژیك

گۆڵكەری یارییەكان: كلوس ئالوفس (ئەڵمانی رۆژئاوا)بە لێدانی سێ گۆڵ.




ئەڵمان پاڵەوانی جامی ١٩٨٠

### ١٩٨٤ فەڕەنسا

یاری کۆتایی: فەڕەنسا( ٢-٠) ئیسپانیا.

گۆڵکەری یارییەکان: میشل پلاتینی بە لێدانی (٩) گۆڵ.



پلاتینی باشترین یاریزان و گۆڵکەری یارییەکان



### ١٩٨٨ ئەڵمان

یاری کۆتایی هۆلەند( ٢-٠) یەکیەتی سۆڤیەت.

گۆڵکەری یارییەکان: مارکۆڤان باستن(هۆلەند) بە لێدانی پێنج گۆڵ.

### ١٩٩٢ سوێد

یاری کۆتایی: دانمارک( ٢-٠) ئەڵمان

گۆڵکەری یارییەکان: برگ کەمپ (هۆلەند)، برولین(سوید)، هنریک لارسن (دانمارک)، ریدلە (ئەڵمان) بە لێدانی سێ گۆڵ.



### ١٩٩٦ ئینگلیز

یاری کۆتایی: ئەڵمان( ٢-١) کۆماری چیک.

گۆڵکەری یارییەکان: ئالین شیرێر(ئینگلیز)بە لێدانی پێنج گۆڵ.




### ٢٠٠٠ هۆلەند و بێلجیکا

یاری کۆتایی: فەڕەنسا (٢-١ ) ئیتالیا

گۆڵکەری یارییەکان: کلایورت (هۆلند)، میلوسۆویچ (یوگسلاڤی)بە لێدانی شەش گۆڵ.

فەڕەنسا پاڵەوانی ٢٠٠٠.

**۲۰۰٤ پۆرتۆغال**

یاری کۆتایی: یۆنان ( ۱- ۰ ) پۆرتۆغاڵ

گۆڵکەری یارییەکان: میلان باروش (کۆماری چیك) بە لێدانی پێنج گۆڵ.

یۆنان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بووە پاڵەوانی یۆرۆ ۲۰۰٤ لێرەدا کاپتێنی یونان جامی پاڵەوانی هەڵگرتووە.



**۲۰۰۸ نەمسا و سویسرا**

**یاری کۆتایی:** ئیسپانیا ( ۱ — ۰ ) ئەڵمان.



کاسیاس کاپتنی ئیسپانیا دوا کاپتنە کە جامی پاڵەوانی بەرز دەکاتەوە.



**جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا:**

جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا، مێژووی دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (۱۹۵۷) و بە پێچەوانەی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا، ئەم یارییانە دوو ساڵ جارێك لە یەکێك لە وڵاتانی ئەفریقی بەڕێوە دەچێ. تا ئێستا بیست و پێنج خولی یارییەکان بەڕێوە چووە و میسر بە پێنج جار پاڵەوانی لە سەرەوەی ریزبەندی دایە.

**ساڵی ۱۹۵۷**

پاڵەوان: میسر، گۆڵکەر: محەممەد دیاب ئەلعەتا (میسر) پێنج گۆڵ.

**ساڵی ۱۹۵۹**

پاڵەوان: میسر، گۆڵکەر: محەممەد جەوهەری (میسر) سێ گۆڵ.

**ساڵی ۱۹٦۲**

پاڵەوان: ئەتیوپی، گۆڵکەر: بەدەوی عەبدولفەتاح (میسر)، ورکۆ منگێستۆ (ئەتیوپی) سێ گۆڵ.

**ساڵی ۱۹٦۳**

پاڵەوان: غەنا، گۆڵکەر: حەسەن ئەلشازلی(میسر) شەش گۆڵ.

**ساڵی ۱۹٦٥**

پاڵەوان: غەنا، گۆڵکەر: بن ئەشیأمبونگ، ئۆسی کوفی (غەنا)، ئۆستاش مێگل(کەنارەکانی عاج) سێ گۆڵ.

### ساڵی ١٩٦٨

پاڵەوان: کونگۆی دیموکراتیك، گۆڵکەر: لۆران بۆکۆ (کنارەکانی عاج) شەش گۆڵ.

### ساڵی ١٩٧٠

پاڵەوان: سودان، گۆڵکەر: لۆران بۆکۆ (کنارەکانی عاج) هەشت گۆڵ.

### ساڵی ١٩٧٢

پاڵەوان: کونگۆی دیموکراتیك، گۆڵکەر: ڤانتامادی، سالیف کیتا (مالی) پێنج گۆڵ.

### ساڵی ١٩٧٤

پاڵەوان: نیجریە، گۆڵکەر: ندای مۆلامبای (زئیر) نۆ گۆڵ.

### ساڵی ١٩٧٦

پاڵەوان: مەغریب ، گۆڵکەر: علیوا کیتا (گینە) چوار گۆڵ.

### ساڵی ١٩٧٨

پاڵەوان: غەنا، گۆڵکەر: فیلیپ ئەمۆمۆدی (ئۆگاندا) چوار گۆڵ.

### ساڵی ١٩٨٠

پاڵەوان: نیجریە، گۆڵکەر: خالید ئەبیەز(مەغریب)، شیگون ئۆدجیامی(نیجریە) سێ گۆڵ.



### ساڵی ١٩٨٢

پاڵەوان: غەنا، گۆڵکەر: جورج ئەلحەسەن (غەنا) چوار گۆڵ.

### ساڵی ١٩٨٤

پاڵەوان: کامیرۆن، گۆڵکەر: تاهیر ئەبوزەید (میسر) چوار گۆڵ.

### ساڵی ١٩٨٦

پاڵەوان: میسر، گۆڵکەر: رۆژە میلا (کامیرۆن) چوار گۆڵ.

### ساڵی ١٩٨٨

پاڵەوان: کامیرۆن، گۆڵکەر: جەماڵ عەبدولحەمید(میسر)، رۆژە میلا(کامیرۆن)، عەبدوڵڵا تراوری (کنارەکانی عاج)، ئەلخەزەر بلومی (ئەلجەزایر) دوو گۆڵ.

### ساڵی ١٩٩٠

پاڵەوان: ئەلجەزایر، گولکەر: جەماڵ مناد(ئەلجەزایر) چوار گۆڵ.

### ساڵی ١٩٩٢

پاڵەوان: کەنارەکانی عاج ، گۆڵکەر: رەشیدی یەکینی(نیجریە) چوار گۆڵ.

### ساڵی ١٩٩٤

پاڵەوان: نیجریە ، گۆڵکەر: رەشیدی یەکینی (نیجریە) پێنج گۆڵ.

### ساڵی ١٩٩٦

پاڵەوان: ئەفریقیای باشوور، گۆڵکەر: کلوشا بوالیا(زامبیا) پێنج گۆڵ.

**ساڵی ٢٠٠٠**

پاڵەوان: کامیرۆن ، گۆڵکەر: شون بارتلیت (ئەفریقیای باشوور) پێنج گۆڵ.

**ساڵی ٢٠٠٢**

پاڵەوان: کامیرۆن ، گۆڵکەر: پاتریك مبومبا، سالۆمۆن(کامیرۆن)، جولیوس ئاگاهوا(نیجریە) سێ گۆڵ.

**ساڵی ٢٠٠٤**

پاڵەوان:تونس، گۆڵکەر: فریدریك کانۆتی(کامیرۆن)، پاتریك مبومبا(کامیرۆن)، یوسف ئەلموختاری (مەغریب)، ئۆکۆچا (نیجریە)، دۆس سانتوس(تونێس) چوار گۆڵ.

**ساڵی ٢٠٠٦**

پاڵەوان: میسر، گۆڵکەر: سامۆئێل ئێتۆئۆ(کامیرۆن) پێنج گۆڵ.

**ساڵی ٢٠٠٨**

پاڵەوان: ؟



**جامی نەتەوەکانی ئاسیا:**

جامی نەتەوەکانی ئاسیا بە نیسبەت جامەکانی دیکە مێژوویەکی کۆنتری هەیە. ئەم یارییانە ساڵی (١٩٥٦) یەکەم خولی بەڕێوە چووە و لەو کاتەوە تا ئێستا هەر چوار ساڵ جارێك لە یەکێك لە وڵاتانی ئاسیایی بەڕێوە دەچێ و لە سەریەك سێزدە خولی بەڕێوە چووە و ئێران، عەرەبستان و ژاپۆن هەر کامەیان سێ جار پاڵەوانییان وەدەستهێناوە.

**١٩٥٦ مێواندار: هونگ کونگ**

چوار وڵات لە قۆناغی کۆتاییدا بەشدارییان کرد و بە شێوەی گرووپی یارییەکانیان بەڕێوەبرد. کە لە ئاکامدا، کۆریای باشوور بەدوای سەرکەوتنی (٢- ١) لە بەرامبەر ئیسرائیل پلەی یەکەمی یەکەم خولی یارییەکانی وەدەستهێنا.

**١٩٦٠ مێواندار: هێند**

لەم خولەشدا چوار وڵات لە یارییە کۆتاییەکاندا بەشدارییان کردبوو، کۆریای باشوور بە دوای سەرکەوتنی (٣ — ٠) بەسەر ئیسرائیل بۆ دووهەم جار بەدوای یەك پلەی یەکەمی یارییەکانی وەدەستهێنا.

**١٩٦٤ مێواندار: ئیسرائیل**

بە بەشداری چوار وڵات لە یەك گرووپدا یارییەکان بەڕێوە چوون، کە لە ئاکامدا ئیسرائیل بەدوای سەرکەوتنی (٢ — ٠) بەسەر هیند پلەی یەکەمی وەدەستهێنا.

**١٩٦٨ مێواندار: ئێران**

پێنج وڵات لە قۆناغی کۆتاییدا بەشدار بوون، یارییەکان لە یەك گرووپ بەڕێوە چوون و لە ئاکامدا ئێران بە دوای سەرکەوتنی (٢ — ١) بەسەر ئیسرائیل بۆ یەکەم جار پلەی یەکەمی یارییەکانی وەدەستهێنا.

### ۱۹۷۲ مێواندار: تایلەند

بۆ یەکەم جار یارییەکان بە بەشداری شەش وڵات و لە دوو گرووپی سێ تیپی بەڕێوە چوون. ئێران لە یاری کۆتاییدا، (۲ — ۱) لە بەرامبەر کۆریای باشوور سەرکەوتنی وەدەستهێنا تا بۆ جاری دووهەم و بە دوای یەك پلەی یەکەم وەدەستبێنێ.

### ۱۹۷۶ مێواندار: ئێران

شەش وڵاتی بەشدار لە دوو گرووپی سێ تیپیدا، یارییەکانیان بەڕێوە برد لە یاری کۆتاییدا ئێران (۱ — ۰) سەرکەوتنی لە بەرامبەر کوێت بەدەستهێنا، تا وەکو بەهێزترین تیپی ئاسیا خۆی بناسێنێ.

### ۱۹۸۰ مێواندار: کوێت

لەم خولەدا دە وڵات بەشداری یارییەکانی کۆتاییان کردبوو. وڵاتانی بەشدار بە سەر دوو گرووپی پێنج تیپی دابەشکران و لە ئاکامی بەڕێوە چوونی یارییەکاندا، کوێت، کۆریای باشوور، ئێران و کۆریای باکوور گەیشتنە پێش کۆتایی و لەم قوناغەدا کوێت و کۆریای باشوور بۆ یاری کۆتایی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا. لە یاری کۆتاییدا کوێت سەرکەوتنی (۳ — ۰)ی وەدەستهێنا و بووە پاڵەوانی یارییەکان.

### ۱۹۸٤ مێواندار: سەنگاپوور

لەم خولەشدا یارییەکان لە دوو گرووپی پێنج تیپی بەڕێوە چوون. لە ئاکامدا چوار وڵاتی عەرەبستان، کوێت، ئێران و چین گەیشتنە پێش کۆتایی و لەم قۆناغەدا عەرەبستان و چین بۆ یاری کۆتایی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا و لە یاری کۆتاییدا عەرەبستان (۲ — ۰) سەرکەوتنی وەدەستهێناو بوو بە پاڵەوانی یارییەکان.



### ۱۹۸۸ مێواندار: قەتەر

هەر وەك خولی پێشوو دە وڵات بەشداریان کردبوو. یارییەکان لە دوو گرووپی پێنج تیپیدا بەڕێوە چوون. چوار وڵاتی عەرەبستان، کۆریای باشوور، ئێران و چین گەیشتنە پێش کۆتایی و لەم قۆناغەدا عەرەبستان و کۆریای باشوور بۆ یاری کۆتایی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا و لە یاری کۆتاییدا، عەرەبستان بە لێدانی پەناڵتی( ٤ — ۳) سەرکەوتنی وەدەستهێنا و بۆ جاری دووهەم بوو بە پاڵەوانی یارییەکان.

### ۱۹۹۲ مێواندار: ژاپۆن

لەم خولەدا بە پێچەوانەی خولی پێشوو، هەشت وڵات بەشدارییان کردبوو کە بەسەر دوو گرووپی چوارتیپی دابەشکران و لە ئاکامدا ژاپۆن، ئیمارات، عەرەبستان و چین گەیشتنە پێش کۆتایی و لەم قۆناغەشدا ژاپۆن و عەرەبستان بۆ یاری کۆتایی سەرکەوتنیان وەدوستهێنا. لە یاری کۆتاییدا ژاپۆن سەرکەوتنی (۱ — ۰) ی وەدەستهێناو بۆ یەکەم جار لە مێژووی یارییەکاندا پلەی یەکەمی وەدەستهێنا.

### ۱۹۹٦ مێواندار: ئیمارات

لەم خولەدا، دوازدە وڵات بەشداربوون کە بە سەر سێ گرووپی چوار تیپی دابەشکران. لە ئاکامی بەڕێوە چوونی یارییەکانی ئەم قۆناغەدا، هەشت وڵات بۆ قۆناغی دووهەم سەرکەوتنیان وەدەستهێنا و لەم قۆناغەشدا، چوار وڵاتی عەرەبستان، ئێران، ئیمارات و کوێت بۆ پێش کۆتایی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا و لە ئاکامدا، عەرەبستان و ئیمارات گەیشتنە یاری کۆتایی. لەم یارییەدا عەرەبستان بە لێدانی پەناڵتی (٤ — ۲) سەرکەوتنی وەدەستهێنا و بۆ جاری سێهەم پاڵەوانی یارییەکانی وەدەستهێنا.

## ۲۰۰۰ مێواندار: لوبنان

هەروەك خولی پێشوو دوازدە وڵات بەشداری قۆناغی کۆتایی یارییەکانیان کردبوو. یارییەکان لە سێ گرووپی چوار تیپی بەڕێوەچوون. هەشت وڵات بۆ قۆناغی دووهەم سەرکەوتنیان وەدەستهێنا، لە ئاکامی بەڕێوەچوونی یارییەکانی قۆناغی دووهەم ، ژاپۆن، عەرەبستان، کۆریای باشوور و چین گەیشتنە پێش کۆتایی و لەم قۆناغەدا ژاپۆن و عەرەبستان بۆ یاری کۆتایی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا. لە یاری کۆتاییدا ژاپۆن سەرکەوتنی (۱ — ۰)ی وەدەستهێنا و بۆ جاری دووهەم بوو بە پاڵەوانی یارییەکان.

## ۲۰۰٤ مێواندار: چین

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم یارییانەدا شازدە وڵات بەشدارییان کردبوو. یارییەکان لە چوار گرووپی چوار تیپیدا بەڕێوە چوون و لە ئاکامدا هەشت وڵات، واتە یەکەم و دووهەمی گرووپەکان گەیشتنە قۆناغی دووهەم. لە ئاکامی بەڕێوەچوونی یارییەکانی ئەم قۆناغەدا، ژاپۆن، چین، ئێران و بەحرێن گەیشتنە پێش کۆتایی و لەم قۆناغەشدا ژاپۆن و چین بۆ یاری کۆتایی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا و لە یاری کۆتاییدا ژاپۆن(۲ — ۱) سەرکەوتنی وەدەستهێنا تا بۆ جاری سێهەم پاڵەوانی ئەم یاریانە وەدەستبێنێ.





## ۲۰۰۷ مێواندار: بە شێوەی هاوبەش، تایلەند، مالێزی، ڤێتنام و ئەندونێزی:

بۆ یەکەم جار لە مێژووی یاریەکاندا، یارییەکان بە شێوەی هاوبەش لە چوار وڵاتی تایلەند، مالێزی، ئەندونێزی و ڤێتنام بەڕێوەچوون. هەروەك خولی پێشوو شازدە وڵاتی بەشدار بەسەر چوار گرووپی چوار تیپی دابەشکران و لە ئاکامی بەڕێوە چوونی یارییەکانی ئەم قۆناغەدا یەکەم و دووهەمی گرووپەکان بۆ قۆناغی دووهەم سەرکەوتنیان وەدەستهێنا. لەم قۆناغەشدا ژاپۆن، عێراق، عەرەبستان و کۆریای باشوور بۆ پێش کۆتایی سەرکەوتنیان وەدەستهێنا کە لە ئاکامی دوو یاری پێش کۆتایی عێراق و عەرەبستان بۆ یاری کۆتایی دیاریکران و لە یاری کۆتایی عێراق (۱—۰) سەرکەوتنی وەدەستهێناو بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، بۆ یەکەم جار پاڵەوانییەتی ئەم یارییانەی وەدەستهێنا.

پێویستە بگۆترێ لەبەر ئەوەی یارییەکان لەگەڵ یارییەکانی ئۆڵەمپیك تێکەڵاونەبن ساڵێك زووتر بەڕێوە چوون.

## ۲۰۱۱ ؟

## جامی یانەکانی ئەوروپا:

جامی یانەکانی ئەوروپا، یەکێك لە سەرنج ڕاکێشترین یارییەکانی فووتبۆڵ لە ئاستی جیهان دایە و یانەکانی ئەوروپایی بە کەڵك وەرگرتن لە باشترین یاریزانانی جیهان ئاستێکی زۆر بەهێز لە خۆیان نیشاندەدەن، تەنانەت ئاستی ئەم یارییانە لە یارییەکانی جامی جیهانی، نەتەوەکانی ئەوروپاو... هتد لە سەرترە. ئەم یارییانە کاتی بەڕێوەچوونی لە سەرتاسەری جیهان لە ڕێگای تەلەڤیزیۆنەوە بینەری هەیە و بە میلیارد کەس یارییەکان دەبینن. ئەم یارییانە ساڵی(١٩٥٦) یەکەم خولی بەڕێوە چووە و تا ئێستا (٥١) خولی بەڕێوە چووە و یانەی (ریال مەدرید)ی ئیسپانیا بە نۆ جار پاڵەوانی لە سەرەوەی ڕیزبەندی دایە.

| ساڵ | یاری کۆتایی |
|---|---|
| ١٩٥٦ | ریال مەدرید(ئیسپانیا) ٤- ٣ ڕێنس(فەڕەنسا) |
| ١٩٥٧ | ریال مەدرید(ئیسپانیا) ٢- ٠ فیورێنتینا(ئیتالیا) |
| ١٩٥٨ | ریال مەدرید(ئیسپانیا) ٣- ٢ ACمیلان(ئیتالیا) |
| ١٩٥٩ | ریال مەدرید(ئیسپانیا) ٢- ٠ ڕێنس(فەڕەنسا) |
| ١٩٦٠ | ریال مەدرید(ئیسپانیا) ٧- ٣ ئینتراخت فڕانکفورت (ئەڵمان) |
| ١٩٦١ | بنفیکا(پۆرتۆغاڵ) ٣- ٢ بەرشلۆنا(ئیسپانیا) |
| ١٩٦٢ | بنفیکا(پۆرتۆغاڵ) ٣-١ ریال مەدرید(ئیسپانیا) |
| ١٩٦٣ | ACمیلان (ئیتالیا) ٢-١ بنفیکا(پۆرتۆغاڵ) |
| ١٩٦٤ | ئینترمیلان (ئیتالیا) ٣-١ ریال مەدرید(ئیسپانیا) |
| ١٩٦٥ | ئینترمیلان (ئیتالیا) ١- ٠ بنفیکا(پۆرتۆغاڵ) |
| ١٩٦٦ | ریال مەدرید (ئیسپانیا ) ٢- ٠ پارتیزان بێلگراد(یوگسلاڤی) |
| ١٩٦٧ | سلتیك(ئیسکاتلەند) ٢-١ ئینترمیلان (ئیتالیا) |
| ١٩٦٨ | مەنچستریوونایتد(ئینگلیز) ٤-١ بنفیکا(پۆرتۆغاڵ) |
| ١٩٦٩ | ACمیلان (ئیتالیا) ٤-١ ئاژاکس(هۆلەند) |
| ١٩٧٠ | فەینورد(هۆلەند) ٢-١ سلتیك(ئیسکاتلەند) |
| ١٩٧١ | ئاژاکس (هۆلەند) ٢- ٠ پاناتیناکوس(یۆنان) |
| ١٩٧٢ | ئاژاکس (هۆلەند) ٢- ٠ ئینترمیلان(ئیتالیا) |
| ١٩٧٣ | ئاژاکس (هۆلەند) ١- ٠ یووڤێنتووس(ئیتالیا) |
| ١٩٧٤ | بایرن میونخ (ئەڵمان) ٤-١ ئەتلتیکو مەدرید(ئیسپانیا) |
| ١٩٧٥ | بایرن میونخ (ئەڵمان) ٢- ٠ لیدزیوونایتد(ئینگلیز) |
| ١٩٧٦ | بایرن میونخ (ئەڵمان) ١- ٠ سەنت ئاتین(فەڕەنسا) |
| ١٩٧٧ | لیڤەرپول(ئینگلیز) ٣- ١ منشن گلادباخ (ئەڵمان) |
| ١٩٧٨ | لیڤەرپول(ئینگلیز) ١- ٠ کلوب بروژ (بێلژیك) |
| ١٩٧٩ | ناتینگهام فارێست(ئینگلیز) ١- ٠ ماڵمۆ(سوید) |
| ١٩٨٠ | ناتینگهام فارێست(ئینگلیز) ١- ٠ هامبورگ(ئەڵمان) |
| ١٩٨١ | لیڤەرپول(ئینگلیز) ١- ٠ ریال مەدرید (ئسپانیا) |
| ١٩٨٢ | ئەستون ویلا(ئینگلیز) ١- ٠ بایرن میونخ (ئەڵمان) |
| ١٩٨٣ | هامبورگ(ئەڵمان) ١- ٠ یووڤێنتووس (ئیتالیا) |
| ١٩٨٤ | لیڤەرپول (ئینگلیز) ٤-٢ ڕۆم (ئیتالیا) |
| ١٩٨٥ | یووڤێنتووس (ئیتالیا) ١- ٠ لیڤەرپول (ئینگلیز) |
| ١٩٨٦ | ئێستۆوا بۆخارێست(ڕۆمانی) ٢- ٠ بەرشلۆنا(ئیسپانیا) |
| ١٩٨٧ | پۆرتۆ(پۆرتۆغاڵ) ٢-١ بایرن میونخ( ئەڵمان) |
| ١٩٨٨ | ئەیندهۆوێن(هۆلەند) ٦-٥ بنفیکا(پۆرتۆغاڵ) |
| ١٩٨٩ | AC میلان(ئیتالیا) ٤- ٠ ئێستۆوا بۆخارێست(ڕۆمانی) |
| ١٩٩٠ | AC میلان(ئیتالیا) ١- ٠ بنفیکا(پۆرتۆغاڵ) |
| ١٩٩١ | ڕێدستار(هۆلەند) ٥-٣ مارسەی (فەڕەنسا) |
| ١٩٩٢ | بەرشلۆنا(ئیسپانیا) ١- ٠ سامپدریا(ئیتالیا) |
| ١٩٩٣ | مارسەی (فەڕەنسا) ١ - ٠ AC میلان(ئیتالیا) |

١٩٩٤ AC میلان(ئیتالیا) ٤ - ٠ بەرشلۆنا(ئیسپانیا)

١٩٩٥ ئاژاکس(هۆلەند) ١- ٠ AC میلان(ئیتالیا)

١٩٩٦ یووڤێنتووس(ئیتالیا) ٤- ٢ ئاژاکس(هۆلەند)

١٩٩٧ بورسیادورتمۆند(ئەڵمان ) ٣-١ یووڤێنتووس(ئیتالیا)

١٩٩٨ ریال مەدرید(ئیسپانیا) ١- ٠ یووڤێنتووس (ئیتالیا)

١٩٩٩ مەنچستریوونایتێد (ئینگلیز) ٢ - ١ بایرن میونخ (ئەڵمان)

٢٠٠٠ ریال مەدرید(ئیسپانیا) ٣- ٠ ڤالێنسیا(ئیسپانیا)



ریال مەدرید پرشانازیترین یانەی ئەورووپا



| | |
|---|---|
| ٢٠٠١ | بایرن میونخ (ئەڵمان) ٥ - ٤ ڤالێنسیا(ئیسپانیا) بەلێدانی پێنالتی |
| ٢٠٠٢ | ریال مەدرید (ئیسپانیا) ٢-١ بایرلێویرکۆزێن (ئەڵمان) |
| ٢٠٠٣ | پۆرتۆ (پۆرتۆغاڵ) ٣ — ٠ موناکۆ(فەرەنسا) |
| ٢٠٠٤ | AC میلان (ئیتالیا) ٣ - ٢ یووڤێنتووس (ئیتالیا) |
| ٢٠٠٥ | لیڤەرپول (ئینگلیز ) ٦ - ٥ ACمیلان(ئیتالیا) بە لێدانی پەناڵتی |
| ٢٠٠٦ | بارشلۆنا(ئیسپانیا) ٢- ١ ئارسناڵ(ئینگلیز) |
| ٢٠٠٧ | AC میلان (ئیتالیا) ٢ — ١ لیڤەرپول(ئینگلیز) |
| ٢٠٠٨ | مەنچستریوونایتد (ئینگلیز) ١ — ١ چێلسی (ئینگلیز) بە لێدانی پێناڵتی مەنچستریوونایتد بردییەوە |

بەدوای ریال مەدرید یانەی ACمیلان ی ئیتالیا پرشانازیترین یانە بووە.



## باشترین یاریزانانی فووتبۆڵی جیهان

فیدراسیۆنی جیهانی فووتبۆڵ (فیفا) لە ساڵی(١٩٩١) دەستیکرد بە دیاری کردنی باشترین یاریزانانی فووتبۆڵ لە ئاستی جیهاندا و هەموو ساڵێك لە ڕێورەسمێکی بەشکۆ و گەورە، کە پێکهاتووە لە ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەکانی جیهان و کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئەم یارییە. هەڵبژاردنەکە لە ڕێگای دەنگدان و بە شێوەی نهێنی دەبێ. (ڕۆناڵدۆ) لە بەرازیل، (زێدان) لە فەرەنسا تا ئێستا هەر کامەیان سێ جار ئەم نازناوەیان پێ دراوە و لە سەرەوەی ڕیزبەندی دان.

| ساڵ | باشترین یاریزان | وڵات و یانە |
|---|---|---|
| ١٩٩١ | ماتیوس | ئەڵمان و ئینترمیلانی ئیتالیا |
| ١٩٩٢ | ماکوڤان باستن | هۆڵەند و AC میلانی ئیتالیا |
| ١٩٩٣ | دینو باگیۆ | ئیتالیا و یووڤینتووسی ئیتالیا |
| ١٩٩٤ | ڕۆماریۆ | بەرازیل و بەرشلۆنای ئیسپانیا |
| ١٩٩٥ | ژێرژ وێیا | لیبریا و AC میلانی ئیتالیا |
| ١٩٩٦ | ڕۆناڵدۆ | بەرازیل و بەرشلۆنای ئیسپانیا |
| ١٩٩٧ | ڕۆناڵدۆ | بەرازیل و ئینترمیلانی ئیتالیا |
| ١٩٩٨ | زەینەدین زێدان | فەرەنسا و یووڤینتووسی ئیتالیا |
| ١٩٩٩ | ریڤاڵدۆ | بەرازیل و بەرشلۆنای ئیسپانیا |
| ٢٠٠٠ | زەینەدین زێدان | فەرەنسا و ریال مەدریدی ئیسپانیا |
| ٢٠٠١ | لویس فیگۆ | پۆرتۆگاڵ و ریال مەدریدی ئیسپانیا |
| ٢٠٠٢ | ڕۆناڵدۆ | بەرازیل و ریال مەدریدی ئیسپانیا |
| ٢٠٠٣ | زەینەدین زێدان | فەرەنسا و ریال مەدریدی ئیسپانیا |
| ٢٠٠٤ | ڕۆناڵدینیۆ | بەرازیل و بەرشلونای ئیسپانیا |
| ٢٠٠٥ | ڕۆناڵدینیۆ | بەرازیل و بەرشلونای ئیسپانیا |
| ٢٠٠٦ | کاناڤارۆ | ئیتالیا و یووڤینتووسی ئیتالیا |



| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٠٧ | کاکا | بەرازیل و AC میلانی ئیتالی |
| ٢٠٠٨ | ؟ | |



ڕۆناڵدۆ سێ جار بووەتە باشترین یاریزانی جیهان



زێدان هەروەك ڕۆناڵدۆ بە سێ جار بووەتە باشترین یاریزانی جیهان

## وەرزشی ژنان:



بەداخەوە بەو شێوەیە کە وەرزش لە نێو پیاواندا جێی کردووەتەوە لە نێو ژنان و کچاندا، ئەو ڕێژەیە زۆر کەمترە و بەشێك لە ژنان و کچان لە وەرزش کردن بێبەش دەکرێن، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەر چەند هۆکار، ئەو هۆکارانەش لە نێو وڵاتانی جیهاندا جیاوازن. دیارە لە کاتی دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆڵەمپیك تا گەیشتووەتە ئێرە ڕێژەی بەشداری ژنان لە یارییەکانی ئۆڵەمپیك زۆرتر بووە، بەو حاڵەش ئەم ڕێژەیە لە بەرامبەر بەشداری پیاواندا کەمترە و دەبێ کارێك بکرێ تا ژنانیش بەبێ هیچ گرفتێك وەرزش بکەن و لێهاتوویی خۆیان لە یارییە وەرزشییەکان نیشانبدەن.

زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بەپێی فەرهەنگی وڵاتەکەیان و هێندێك جار شوێنەواری دینی و ئایینی لە نێو کۆمەڵگادا، پێشگیری لە وەرزشی ژنان و تەنانەت بەشداریکردنی ژنان لە نێو یاریگاکان دەکەن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و ئەفریقی بکەین. لەم وڵاتانەدا بە پێی فەرهەنگی دواکەوتوو و هەروەها زاڵبوونی ئاین بە سەر وڵاتەکەیاندا، بەشێکی زۆر لە یارییە وەرزشییەکان قەدەغەکران و یارییەکانیانی دیکەش بەو شێوەیە کە پێویستە پشتگیری ناکرێن و ئیمکاناتی پێویستیان بۆ تەرخان ناکرێ هەر بۆیە ئاستی وەرزشی ژنان لەو وڵاتانەدا لە چاو پیاواندا زۆر لاوازە.





ئەگەر ئاورێك لە مێژوو بدەینەوە، دەبینین ژنان لە چەندین قۆناغدا، هەر وەکو پیاوان یارییان کردووەو سەرکەوتنیشیان وەدەستهێناوە. بە پێی هێندێك سەرچاوەی مێژوویی لە سەردەمی ڕۆمی باستان (کۆن) ژنان یاری ئەسپ سواری و مەلەیان کردووە. لە ئاسیادا چەند وێنەیەك کە تایبەتە بەسەدەکانی دە و دوازدە دۆزراوەتەوە، تێدا ژنان سەرقاڵی یاری کردنن. لە سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست و ڕێنیسانسدا ژنان لە ئەوروپا هەر وەك پیاوان وازیان لە وەرزش کردن هێناوە. بەلاّم لە سەدەکانی دواتر دیسان روو دەکەنەوە یاری و تا کۆتایی سەدەی نۆزدە ژنان بە پێکهێنانی یانەی تایبەتی زۆرتر تێکەلاّوی وەرزش و یاری دەبن. دیارە لە یەکەم خولی یارییەکانی ئۆلّەمپیك (١٨٩٦) بەبێ بەشداری ژنان یارییەکان بەڕێوە چوون. (بارون پییر دۆکۆبرتن ) وەرێخەری یارییەکانی ئۆلّەمپیکی نوێ، لەو بروایەدا بوو یارییەکان بە شێوەی سوننەتی(کۆن) و تەنیا بە بەشداری پیاوان بەڕێوە بچێ. بەشداری پێ نەکردنی ژنان لە یارییەکانی ئۆلّەمپیك لە لایەن کوبرتن، ئەوانی نائۆمێد نەکردو لە خولی دواتری ئۆلّەمپیك (١٩٠٠) ژنان توانییان لە یارییەکانی تێنس و گۆلّف بەشداری بکەن و لە خولەکانی دواتریش ئەم ڕێژەیە زۆرتریش بوو.

## ڕێژەی بەشداری ژنان لە یارییەکان
## ئۆڵەمپیکی هاوینی و زستانی: ئۆڵەمپیکی هاوینی

| ساڵ | تەواوی یارییەکان | یاری بۆ ژنان | ڕێژەی بەشداری ژنان |
|---|---|---|---|
| ١٩٠٠ | ٨٦ یاری | ٣ یاری | ٣/٥٪ |
| ١٩٠٠٤ | ٨٩ یاری | ٣ یاری | ٣/٣٪ |
| ١٩٠٨ | ١٠٧ یاری | ٣ یاری | ٢/٨٪ |
| ١٩١٢ | ١٠٢ یاری | ٦ یاری | ٥/٩٪ |
| ١٩٢٠ | ١٥٢ یاری | ٦ یاری | ٣/٩٪ |
| ١٩٢٤ | ١٢٦ یاری | ١١ یاری | ٨/٧٣٪ |
| ١٩٢٨ | ١٠٩ یاری | ١٤ یاری | ١٢/٨٤٪ |
| ١٩٣٢ | ١١٧ یاری | ١٤ یاری | ١١/٩٦٪ |
| ١٩٣٦ | ١٢٩ یاری | ١٥ یاری | ١١/٦٢٪ |
| ١٩٤٨ | ١٣٦ یاری | ١٩ یاری | ١٣/٩٧٪ |
| ١٩٥٢ | ١٤٩ یاری | ٢٥ یاری | ١٦/٧٧٪ |
| ١٩٥٦ | ١٥١ یاری | ٢٦ یاری | ١٧/٢١٪ |
| ١٩٦٠ | ١٥٠ یاری | ٢٩ یاری | ١٩/٣٣٪ |
| ١٩٦٤ | ١٦٣ یاری | ٣٣ یاری | ٢٠/٢٤٪ |
| ١٩٦٨ | ١٧٢ یاری | ٣٩ یاری | ٢٢/٦٧٪ |
| ١٩٧٢ | ١٩٥ یاری | ٤٣ یاری | ٢٢/٠٥٪ |
| ١٩٧٦ | ١٩٨ یاری | ٥٠ یاری | ٢٤/٦٣٪ |
| ١٩٨٠ | ٢٠٣ یاری | ٤٩ یاری | ٢٤/٧٤٪ |
| ١٩٨٤ | ٢٢١ یاری | ٥٢ یاری | ٢٨/٠٥٪ |
| ١٩٨٨ | ٢٣٧ یاری | ٨٦ یاری | ٣٦/٢٨٪ |
| ١٩٩٢ | ٢٥٧ یاری | ٩٧ یاری | ٢٨/١٣٪ |
| ١٩٩٦ | ٢٧١ یاری | ١٠٨ یاری | ٣٩/٨٥٪ |



یارییەکانی ئۆڵەمپیکی زستانی:

| ساڵ | تەواوی یارییەکان | یاری بۆ ژنان | ڕێژەی بەشداری ژنان |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٤ | ١٦ یاری | ٢ یاری | ١٢/٥٪ |
| ١٩٢٨ | ١٤ یاری | ٢ یاری | ١٤/٢٨٪ |
| ١٩٣٢ | ١٤ یاری | ٢ یاری | ١٤/٢٨٪ |
| ١٩٣٦ | ١٧ یاری | ٣ یاری | ١٧/٦٤٪ |
| ١٩٤٨ | ٢٢ یاری | ٥ یاری | ٢٢/٧٢٪ |
| ١٩٥٢ | ٢٢ یاری | ٦ یاری | ٢٧/٢٧٪ |
| ١٩٥٦ | ٢٤ یاری | ٧ یاری | ٢٩/١٦٪ |
| ١٩٦٠ | ٢٧ یاری | ١١ یاری | ٤٠/٧٤٪ |
| ١٩٦٤ | ٣٤ یاری | ١٣ یاری | ٣٨/٢٣٪ |
| ١٩٦٨ | ٣٥ یاری | ١٣ یاری | ٣٧/١٤٪ |
| ١٩٧٢ | ٣٥ یاری | ١٣ یاری | ٣٧/١٤٪ |
| ١٩٧٦ | ٣٧ یاری | ١٤ یاری | ٣٧/٨٣٪ |
| ١٩٨٠ | ٣٨ یاری | ١٤ یاری | ٣٦/٨٤٪ |
| ١٩٨٤ | ٣٩ یاری | ١٥ یاری | ٣٨/٨٤٪ |
| ١٩٨٨ | ٤٦ یاری | ١٨ یاری | ٣٩/١٣٪ |
| ١٩٩٢ | ٥٧ یاری | ٢٥ یاری | ٤٣/٨٦٪ |
| ١٩٩٤ | ٦١ یاری | ٢٧ یاری | ٤٤/٢٦٪ |
| ١٩٩٨ | ٦٨ یاری | ٣١ یاری | ٤٥/٥٨٪ |

له سالی(١٩٩٤)، كۆنگرەی سەدەی ئۆڵەمپیك، بە ناوی كۆنگرەی یەكگرتن لە پاریس بەڕێوە چوو. یەكێك لە بابەتەكانی ئەم كۆنگرەیە نەقشی ژنان و بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك بوو. بە پێی راپۆرتی كۆتایی ئەم كۆنگرەیە كۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەم بڕیارانەی دەركرد:

* ژنان هاندەدا تا روو لە وەرزش بكەن و خۆیان لە رێكخراوە وەرزشییەكان ناونووسی بكەن.

* لە فیدراسیۆنە نەتەوەییەكان، فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەكان، كۆمیتەكانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك و رێكخراوەكانی دیكەی نەتەوەیی داوا دەكا، تا ژنان لە لیژنەكانی بەڕێوەبەری وەرزشی تێكۆشانیان هەبێ، تا لە بەرەو پێش چوونی وەرزش و بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك خۆیان بنوێنن.

* بە كۆمیتەكانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك راسپێردراوە تا (٣١)ی دیسامبری(٢٠٠٠) لانی كەم (١٠٪)ی بەرپرسایەتییەكان بە ژنان بدرێ و تا سالی (٢٠٠٥) ئەو رێژەیە بگاتە(٢٩٪).

* بە فیدراسیۆنەكانی نێونەتەوەیی و باقی لیژنەكانی سەر بە بزووتنەوەی ئۆڵەمپیك راسپێردراوە تا رێكەوتی (٣١)ی دیسەمبەر (٢٠٠٠) لانیكەم (١٠٪)ی بەرپرسایەتییە بەڕێوەبەرییەكان بە ژنان بدرێ و تا سالی (٢٠٠٥) ئەم رێژەیە دەبێ بگاتە (٢٠٪).

* بە فیدراسیۆنە نێونەتەوەییەكان راسپێردراوە تا راهێنەر و بەڕێوەبەرانی ژن پەروەردە بكەن.

* كۆمیتەكانی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك هاندەدا تا بۆ بەرەوپێش بردن، بەشداری ژنان لە وەرزش و كاروباری بەڕێوەبەری و فەننی بەرنامەیان هەبێ.

* داوا لە ولاتانی جیهان دەكا، لە بیروڕای جۆرا و جۆر بۆ بەرەوپێش بردنی یاریزانانی ژن كەلك وەرگرن.



## یارییە نوێیەكانی وەرزشی ژنان لە یارییەكانی ئۆڵەمپیك:

هەروەك باسكرا لە یەكەم خولی یارییەكانی ئۆڵەمپیك ژنان بەشدارییان نەكردبوو، بەلام دواتر ژنان لەم یارییانەدا بەشدارییان كرد و لە هەر خولێكدا هەم رێژەی بەشداری ژنان زۆرتر دەبوو و هەم ئەو یارییانەی كە بۆ ژنان تەرخانكرابوو زۆرتر بوون. لێرەدا ئاماژە بەو یارییانە دەكەین كە لە خولەكانی ئۆڵەمپیك بۆ وەرزشی ژنان زیاد كران.

١٩٠٠ تێنس - گۆڵف
١٩٠٤ تیرهاوێژی بە كەوان
١٩٠٨ تێنس – ئێسكێت
١٩١٢ مەلەكردن
١٩٢٤ یاری شمشێر
١٩٢٨ هەلاتن وگۆڕەپان – ژمناستیكی تیمی
١٩٣٦ ئیسكی تێكەلاو
١٩٤٨ لێخورینی بەلەم بە پارۆ
١٩٥٢ ئەسپ سواری – ئیسكی درێژماوە
١٩٥٦ ئیسكی خێرا
١٩٦٤ ڤولیبۆل – لێخورینی لۆژ
١٩٧٢ تیرهاوێژی بە كەوان
١٩٧٦ لێخورینی بەلەم – بەسكێتبۆل – هەندبۆل
١٩٨٠ هۆكی
١٩٨٤ تیرهاوێژی – لێخورینی پاسكل
١٩٨٨ تێنس – پینگ پۆنگ –لێخورینی بەلەم بە هەوا
١٩٩٢ بەدمینتون – جۆدۆ – یاری دوانە
١٩٩٦ فوتبۆل – سافتبۆل – ڤولیبۆلی نێو لێم- لێخورینی پاسكل لە كوێستان
١٩٩٨ ئیسكی مارپێچ – هۆكی سەر سەهۆل
٢٠٠٠ لێخۆرینی پاسكل – یاری پێنجگانە –تێكواندۆ – ترامپولین –یاری سێگانە واترپلۆ – كێش هەلگری.

## دۆپینگ:




کەڵك وەرگرتن لە ماددەی وزەبەخش لە لایەن یاریزانان و ئەو دەرمانانەی کە لە لایەن کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك (IOC) بەکارهێنانی قەدەغەکراوە " دۆپینگ " دەڵێن. ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی و نەتەوەیی وەرزش دۆپینگ یان قەدەغە کردووە. کەسانێکیش یاریزانان هان بدەن یا یارمەتییان بکەن، کاریان بێ ئەخلاقییە و هەروەك ئەو یاریزانانەی کە دۆپینگیان کردووە سزا دەدرێن.

دۆپینگ (کەڵك وەرگرتن لە ماددەی وزە بەخش) قەدەغەیە، لەبەر ئەوەی تام و چێژی وەرزش و بناغە ئەخلاقییەکانی و ئەو ململانییە ساغ و دروستەی کە لە نێو وەرزشدا هەیە بەرەو لارێ دەبا. هەروەها دۆپینگ بۆیە قەدەغەکراوە تا یاریزانان بیری سەرکەوتنی غەیری ئەخلاقی (نابەرابەر)کە لەوانەیە بۆ کەڵك وەرگرتن لەو ماددەیە وەدەستی دێنێ نەکاتەوە. دیارە شوێنەواری کەڵك وەرگرتن لە ماددەی وزەبەخش لە سەر لەش، یاریزان تووشی نەخۆشی و ڕووداوی ناخۆش دەکا و لەو بوارەدا وێنەیەکی یەکجار زۆر هەیە.



بە پێی هێندێك سەرچاوە لە سەدەی نۆزدە، چەند یاریزانێك بە کارێکی ناجوانمێرانە ماددەیەکی بێهۆشکەر بە ناوی (لودانوم) (Laudannm)یان ڕشتووەتە نێو ئاوی خواردنەوەی یاریزانانی بەرامبەریان تا لە کاتی یاریدا تووشی لاوازی ببن. بە بەرەو پێش چوونی زانستی پزیشکی لەم دوایانەدا، ئەم کارە بە پێچەوانە بەڕێوە دەچێ. بەو شێوەیە هەندێك یاریزان بۆ بەهێزکردنی خۆیان لە کاتی یارییەکاندا ماددەی وزەبەخش بەکاردێنێن.

## کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئۆڵەمپیك دژی دۆپینگ:

ئەم کۆمیتەیە یەکەم ڕێکخراوی وەرزشی دژ بە دۆپینگ لە جیهانە ساڵی(١٩٦٧) دەستی بە کار کردووە و کۆمیسیۆنێکی پزیشکی پێکهێناوە. (IOC)، ئەم کارەی بە هاوکاری یەکیەتیی نێونەتەوەیی لێخورینی پاسکڵ (UCI) بەڕێوە بردووە. مەبەست لە پێکهێنانی ئەم کۆمیسیۆنە، کۆنترۆڵی پزیشکی یاریزانان لە کاتی بەڕێوە چوونی یارییەکانی (١٩٦٨) بوو. هەروەها (IOC) دەیهەویست تا بە دامزراندنی ئەم کومیسیۆنە لە (IOC) دیاردەی دۆپینگ و کۆنترۆڵی دۆپینگ و مەسەلە پێوەندیدارەکانی دیکە کۆنترۆڵ بکا تا ئاکامی لێکۆلینەوەکان بخرێتە بەردەم یاریزانان و وڵاتانی پێشکەوتووی وەرزشی.

**کۆمیسیۆنی پزیشکی (IOC) چوار کۆمیسیۆنی بچووکتری هەیە کە پێکهاتوون لە:**

* کۆمیسیۆنی دۆپینگ و بیۆشیمی و وەرزش.
* کۆمیسیۆنی بیۆمکانیك و فیزیۆلۆژی وەرزش.
* کۆمیسیۆنی پزیشکی وەرزش و هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمیتەی نەتەوەیی ئۆڵەمپیك.
* کۆمیسیۆنی تاقیکاری دەرەوەی وەرزی یارییەکان.

بە تەواوی ئەو بەرنامەرێژییە کە بۆ کونترۆڵی دۆپینگ دەکرێ بەو حاڵەش بەشێکی زۆر لە یاریزانان دەیانەوێ لە رێگای دۆپینگەوە نازناو وەدەستبێنێن. بۆ وێنە لە ئۆڵەمپیکی (١٩٨٨)ی سیئول (بێن جانسون)ی کانادایی لە راکردن (١٠٠)مەتر ریکۆردی جیهان و ئۆڵەمپیکی بەزاند، بەڵام لە تاقیکارییەکانی پزیشکی دەرکەوت مادەی وزەبەخشی بە کار هێناوە. هەر بۆیە تەواوی نازناوەکانی لێ وەرگیراوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە یاریکردن و بەشداری لە یارییە وەرزشییەکان بێبەش کرا. بە دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە جانسون گەڕایەوە نێو گۆڕەپان، بەڵام ئاستی وەرزشییەکەی زۆر لە خوارێ بوو. لەم سەردەمەدا، دوپینگ بووەتە گرفت بۆ تەواوی یارییەکان و زۆر زەحمەتە ئەو مەسەلەیە لە لایەن کۆمیسیۆنی خەبات دژی دۆپینگ کونترۆڵ بکرێ.

# ئەلبوومی مێژوو



دیمەنێك لە یارییەكانی ئۆڵەمپیكی ١٨٩٦



كرانەوەی یارییەكانی ١٩٣٢






ئەڵمان پاڵەوانی یورو ١٩٧٢




رود گۆلیت كاپتێنی هەڵبژاردەی
هۆڵەندا لە یورو ١٩٨٨، لێرەدا گولیت
جامی پاڵەوانی بەرز كردووەتەوە



دوو وێنە لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی ١٩٧٦ی مۆنتریال







دوودیمەن لە یارییەکانی ئۆڵەمپیکی ١٩٨٨ی سیئول





دوو دیمەن لە یارییەکا








دیمەنێك لە یارییەکانی ڤۆلیبولی
ئۆلەمپیکی ١٩٩٦ی ئاتلانتا



نەعیم سلێمانۆف لە سێ خولی
ئۆلەمپیکدا، بووەتە پاڵەوانی کێش هەڵگری




ملوانکەی ئۆلەمپیکی ١٩٨٠




ملوانکەی ئۆلەمپیکی ١٨٩٦



ملوانکەی ئۆلەمپیکی ١٩٩٦



ملوانکەی ئۆلەمپیکی ١٩٩٢



ملوانکەی ئۆلەمپیکی زستانی ٢٠٠٢



ملوانکەی ئۆلەمپیکی ٢٠٠٠





ملوانکەی ئۆلەمپیکی ٢٠٠٤

---

**سەرچاوەکان:**


راهنمای مدیریت ورزشی ، دوکتور راجێر جەکسۆن و دوکتور ریچارد قالمێر

اطلاعات عمومی جوانان.

دنیای ورزشی ویژه نامه باشگاهای اوروپا.

دنیای ورزشی ویژەنامه جام ملتهای اسیا.

سایتی ئۆلەمپیکی کۆن. www . Olympics . tufts . e سایتی

ئۆلەمپیکی (٢٠٠٤)ی ئاتێن. www . Athens2004 . orسایتی IBMی

ئۆلەمپیک. www . Olympic . comسایتی ئۆلەلمپیکی (٢٠٠٠)

سیدنی. www . sydney . olympic . orمێژووی جامی جیهانی فوتبۆڵ، مەهدی

بەدری .

گۆڤاری ماراتۆن ژمارە ١.

گۆڤاری ماراتۆن ژمارە ١٧.